زانکۆی سلێمانی
ناوەندی کوردستان
بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی
-٢-

هەولێر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا

(سەدەکانی ١٨-١٩)

ئاشتی ڕەحمان بەکر

٢٠١٩ زایینی ٢٧١٩ کوردی

زانکۆی سلێمانی
ناوەندی کوردستان
بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی
-٢-

هەولێر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا
(سەدەکانی ١٨-١٩)

هەوڵێر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا
(سەدەکانی ١٨-١٩)

ئاشتی ڕەحمان بەکر

نامەی بەدەستهێنانی ماستەر
زانکۆی سوتچو ئیمام (SÜTÇÜ İMAM)
مەراش - ٢٠١٥

٢٠١٩ زایینی ٢٧١٩ کوردی

٩٥٦,٧١٢
أ٢٥٣ ئاشتی ڕەحمان بەکر
هەولێر لەسەردەمی عوسمانییەکان (سەدەکانی ١٨-١٩)/ نوسینی ئاشتی ڕەحمان بەکر.
سلێمانی: ناوەندی کورستان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.
١٥٦ل: ٢١*١٤سم.
ISBN: ٩٧٨-٩٩٢٢-٩٢٣٠-١-٧
١.هەولێر-مێژوو ٢.بارودۆخی سیاسی ٣.ناونیشان

- **ناوی کتێب: هەولێر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا (سەدەکانی ١٨-١٩)**
- **نووسین: ئاشتی ڕەحمان بەکر**
- **دەزگای چاپ: ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە زانکۆی سلێمانی**
- **بابەت: مێژووی هاوچەرخی کورد**
- **سەرپەرشتیاری پڕۆژە: د. هەردی مەهدی میکە**
- **هەڵەگر: باخان ئەحمەد**
- **دیزاین: ئارام عوسمان**
- **نۆبەتی چاپ: یەکەم چاپ**
- **شوێنی چاپ:چاپخانەی ناوەندی سارا- سلێمانی- هەرێمی کوردستان**
- **ژمارەی نێودەوڵەتیISBN: 978-9922-9230-1-7**

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی(١٨٤٢) ی ساڵی ٢٠١٩ی پێ دراوە.

مافی لە چاپدانی پارێزراوە®

ئامانج

لەگەڵ ئەوەی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و دۆخی کۆمەڵگەی کوردستان پڕ لە ڕووداو و وێستگەی کاریگەر و یەکلاکەرەوە بووە لە دیاریکردنی ئاڕاستە و چارەنووسی بزاوت و کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەڵام خاوەنی گێڕانەوەیەکی تایبەتی پێویست بە مێژوو و کۆمەڵگەی کوردستانی نییە کە هاوکار بێت بۆ ناساندنی شوناسێکی نیشتمانیی گشتگیر، هەنووکە هەژموونی مێژوو و گێڕانەوەکانی دراوسێ سەردەستەکان و ڕۆژهەڵاتناسان بەسەر ئاڕاستەی ئەرشیف و مێژووی کوردستاندا لە لایەکەوە و ناوچەگەریتی و لاسەنگی لە گێڕانەوەی ناوخۆییدا زاڵە کە بە تێڕوانین و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و دەسەڵاتخوازی و هەرێمایەتیی خۆیان دەیانەوێ ئاڕاستەی ڕووداو و مێژووی کوردستان بگێڕنەوە و گێڕاویانەتەوە یان بە دیوی ناوخۆییدا ناوچەیی و لاگیرانە گێڕدراوەتەوە.

ئەڵبەت ئەزموونی وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا و عێراق لە ئەرشیف و بەڵگەنامەسازی و گێڕانەوەی مێژوویی خۆیاندا چەندان هەنگاو لەپێش کوردستانەوە بوون و ئەم پرۆسەیەشیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردووەوە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە و دروستکردنی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێزدا بووە، ئەم ئەرشیفەی ئەوان خزمەتێکی بەهێزی بە پرۆسەی شوناسسازی و لکاندنی نەتەوەکانی دیکە بە خۆیانەوە لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی توێژینەوەکانیان لە ڕێی بنەڕەتی ئەرشیف و بەڵگەنامە و مێژووی گێڕدراوەی زارەکیی خۆیانەوە کردووە و بە ویستی دەوڵەت-نەتەوەیی و ناوەندگەریتیی وان نووسراوەتەوە.

ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە زانکۆی سلێمانی، لە پێناو بەشداریکردن لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدا کە لە نووسینەوەی مێژووی کوردستاندا هەیە، لەتەنیشت هەوڵەکانی دیکەی دەزگا ئەرشیفی و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستاندا؛ لە بەرنامەیدایە ساڵانە چەندین کتێب و بڵاوکراوە وەک یەکێک لە ئەرکەکانی، بڵاو بکاتەوە. بۆ ئەمساڵ چەند کتێبی بە هەرسێ زمانی: کوردی، عەرەبی و فارسی لە بوارەکانی بەڵگەنامە، ئەرشیف، مێژووی سیاسی، کەسایەتی، ڕووداو و مێژووی ناوچەیی کوردستانی بۆ ئامادە کردوون و لەم پڕۆژە زنجیرەییدا بە پاکێجێک دەخاتە بەر دیدی خوێنەران. هەوڵ دراوە هەمەچەشنییەک لە کتێبەکاندا هەبێت لە ڕووی مێژووی بەڵگەنامەیی، زارەکی و گێڕانەوە، مێژووی ناوچەیی زیاتر لە ناوچەیەکی کوردستان. لە ڕووی زمانیشەوە بە ئامانجی ئەوە کتێبی فارسی و عەرەبیی

تێدا چاپ کرا، تا بەشداریيەکی زیاتر لە سەرچاوە و سەرچاوەی بەدیل بۆ تـوێژەران و خوێنەرانی عەرەب و فارس دابین بکەین و گێڕانەوەی جگە لە گێڕانەوەی خۆیان زیـاد بکرێت. ئەنجوومەنی زانستی ناوەندی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی کتێبەکان؛ دیدگایەکی نیشتمانیانە و فرەلایەنانەی ڕەچاو کرد تا سەرجەمیان پێکهێنەرێکـی تـری شوناسسـازی کوردستان بن و بەشێک بن لە هەوڵەکانی دیکەی ئەو بـوارە، هەر لەو ڕوانگەیەشـەوە ناوی "کوردنامە" بۆ کۆی زنجیرەکە پەسەند کرا.

جێگەی خۆیەتی سوپاسی تایبەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تـوێژینەوەی زانسـتی و زانکـۆی سـلێمانی، بەتـایبەت هەردوو بەڕێـزان بەڕێـز د. یوسـف گـۆران (وەزیـری پێشووی خوێندنی باڵا) و و بەڕێز پ. ی. د. ڕەزا حەسەن (سەرۆکی زانکۆ) بکرێت، کە دەرکی پڕۆژەکەیان کردین و هەمیشە خەمخـۆر و پشـتیوانی دامەزرانـدنی ناوەنـدەکە بوون، بێ ئەوان کارێکی ئاسان نەبوو.

د. هەردی مەهدی میکە
بەڕێوەبەری ناوەندی کوردستان/زانکۆی سلێمانی

هەوڵنامەی کتێب

کورتکراوەکان:

A.DVN.	Sadaret Divan Kalemi	سەدارەت، دیوانی قەڵەم
A.E.III. OSMAN.	Ali Emiri Tasnifi III. Osman	پۆلێنکردنی میری عەلی. عوسمانی سێیەم
A.E.III.AHMED.	Ali Emiri Tasnifi III. Ahmed	پۆلێنکردنی میری عەلی. ئەحمەدی سێیەم
A.E.III.MUSTAFA.	Ali Emiri III. Mustafa	پۆلێنکردنی میری عەلی. مستەفا سێیەم
A.E.I. ABDÜLHAMİD.	Ali Emiri Tasnifi I. Abdülhamid	پۆلێنکردنی میری عەلی. عەبدولحەمیدی یەکەم
A.MKT.	Sadaret Mektubi Kalemi	سەدارەت، قەڵەمی نامە
A.MKT.MHM.	Sadaret Mektubi Kalemi Mühimme	سەدارەت، قەڵەمی تۆمارکردنی تایبەت
A.MKT.MİTM.	B.E.O. Sadaret Evrakı	بەڕێوەبەرایەتیی ئەرشیفی عوسمانی، کاغەزەکانی سەدارەت
A.MKT.MVL.	Sadaret Mektubi Kalemi Meclis-i Vala	سەدارەت، قەڵەمی

هەوڵنامەی کتێب

		تۆمـــــــارکردنی ئەنجوومەنی والّا
A.MKT.NZD.	Sadaret Mektubi Kalemi Nezaret Ve Devair	ســـــــەدارەت، قەڵەمـــــــی تۆمـــــــارکردنی نەزارەت و فەرمانگەکان
A.MKT.UM	Sadaret Mektubi Kalemi Umum Vilayet	ســـــــەدارەت، قەڵەمـــــــی تۆمارکردنی گشت ویلایەت
C.	Cild	جلد
C.AS.	Cevdet Tasnifi Askeriye	جەودەت، پـــــــۆلێنکردنی سەربازی
C.NF.	Cevdet Nafia	جەودەت، نافیعە
C.T.	Cevdet Timar	جەودەت، تیمار
C.EV.	Cevdet Evkaf	جەودەت، ئەوقاف
Çev.	Çeviren	وەرگێڕان
DH. TMIK. M.	Dâhiliye Nezareti Tesr-i Muamelat Ve Islahat Komisyonu	نەزارەتی نـــاوخۆ، کۆمســـــــیۆنی پەلەکـــــردن لە مامەڵەکـــــان و چاکسازی
DH.MKT.	Dâhiliye Nezareti Mektubi Kalemi	نەزارەتی نـــاوخۆ، قەڵەمـــــــی تۆمارکردن
DH.ŞFR.	Dâhiliye Nezareti	نەزارەتی نـــاوخۆ،

	Şifre Kalemi	قەڵەمی شیفرە
HR.MKT.	Hariciye Nezareti Mektubi Kalemi Evrakı	نەزارەتی دەرەوە، کاغەزەکانی قەڵەمی تۆمارکردن
İ.DH.	İrade Dâhiliye	فەرمانی ناوخۆ
İ.ML.	İrade Maliye	فەرمانی دارایی
İ.MMS.	İrade Meclis-İ Mahsus	فەرمانی ئەنجوومەنی تایبەتی
İ.TAL.	İrade Taltifat	فەرمانی دیاری
İE.EV.	İbnulemin Tasnifi Evkaf (Vakıf)	کۆپی ئەمین، پۆلێنکردنی ئەوقاف
MF.MKT.	Maarif Mektubi Kalemi	مەعاریف، قەڵەمی تۆمارکردن
MVL.	Meclisi Vala	ئەنجوومەنی والا
s.	Sayfa	لاپەڕە
ss.	Sayfa Sayısı	ژمارەی لاپەڕە
Ş.D.	Şura-yı Devlet Evrak	کاغەزی شووڕای دەوڵەت
Y.PRK.ASK.	Yıldız Tasnifi Perakende Evrakı Askeri Maruzat	یلدز، پۆلێنکردنی کاغەزەکانی سەربازی پێشکەشکراو
Y.PRK.DH.	Evrakı Dâhiliye Nezareti Maruzatı	کاغەزی ناوخۆ، نەزارەتی پێشکەشکراوەکان

Y.PRK.SH.	Yıldız Tasnifi Perakende Evrakı Sıhhıye Nezareti Maruzatı	یلّدز،
Y.PRK.UM.	Evrakı Umum Vilayetler Tahriratı	کـاغەزی گشـتیی تۆمـــــــــاری ویلایەتەکان
Yay.	Yayıncılık	بڵاوکردنەوە
ص	صفحه	لاپەڕە
لا	لاپەرە	لاپەڕە

هەوالّنامەی کتێب

ناوەرۆك لاپەڕە

پوختە..... ١٤
پێشەکی..... ١٦
1. چاوتێڕوانینێکی گشتی لە مێژووی هەولێر..... ١٨
1.1. ناوی هەولێر..... ١٨
1.2. هەولێر لە رووی جوگرافییەوە..... ١٨
1.3. ڕێکخستنی کارگێڕیی هەولێر تا سەدەی ١٨ ..... ١٩
1.4. مێژووی سیاسیی هەولێر..... ٢٠
2. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەولێر..... ٢٥
2.1. ژمارە و ڕەگەزی دانیشتووان..... ٢٦
2.2. گەڕەکەکان..... ٢٧
2.3. موسڵمانەکان..... ٣٢
2.3.1. تەریقەتەکان..... ٣٣
2.3.1.1. تەریقەتی قادریە..... ٣٥
2.3.1.2. تەریقەتی نەقشبەندی..... ٣٦
2.3.1.2.1. شێخ و دەروێشەکان..... ٣٦
2.4. زاناکان..... ٣٨
2.5. ناموسڵمانەکان..... ٣٩
2.5.1. مەسیحییەکان..... ٣٩
2.5.2. یەهوودییەکان..... ٤٠
2.6. وەقفەکان..... ٤١
3. پێکهاتەی بیناکاری هەولێر..... ٤٤
3.1. قەڵای هەولێر..... ٤٤
3.1.1. ئەرکە سەربازییەکانی قەڵای هەولێر..... ٦٣
3.1.1.1. دزدار..... ٦٣
3.1.1.2. سەربازی سەیار (پیادە)..... ٦٤
3.1.1.3. چاوش..... ٦٥
3.1.1.4. جەبەخانە (جبەخانە)..... ٦٦
3.1.1.5. تۆپخانە..... ٦٧
3.2. جامیعەکان..... ٦٨

هەواڵنامەی کتێب

3.2.1. جامیعی موزەفەرەددین کوکبورو..... ٦٨
3.3. مەرقەدەکان..... ٧٠
3.3.1. مەرقەدی ستی ئیمام..... ٧٠
3.3.2. مەرقەدی پەنجەعەلی..... ٧٠
3.3.3. مەرقەدی عوزێر پێغەمبەر..... ٧٠
3.3.4. مەرقەدی ئیمام محەمەد..... ٧٠
3.3.5. مەرقەدی سوڵتان موزەفەرەددین کوکبورو..... ٧١
4. پێکهاتەی کارگێڕیی شاری هەولێر (سەدەی ١٨-١٩) ٧١
4.1. پێکهاتەی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی هەولێر..... ٧١
4.1.1. شارەوانی..... ٧٤
4.1.1.1. ئەندامانی ئەنجوومەنی هەولێر و هەڵبژاردنیان..... ٧٤
4.1.1.2. سەرۆکی شارەوانی..... ٧٥
4.1.1.3. بەشەکانی کارگێڕیی شارەوانی..... ٧٥
4.1.2. ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا..... ٧٨
4.1.2.1. قائیمقام..... ٧٨
4.1.2.2. ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجوومەنی کارگێڕی..... ٨٠
4.1.2.3. ئەندامە سەرەکییەکانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا..... ٨١
4.1.2.3.1. بەڕێوەبەری دارایی..... ٨١
4.1.2.3.2. کاتیبی تۆمار..... ٨٢
4.1.2.3.3. موفتی..... ٨٢
4.1.2.3.4. نائیب..... ٨٤
4.1.3. کاتیب..... ٨٥
4.1.4. بەڕێوەبەر..... ٨٧
4.1.5. پۆستە و تەلەگراف..... ٨٩
4.1.6. پاداشت و سزا لە سیستمی کارگێڕی..... ٩٠
4.1.6.1. پاداشت لە سیستمی کارگێڕی..... ٩٠
4.1.6.2. سزا لە سیستمی کارگێڕی..... ٩٧
4.2. ناحییەکانی هەولێر..... ٩٩
4.3. گوندەکانی هەولێر..... ١٠١
4.4. هۆزە کۆچەرییەکان..... ١٠٤

5. سیستمی پەروەردەی هەولێر..... ١٠٥
5.1. پەروەردە و فێرکردن لە مەسجید، تەکیە و زاویەکان..... ١٠٥
5.2. مەدرەسەکان..... ١٠٨
5.3. مەکتەبەکان..... ١١٠
5.4. کادیرانی پەروەردە..... ١١٣
5.4.1. مودەریسەکان..... ١١٣
5.4.2. موعەلیمەکان..... ١١٥
5.5. تایبەتمەندییەکانی کادیرەکان..... ١١٥
6. پێکهاتەی ئابووریی هەولێر..... ١١٩
6.1. تیمار و شێوازی بەڕێوەبردنی زەویوزاری هەولێر..... ١١٩
6.1.1. زەویوزاری میری..... ١١٩
6.1.2. زەویوزاری وەقف..... ١٢٣
6.2. کشتوکاڵکردن و بەرهەمهێنان لە هەولێر..... ١٢٤
6.3. ئاژەڵداری..... ١٢٥
6.3.1. بەخێوکردنی مەڕ و باجی مەڕومااڵت..... ١٢٥
6.3.2. بەخێوکردنی ئەسپ..... ١٢٧
6.4. بازرگانی و گەیاندن لە هەولێر..... ١٢٧
6.5. بازاڕ..... ١٢٨
6.6. دامەزراوەی مەنزیل..... ١٢٩
6.7. کانزاکان..... ١٣٤
ئەنجام..... ١٣٦
سەرچاوەکان..... ١٤٠
پاشکۆکان..... ١٤٩

هەولێری کتێب

پوختە:

لە سەرچاوەی سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا؛ چەندین نەتەوەی جیاواز فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کردووە، بۆیە بۆ هەولێر ناوی جیاوازیان بەکار هێناوە. ئەو سەرچاوانەی کە باسی هەولێریان کردووە، سنووری هەولێریان دیاری کردووە و ئاماژەیان بەوە کردووە کە هەولێر دەکەوێتە نێوان ڕووباری زابی گەورە و زابی بچووم، بەڵام دواتر بە درێژایی مێژوو بە هۆی گۆڕین و بەرەوپێشچوونی لایەنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی-کەلتووریی ئەو سنوورە گۆڕانکاریی بەسەر هاتووە.

هەولێر وەکوو مەرکەزی قەزا، لە دوو ناحیە و ٣٠٠ گوند پێک هاتبوو. لە ڕووی کارگێڕییەوە بە هۆکاری سیاسییەوە لە سەردەمی جیاوازدا سەر بە موسڵ، بەغداد یاخود سەر بە شارەزوور بووە.

هەولێر لەسەر خاڵی تێپەڕبوونی کاروانەکان بووە، ئەمەش وای کردبوو لە ڕووی بازرگانی و گەیاندنەوە خاوەن گرنگییەکی تایبەتی بێت، بەڵام لە بابەتی بازرگانیدا هەولێر شارێک بووە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەناوبانگ بووە. ئەو بەروبوومە کشتوکاڵییەی کە کراوە؛ دانەوێڵە بابەتی سەرەکی بووە، هەر چی میوە بووە، ئەوا لە دەوروبەری هەولێرەوە لە زەوی تەختایی و چیایەکانەوە بۆی دابین دەکرا. کاری ئاژەڵداری لە هەولێر بە پلە یەک، مەڕ و ئەسپ لە پێشەوەی ئاژەڵەکانی تر.

هەر لە سەدەی ١٦ کە هەولێر دەچێتە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئەوا لایەنەکانی کارگێڕی، دارایی و یاسا دەچێتە سەر بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عوسمانییەوە. ئەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی پەیڕەو دەکرا، لە هەولێریش پەیڕەو دەکرا. بەم بەستنەوەیە لە سەدەی ١٩؛ پەروەردە بایەخی پێ درابوو، هەروەک چۆن لە دەوڵەتی عوسمانی پڕۆگرامەکانی خوێندن بەرەوپێش چووبوو، ئاوا لە هەولێریش بەرەوپێش چوو. سەرەتا خوێندن لە هەولێر؛ مزگەوتەکان بوو، تەکیە و زاویەکانیش هەمان کاری قوتابخانەیان دەکرد، خوێندن لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە بەڕێوە دەچوو. بە تێپەڕبوونی کات ژمارەی قوتابی زیادی کردبوو، لەگەڵ ئەمەش وەکوو مەکتەبی سبیان و روشدیە؛ خوێندنگای سەربەخۆ کرانەوە.

ژیانی ئایینیی هەولێر، ئایینی جۆراوجۆر نیشان دەدات. بە درێژایی مێژوو لە هەولێر؛ موسەوی، مەسیحیەت و ئیسلام بوونی هەبوو. جگە لەمانە ئایینی زەردەشتیش وەکوو ئایینێکی نائاسمانی بوونی هەبووە، بەڵام زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمان بوونە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاشتیانە بێ کێشە و گرفت ژیانیان بەسەر بردووە، کە جیاوازیی ئایین نەبۆتە

هۆکـاری سـەرهەڵدانی دووبەرەکی و نـاکۆکیی نێـوان دانیشـتووان. مـزگەوت، لەگەڵ ئەمەش تەکیە و زاویەکانیش وەکوو شوێنی عیبادەت بەکار هاتوون.

لەبەر ئەوەی هەولێـر شـوێنێکی بازرگـانی بـووە کە لە ڕووی بیناسـازییەوە بازرگانییەکەی پێوە دیار بووە و شوێنی بازرگانی بینراوە، تـا ئێستاش مـاوەتەوە، لەوانە: بازاڕی قەیسەری. لەگەڵ ئەمەش لەبەر ئەوەی هەولێر شـوێنی حەوانەوەی بازرگـان و کاروانچییەکان بـووە؛ ژمـارەیەکی زۆر مەنـزیلی تێـدا بـووە، ئەم مەنـزیلانەش بـۆ کـاری گواستنەوە بەکار هاتوون، لە کاتی گواسـتنەوەی هەواڵ و بەڕێـوەبردنی کـاری دەوڵەت؛ پۆستەچییەکان بە هۆکاری گواستنەوە پۆستەکانی دەوڵەتیان بۆ شارەکانی تری عـیراق بە تایبەتی موسڵ و کەرکووك بردووە.

ئەو وشـانەی کە زۆر بەکـار هـاتوون: دەوڵەتی عوسـمانی، هەولێـر، قەزا، کـارگێڕی، کشتوکاڵ، پەروەردە و ئایین.

هەواڵنامەی کتێب

پێشەکی

لە ڕووی جوگرافی و ستراتیژیەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەولێر شارێکی گرنگە. لە سەردەمی عوسمانییەکان بارودۆخی هەولێر لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییەوە پڕبایەخ بووە، بۆیە توێژینەوە لەم لایەنانەدا پێویست بووە. بەڵگەکانی ئەرشیفی عوسمانی وەکوو سەرچاوەی سەرەکی وەرگیراوە و لەگەڵ دەستبەکاربوون لە لێکۆڵینەوەکە لە شەش بەش پێك هاتووە: ناوی هەولێر، سنووری، کارگێڕیی ڕێکخستنی شارەکە و زانیاریی گشتیی مێژوویی لەم بارەیەوە لە بەشی یەکەم باس کراوە. دوای ئەوە بەشی دووەم دێت کە لایەنی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، ژمارەی دانیشتووانی هەولێر، لایەنی ئەندازیاری و لایەنی ئایینیی هەولێر لەپێش ئیسلام و دوای ئیسلام شی کراوەتەوە.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە بە گشت بەشەکەوە باس لە ئەندازیاریی شاری هەولێر دەکات، کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە قەڵای هەولێر لە زۆر سەردەم؛ شایەدی لایەنە گرنگەکان بووە. قەڵای هەولێر و لایەنی دینییەکەی هەولێر جێگەی باسکردنن، کە لە بنەڕەتدا مزگەوت ئەو سەردەمە بنچینەیەکی سەرەکی بووە، بۆیە بە شێوەیەکی فراوان باس کراون. بەشی چوارەم لە ڕووی ڕێکخستنی کارگێڕییەوە؛ هەولێر وەکوو قەزایەك ئاماژەی پێ کراوە، هەر بۆیە لە سەدەی ١٨-١٩ لە لایەنی کارگێڕییەوە وەکوو قەزا ناوی هاتووە، لەم بەشەدا شارەوانیی شارەکە و ئەنجوومەن و قائیمقامیەت و بەڕێوەبەرایەتییەکەی باس کراوە و بەڵگەکان کە پەیوەستن بەم لایەنە؛ شی کراونەتەوە، جگە لەمە ڕێکخستنی باج و پۆستە، هەروەها بارودۆخی کارگێڕیی گوندەکانیش ئاماژەی پێ کراوە.

هەر چی بەشی پێنجەمی توێژینەوەکەیە، ئەوا لایەنی پەروەردە و فێرکردنی هەولێر و بۆ سیستمی خوێندنی ئەم شارە تەرخان کراوە. لەم بەشەدا بەگوێرەی سەردەمی دیاریکراو، سیستمی پەروەردەی شارەکە و تەوەرە و بابەتەکانی پەروەردە و مەکتەب و قوتابخانەکان باس کراون. کارمەندانی قوتابخانە، ژمارەی قوتابیان و زانیاریی گشتی؛ ئاماژەی پێ کراوە. بەشی شەشەم و دوا کاری توێژینەوەکە؛ لایەنی ئابووری و چالاکییەکانی شارەکە باس کراوە، بە شێوەیەکی گشتی؛ کار و چالاکیی ئابووری لەسەر کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری بووە، لەبەر ئەوەی هەولێر سەر ڕێگا بووە، لە لایەنی بازرگانییەوە شارەکە گرنگ بووە. لە کۆتاییدا دۆزینەوەی کانزای ئەم شارە لەلایەن ڕۆژئاواوە و چاوتێبڕینی بێگانە و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کانزای ئەم شارە و هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی کانزاکەی، کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

پێشووتر توێژینەوەیەکی ئاوا لەسەر هەوڵێری سەردەمی عوسمانییەکان ئامادە نەکراوە، بەتایبەتی بەڵگەی عوسمانییەکان وەکوو سەرچاوەی سەرەکی بەکار نەهاتووە و پشتی پێ نەبەستراوە، لەبەر ئەوەی لەسەر زانیاریی بەڵگەکانی ئەرشیفی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ ئەم توێژینەوەیە ئامادە کراوە، شوێنێکی گرنگی داگیر کردووە و لە لایەنی مێژوونووسیی بە زانیارییەکانی بەڵگەکان؛ بۆشایی مێژوویی پڕ کردۆتەوە. کارەکە؛ پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، بازرگانی و ئابووریی هەوڵێر لە سەردەمی ١٨-١٩دا باس کردووە، بە شێوازێك کە بەها و گرنگیی ئەم شارەی لە سەردەمی عوسمانییەکان خستۆتە ڕوو.

ئەوانەی بە درێژایی کارەکەم هاوکارم بوون و لە هاوکارییەکانیان بێبەشیان نەکردم، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر؛ د. محەمەد زاهید یڵدرم و لە ئامادەکردنی نەخشەی هەوڵێر؛ پڕۆفیسۆری یاریدەدەر د. ئەمین تۆرۆگڵو هاوکارم بوو، بە پێویستم زانی سوپاسیان بکەم. جگە لەوانە خۆم بە قەرزاری دەزانم کە بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی سەرپەرشتیاری بەڕێزم؛ پڕۆفیسۆر د. فاروق سویلەمەز بکەم، چونکە چ بە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و چ لە ڕووی زانیارییەوە هاوکارم بوو.

ئاشتی ڕەحمان بەکر
حوزەیرانی ٢٠١٥

1. تێڕوانینێکی گشتی لە مێژووی هەولێر

1.1. ناوی هەولێر

هەولێـر هەر لە دێرزەمـانەوە شـوێنێکی ئـاوەدان و جـێگەی نیشـتەجێبوونی خەڵـك بـووە، ئەمەش واي کـردووە لە سـەردەمانی جیـاواز و لە مێـژووی جیاجیـادا لە سەرچاوە مێژوویـیەکاندا نـاوی هەولێـر بە شـێوەی جیـاواز جیـاوازدا نـاوی بهێنرێـت و بنـووسرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی میللەتـان و هێـزی دەسـەڵاتدارانی جیـاواز فەرمـانڕەوایی ناوچەکەیـان کـردووە، وای کـردووە هەولێـر بە نـاوی جۆراجـۆر نـاوی بهێنرێـت و لە سەرچاوە مێژوویـیەکاندا بنووسرێتەوە.

یەکەم سەرچاوە کە باسی هەولێری کردبێت؛ دەگەڕێـتەوە بـۆ سـاڵی ٢٠٠٠ی پێش زایینی، کە سەرچاوەی سەردەمی شولکی پاشای سۆمەر بووە، بە ناوی "ئۆربیلیۆن" (Ourbillion) نـاوی هێنـاوە (اسـماعیل، ١٩٧٠: ١٦). هەر چـی لە سـەردەمی خێـزانی سـێیەمی ئـور؛ نـاوی هەولێـر بە ئـۆربیلم هـاتووە، بەڵام لە سـەردەمی ئاشـوور و بابلییەکانیش بە ئاربائیلۆ (Arba-ilu) ناوی هاتووە. ئەم ناوە بە نـاوی چـوار خواوەنـد دێت. لەم سەردەمەدا پەرستنی خواوەند عەشتار، مەرکەزەکەی هەولێر بووە و ناویشی بە ئەربیلا عەشتار بەناوبانگ بووە (رسول، ٢٠٠٥: ١٩-٢٠). لە نـووسراوی بزمـاریش بە ناوی "Kahankalamma" ناوزەند کراوە کە بە مانای هەرێمـی خـاتوون دێـت. پاشـای مەقدۆنی؛ ئەسکەندەری مەقدۆنی لە ساڵی ٣٣١ پێش زایینی دوای ئەوەی ڕوو لە عێراق دەکات، لەنزیك هەولێـر لەگەڵ پاشـای ساسـانی؛ دارا ڕووبەڕووی یەکـتر دەبـنەوە، ئەم شەڕە بە نـاوی شـەڕی ئەربـیلا (Erbila) نـاوی هـاتووە، کە لەم شـەڕەدا دارای پاشـای ساسانی شکست دەهێنێ، بەڵام لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا ناوی ئەم شـەڕە بە شـێوەی ئەربیل نـووسراوەتەوە (اسـماعیل، ١٩٧٠: ٦٢). لە تەوراتـیش بە شـێوەی ئەربـا (Erba) باسی کراوە (الجنابي، ١٩٨٧: ٩).

لەگەڵ ئەمەشـدا خەڵـکی هەولێـر هەر لەسـەر شـێوەزاری خۆیـان، بە نـاوی هەولێـر نـاوی دەهێـنن (es-Sakkar, 1995: 272). مێژوونووسـەکان لە بـارەی نـاوی جیاوازی هەولێر؛ بیروڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی "ئەربیلا-ئەربیـل-ئوربویل-ئوربل-هوربیل-هەولێر"، بەم پێشوەچوونە ناوەکەی گـۆڕاوە (اسـماعیل، ١٩٧٠: ٦٢).

1.2. جوگرافیای هەولێر

لە سەرەتای سەردەمدا؛ هەولێر وەکوو قەزایەکی بچووك، تەنیـا لە قەڵا ژیـان بوونی هەبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کـات؛ ژیـان تەنیـا لەنـاو قەڵا پەنگـی نەخـواردەوە،

بەڵکوو لە سەدەی ١٨-١٩ سنووری قەزایەکە فراوان بوو، خەڵك لە دەوروبەری قەڵاکە دەستیان بە ژیان کرد. لەبەر ئەوەی سنووری قەزاکە لە فراوانبوونـدا بـوو؛ ئاسـان نـیـە سـنـوورێکی جێگـیـر و یەکـلاکەرەوە دیـاری بکرێـت، مێژوونووسـان بەگـوێرەی ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاون؛ سنوورەکەیان دیاری کردووە، بۆیە لەسەر سنووری هەولێر؛ بـیروڕای جیـاواز و بە شـێوەی جیـاواز جیـاواز سـنـوورەکەی دیـاری کـراوە، بـۆ نمـوونە؛ ئەلحەمیری باسی دەکات کە لە باکووری؛ ڕووباری زابی گەورە و باشووری؛ ڕووباری زابی بچووك هەیە (الحمیری، ١٩٨٤: ٢٦)، کەچی یاقوت ئەلحەمەوی لە ڕووی جـوگرافییەوە بە ٦٩,٥ پلە درێژی و ٣٥,٥ پلە پانییەکەی دیـاری کـردووە (یـاقوت الحمـوی، ١٩٩٥، ١: ١٣٨)، لەگەڵ ئەوانەش ئەولیـا جەلەبی لە کتێبەکەیـدا بە نـاوی "سـەیاحەتنامە" بـاسی کردووە کە هەولێر ڕووی لە قیبلەیە و دەڕوانێتە قەڵای موسڵ، دووریی نێـوان هەولێـر و موسڵ؛ بە ماوەی ٢ ڕۆژ و لەگەڵ بەغـداد؛ ٩ ڕۆژ، دووریـی نێوانیـان دیـاری دەکـات (Evliya Çelebi, 2010, II,IV: 682).

لە سەدەی ١٨؛ شەمسەددین سامی یەکێکە لە زاناکان، بەم شێوەیە سـنووری هەولێری دیاری کردووە، سانجەقی شارەزوور لە باکووری هەولێر، ڕوانـدز لە بـاکووری ڕۆژهەڵات، موسـڵ لە بـاکووری ڕۆژئـاوا، هەر چـی باشـووریەتی ئەوا کەرکـووکە (Şemseddin Sami, 1880, II: 821)، بەڵام لە سالنامەی ویلایەتی موسڵ کە پەیوەستە بە سـاڵی ١٨٩٤؛ بەم شـێوەیە سـنـوورەکەی دیـاری کـرووە، کـۆی سـانجەق و ڕانـیـە لە باشـووری ڕۆژهەڵات، موسـڵ و زابی گەورە لە ڕۆژئـاوا، نـاحیەی کـۆپری لە بـاکووری ڕۆژهەڵات، ڕواندزیش لە باکووری بووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 319).

1.3. ڕێکخستنی کارگێڕیی هەولێر تا سەدەی ١٨

هەولێر لە ڕووی ڕێکخستنی کارگێڕییەوە بەستراوەتەوە و پەیوەست بووە بە مەرجەکـانی سیاسـیی ئەو کـاتە، بـۆیە بـابەتی کـارگێڕییەکەی جیـاواز و نـاجێگیر بـووە، هەولێر لەژێر فەرمانڕەوایی هەر هێزێکدا بووبێت؛ بەگوێرەی یاسای ئەو هێـزە یـاخود لایەنە کـارگێڕییەکەی ڕێـك خـراوە، هەر بە پێکهـاتەی سیاسییشـەوە یـا ئەوەتـا بـۆتە شارۆچکە یاخود وەکوو قەزا دەستنیشان کراوە.

بەو بەسـتنەوەیەدا، ئەلسـاکار لە سـەدەی ٩-١٠ لە ڕووی کـارگێڕییەوە بەستوویەتیەوە بە هەرێمی زەویی ڕەش (ارض السواد)، وەکـوو شـارێکی بچـووک سـەر بەم هەرێمە بووە (es-Sakkar, 1995, XI: 272).

هەر چی ئەو گەڕیدانەی کە سەردانی هەولێریان کردووە، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی کارگێڕییەوە بەستوویانەتەوە بە شارەزوور یاخود بە موسڵ، یەکێـك لەوانە ئەلحەمـیری

باسی لەوە کردووە کە هەولێر لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە موسڵ بووە، هەروەها یاقوت ئەلحەمەویش هەمان قسە دەکات و هەمان زانیاریی نووسیوەتەوە (el-Himyeri, 1984: 26. Yakut el-Hamevi, 1995, I: 138).

لە سەردەمی موزەفەرەددین کوکبوری، لە ساڵانی ١١٩٠-١٢٣٢ میرنشینی هەولێری دامەزراندووە، لە سەردەمی ئەم میرنشینە هێندە فراوان بووە، سنووری کەرکووك و هەرێمی شارەزووریشی- گرتۆتەوە، بەڵام دوای مردنی موزەفەرەددین کوکبورو، لە ئەنجامی دەرکەوتنی هێزی سیاسیی لاواز؛ کەوتە ژێر کۆنترۆڵی خەلیفەی عەباسی؛ ئەلموستەنسر. هەر چی ساڵی ١٢٥٨، هێرش و داگیرکاریی مەغۆلەکان لەم ناوچەیە بەدەر کەوت. هەر کە بەغداد کەوتە ژێر دەسەڵاتی مەغۆلەکان، ئەوا کاریگەریی کردە سەر هەولێریش. لەم سەردەمە بەدواوە لە سەردەمی جیاوازدا هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزی جیاواز، لەوانە کەوتە ژێر پاڕێزگاریی مەسیحییەکان و ئەم بارودۆخە تا هاتنی عوسمانییەکان بەردەوام بوو، کە لە سەدەی ١٦ دەوڵەتی عوسمانی دەستی بەسەر هەولێردا گرت (es-Sakkar, 1995, XI: 273).

دوای شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤، عێراق کەوتە ژێر کۆنترۆڵی عوسمانییەکان، هەروەها هەولێریش بەستراوە بە دەوڵەتی عوسمانی، لە ساڵی ١٥٨٦ دوای ئەوەی موسڵ بووە ئەیالەت؛ لە ساڵی ١٥٨٧ هەولێر وەکوو سانجەقێك بە موسڵ بەستراوەوە، بەڵام لە سەدەی ١٧؛ لەژێر کاریگەریی سیاسی و کارگێڕیی ئەو سەردەمەدا هەولێر وەکوو سانجەقێك بە ئەیالەتی شارەزوور بەستراوەوە (Sahillioğlu, 1991: 1250).

1.4. مێژووی سیاسیی هەولێر

لەگەڵ دەستپێکردنی بڵاوبوونەوەی ئیسلام، لە هەولێر سەردەمێکی نوێ دەستی پێ کرد. سەبارەت بە فەتحکردنی هەرێمەکەش؛ لە سەرچاوەکان بە فەتحکردنی باکووری عێراق باس لەو هەرێمە دەکات، بەڵام ناوی هەولێر نەهاتووە و هیچ زانیارییەك نییە باس لە فەتحکردنی هەولێر بکات. لە سەردەمی حەزرەتی عومەر ٦٤٢-٦٤٣، بە سەرکردایەتیی سەرکردە عوتبە کوڕی فەرقەد؛ باکووری موسڵ تا سنووری عیراق و ئێران، تەنانەت هەرێمی شارەزووریش کە ناوچەکانی: زاخۆ، عەمادیە، دهۆك، عەقرە، هەولێر و سلێمانیە دەگرێتەوە؛ فەتح کرا. لەگەڵ ئەم فەتحە، کاریگەریی ئیسلام لە هەولێر بەدەر کەوت (البلاذری، ٢٠٠٠: ٢٠٠).

دوای ئەوەی لەلایەن مەعاویە کوڕی ئەبو سوفیان؛ دەوڵەتی ئەمەوی دامەزرا لە ساڵی ٦٦٠-٦٦١، عێراق بووە پارچەیەك لەم دەوڵەتە، لەم سەردەمە هەولێر بە سەردەمێکی

تـــر تێپەڕیبـــوو. بەڵام لە کۆتاییەکـــانی دەوڵەتی ئەمەوی، لەنێـــوان عەباســـییەکان و ئەمەوییەکان لەنزیك هەولێر شەڕی زاب ڕووی دا (الجنابی، ١٩٨٧: ١٢).

دوای ئەوەی لەلایەن خەلیفە عەباس؛ دەوڵەتی عەباسی دامەزرا، هەولێر کەوتە ژێـر دەسەڵاتی عەباسییەکان. لە ساڵی ٩٠٦ خەلیفەی عەباسی؛ موکتەفی بـیللا، ئەبـو ئەلهیجـا عەبـــدوڵا کـــوڕی حەمـــدانی کـــردە حـــاکیمی موســـڵ، بەڵام هێنـــدەی پێنەچـــوو بە سەرکردایەتیی محەمەد کـوڕی هـیلال بـۆ ئەوەی هەرێـمەکە بکەوێـتە ژێـر کـۆنترۆڵی هەزبانییەکان، لەگەڵ عەباسییەکان ڕووبەڕووی یەکتر بـوونەوە. دوای ئەوەی شکسـتی بە عەباســییەکان هێنـا، هەولێـر کەوتە ژێـر دەسـەڵاتی هەزبانییەکـان، لە سـاڵی ١٠٤٦ میرنشینی هەزبانیی دامەزراند و بۆ میرنشینی هەولێریش؛ عیسـا کـوڕی مووسـای دانـا (ابـن الاثـیر، ٢٠٠٩، ١١: ٥٣٩-٥٤٠). کەچـی عیسـا لە کـاتی ڕاوکردنـدا لەلایەن کـوڕی براکەیەوە کوژرا، دوای ئەم ڕووداوە؛ براکەی بە ناوی سالار کوڕی مووسـا چـووە قەڵای هەولێر و لەسەر تەخـت دانیشـت. فەرمـانڕەوایی سـالار لە هەولێـر تـا سـاڵی ١٠٤٩ی خایانـد، لەبەرامـبەر ئەوەدا؛ ئەو دوو بـرایەی کە سـەر بە هـۆزی هەزبـانی بـوون، ئەبـو حەسەن کوڕی موسك و ئەبو عەلی کوڕی موسك، بۆ وەرگرتنی تەختی فەرمانڕەوایی دژی یەکـتر دەجەنگـان. لە کۆتـایی ئەم ڕووبەڕووبـوونەوە و نـاکۆکییەدا؛ ئەبـو حەسـەن بە هاوکاریی حەمدانییەکان فەرمانڕەوایی گرتە دەسـت، ئەم بـارودۆخەش زۆری نەخایانـد، براکەی ئەبو عەلی دژی وەستا و دوای ڕووبەڕووبـوونەوە؛ سـەر کەوت و تـوانیی تەختـی هەولێر لەژێر دەستی دەربهێنێت (ابن الاثیر، ٢٠٠٩، ١١: ٥٥٠-٥٥١).

میری موسڵ؛ عـزەددین مەسـعوود کـوڕی ئەلبەرزیکـانی لە سـاڵی ١١٢٧ مـرد، دوای مردنی ناوبراو؛ عیمادەددین زەنگی چـووە شـوێنەکەی و میرنشـینی حەمـدانییەکانی لەناو بـرد و دەسـتی کـرد بە فراوانکـردنی سـنوورەکەی. هەر چـی سـاڵی ١١٤٠، هەولێـر چووبووە قۆناغێکی تری فەرمانڕەوایی (ابن الاثیر، ٢٠٠٩، ١١: ٦٤٤). عـیمادەددین زەنگـی لە ساڵی ١١٤٥ کەسێکی بە ناوی عەلی کوچك بەکتەکینی[1] کردە نائیبی موسـڵ، دوای ئەمە زەینەددین عەلی کوچك لە هەولێـر میرنشـینی بەکتەکینـی دامەزرانـد. ئەم مـاوەیەی کە

[1] لەبەر ئەوەی باڵای کورت بووە، نازناوی کوچك واتە بچووکی پێ دراوە. زیاتر لە ١٠٠ ساڵ ژیـاوە. لە دوا تەمەنی ژیـانی، هێـزی بینینـی لەدەسـت داوە. فەرمـانڕەوایی قەڵاکـانی سـنجار، حەران، هەکـاری، تکریت، عەقرە، حەمیدیە و هەرێمی شارەزووری گرتۆتە دەسـت. لە دوا تەمەنی ژیـانی ئەم ناوچـانەی بەگشتی دایە قوتبەددینی کوڕی عیمادەددین، تەنیا هەولێری لە دەست ماوەتەوە. بە نیشـتەجێبوونی لە هەولێر، ئەم تەمەنەی کە مـاوەتەوە؛ لەوێ بەسـەری بـردووە. لە مێـژووی (١١ی زیلقەعـدە، ٥٦٣) ١٧ی ئۆغستۆس، ١١٦٨، لە هەولێر کۆچی دوایی کرد (ابن خلکان، ٢٠١٠، ٣: ٥٣٥).

عیمادەددین زەنگی دەستی بەسەر هەرێمی شارەزووردا گرتبوو، ئەم هەرێمەشی ڕادەستی زەینەددین عەلی کوچک کرد و خستیە ژێر فەرمانڕەوایی ناوبراوەوە (ابن خلدون، ٢٠١٠، ٥: ٢٤٢-٢٥٥). تەنیا لە موسڵ کاروچالاکیی کاریگەری ئەنجام نەدا، لە هەمان کاتدا چووبووە ناو ناکۆکییەکانی دەوڵەتی سەلجوقی کە لەسەر وەرگرتنی تەخت؛ ناکۆکییان هەبوو، پشتی لایەکی گرتبوو دژی ئەوی تر، جگە لەمە سوڵتانی سەلجوقیی عێراق؛ محەمەد شا (١١٥٣-١١٥٩) لەگەڵ خەلیفەی عەباسی؛ موکتەفی بیللا ناکۆکی لە نێواندا هەبوو، لەمەش بێلایەن نەوەستا، بەڵکوو لە ساڵی ١١٥٦ کاتێك سوڵتان محەمەد شا؛ بەغدادی ئابڵوقە دا بۆ یارمەتیدانی سوڵتان، لەشکری موسڵی بۆ سوڵتان نارد کە لەسەر داوای سوڵتان محەمەد شا لەشکرەکەی نارده سەر سولەیمان شای مامی سوڵتان. خەلیفە موکتەفی بیللا کە لەگەڵ سولەیمان شا پەیوەندیی هەبوو، بەیەکەوە کاریان دەکرد. ئەو لەشکرەی چووە شارەزوور؛ لەگەڵ سولەیمان شا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لە ئەنجامدا زەینەددین عەلی کوچک سەر کەوت، زەینەددین عەلی کوچک شەڕەکەی بردەوە، سولەیمان شاشی لە قەڵای موسڵ زیندانیی کرد (ابن الاثیر، ٢٠٠٩، ١١: ٢٠٦-٢٠٨. ابن خلدون، ٢٠١٠، ٥: ٢٥٠).

لە ساڵی ١١٦٠، موسڵمانەکان لەگەڵ خاچپەرستەکان بەردەوام لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدا بوون. لە ساڵی ١١٦٣ بە قوماندانیەتی زەینەددین عەلی کوچک شەڕێك دژی خاچپەرستەکان سەری هەڵدا، تێیدا زەینەددین عەلی کوچک سەر کەوت. لەسەر ئەم سەرکەوتنەی زەینەددین عەلی، مەنسور سەرفتەکینی[٢] وەکوو بەڕێوەبەری هەولێر دامەزراند. سەرفتەکین تا ساڵی ١١٦٤ هەولێری بەڕێوە برد، لە هەمان ساڵ مرد (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٢: ٢٠٣).

لە ساڵی ١١٦٨، زەینەددین عەلی کوچك کۆچی دوایی کرد. لە شوێن ئەو، کوڕە گەورەکەی؛ ئەبو سەعید کوکبورو، تەمەن ١٤ ساڵ فەرمانڕەوایی وەرگرت، بەڵام فەرمانڕەوایی ئەویش ماوەیەکی درێژی نەخایاند، بەڵکوو لەسەر ویستی موجاهەددین قایماز؛ برا بچووکەکەی موزەفەرەددین کوکبورو[٣] بە ناوی زەینەددین یوسف لە هەولێر

---

[٢] ئەبو مەنسور سەرفتەکین بە بنەچە ئەرمەنی بووە، پیاوی زەینەددین عەلی کوچك بووە و جێگای بڕوا و باوەڕپێکراو بووە. لە ماوەیەکی دیاریکراودا توانیی لە هەولێر و گوندەکانی دەوروبەر ژمارەیەکی زۆر جامیع و فێرگە دروست بکات. لە ساڵی ١١٦٣ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٢: ٢٠٣).

[٣] موزەفەرەددین کۆکبورو، ناوی تەواوی: ئەبو سەعید کۆکبورو کوڕی ئەبو حەسەن عەلی کوڕی بەگتەکین کوڕی محەمەد (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٣: ٥٣٤). هەندێك مێژوونووسان وەکوو نازناو

تەختی فەرمانڕەوایی وەرگرت و کوکبوروشی دوور خستەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دووبارە کوکبورو دەستی بەسەر تەختدا گرت (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٣: ٥٣٥. العزاوی، ١٩٣٥، ١: ٢١٥).

لە ساڵی ١١٨٥ کوکبورو لەگەڵ سەڵاحەددین ئەیوبی پەیوەندیی بەستووە، بۆ دووەم جار سەڵاحەددین ئەیوبی بە هاوکاریی کوکبورو ئابڵوقەی موسڵی داوە، ئەگەرچی ئابڵوقەدانەکە یەك مانگی خایاند، بەڵام بە دۆڕان کۆتایی پێ هات. هەر بۆیە سەڵاحەددین ئەیوبی ڕووی لە دیاربەکر کرد، بۆ ماوەیەکی کورت سەرکەوتوو بوو لەوەی فەرمانڕەوایی ناوچەکە بکات، دوای ئەمەش لەگەڵ کوکبورو بەیەکەوە دووبارە بۆ لای موسڵ جووڵەیان کرد، لە ساڵی ١١٨٥ موسڵ کەوتە ژێر کۆنترۆڵی سەڵاحەددین ئەیوبی (Kafesoğlu, 1993: VI: 886).

لە ساڵی ١١٨٨ کوکبورو لە شاری ئەنتەرتوس لە شەڕی خاچپەرستەکان سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنابوو، بەم هۆیەوە لە ساڵی ١١٨٩ لە کۆتا شەڕدا لەگەڵ خاچپەرستەکاندا وەکوو یەکەم میر چووە ناو عەککا (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٣: ٥٣٥.

"ئەسعەد"، هەندێکیش "سوڵتان"یان پێ داوە (حوسێن، ٢٠١٣: ٢٠٨). ئیبن خەلەکان بە نازناوی مەلیکولموعەززەم واتە پاشای پایەبەرز "ملك المعظم" ناوی هێناوە (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٣: ٥٣٤)، ئیبن کەسیریش بە نازناوی مەلیك ناوی هێناوە (ابن کثیر، ٢٠٠٣، ٨: ١٤٣). باوکی تورکمانە (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٣: ٥٣٤). لە مێژووی ١٣ی نیسان، ١١٥٤ (١٧ی ڕەمەزان، ٥٤٩)، لە قەڵای موسڵ لەدایك بووە (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٣: ٥٣٤). دوای ماوەیەك باوکی بۆ پەروەردە و فێرکردنی ناردوویەتیە لای موجاهەددین قایماز (حوسێن، ٢٠١٣: ٢٠٧). کۆکبورو خاوەنی کەسایەتییەکی مەرد و بوێر بووە (القزوینی، بێ ساڵ: ٢٩٠)، بایەخی بە زانست داوە و کەسێکی دادپەروەر بووە (ابن کثیر، ٢٠٠٣، ١٣: ١٤٣)، هەروەها حەزی لە کاری خێرخوازی بووە، یارمەتیی خەڵکی داوە، هەموو بەیانییەك بۆ هەژار و دەستکورتەکان خواردنی ئامادە کردووە، بۆ ئەمانە جلوبەرگی زستانەی کڕیوە و پێشکەشی کردوون، دیلە موسڵمانەکانی بە پارە لە دەستی کافرەکان ڕزگار کردووە (یاقوت الحموی، ١٩٩٥، ١: ١٣٨). ساڵی دوو جار پیاوەکانی دەنارد سەر کەناراوەکانی دەریا و دیلە موسڵمانەکان کە بۆ کڕین و فرۆشتن دانرابوون، بە پارە دەیانیکڕیەوە (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٣: ٥٣٧). لە سەردەمی ئەودا، ڕێژەی ئەو ئافرەت و پیاوە ڕزگارکراوانە بەووە ٦٠٠٠٠ (ابن کثیر، ٢٠٠٣، ٨: ١٤٣). موزەفەرەددین کۆکبورو لە مێژووی ٢٤ی حوزەیران، ١٢٣٣ (١٤ی ڕەمەزان، ٦٣٠)، لە ڕۆژی هەینی لە قەڵای هەولێر کۆچی دوایی کردووە و بە شێوەیەکی کاتی هەر لە قەڵا نێژرا، لەم کاتەی کە حاجییەکان بۆ فەریزەی حەج دەچوونە مەککە؛ لاشەکەشیان لەگەڵ خۆیان برد، بەڵام بەگوێرەی هەندێك مێژوونووسان لەبەر تینووێتی و ماندووبوونی حاجییەکان؛ کۆکبورو لە شاری کوفە دەنێژرێت و لەگەڵ خۆیان بۆ مەککە نایەن، هەندێکیشیان پێیان وایە تا مەککە بردوویانە و لەوێ ناشتوویانە (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٣: ٥٤٠).

ابن الاثیر، ٢٠٠٩، ١٢: ٣٧-٣٨). کوکبورو هەواڵی بۆ سەڵاحەددین ئەیوبی نارد، ئەگەر بێتوو هەولێری پێ بدات، ئەوا لەبەرامبەر ئەوەدا؛ روهـا، حەران و سومەیسات بە سەڵاحەددین ئەیوبی دەدات (ابـن خلکـان، ١٩٩٨، ٣: ٥٣٥. ابـن خلـدون، ٢٠١٠، ٥: ٢٦٩). لەسەر قەبووڵکردنی پێشنیاری کوکبورو لە ساڵی ١١٩٠، هەولێر کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی کوکبـورو (ابـن خلـدون، ٢٠١٠، ٥: ٢٦٩). بە نـاوی خـۆی پـارەی چـاپ کـرد[٤] و فەرمانڕەواییەکەی تا مێژووی ٢٤ی حوزەیران ١٢٣٣ بەردەوام بوو (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٣: ٥٣٩).

لە سەرەتای نیـوەی سـەدەی ١٣؛ فەرمـانڕەوایی کوکبـورو لە هەولێـر بەردەوام بـوو، لەم ماوەیەدا مەترسیی مەغۆل سـەری هەڵـدابوو، هەوڵیـان دەدا دەسـت بەسـەر هەولێـردا بگرن. مەغۆلەکان بە سەرکردایەتیی هۆلاکۆ هێرشـیان بـۆ سـەر هەرێـمەکە دەسـت پـێ کردبوو، لەم کاتەشدا کوکبورو کۆچی دوایی کرد. لەسەر وەسیەتی کوکبورو، هەولێر خرایە ژێر کۆنترۆڵی خەلیفەی عەباسی؛ خەلیفە موستەنسر. لە ساڵی ١٢٣٦ مەغۆلەکان جـارێکی تـر هێرشـیان کـردەوە سـەر هەولێـر، لە کـاتی داگیرکـردنی قەڵاکە؛ وێرانکـارییەکی زۆریـان ئەنجام دا و سووتاندنیان، لەم کاتەدا سەرکەوتوو نەبوون و ناچار بـوون بکشـێنەوە (Sakkar, 1995, XI: 273-es).

لە چارەکی یەکەمی سەدەی ١٧، دەسەڵاتی سەفەوییەکان لە هەرێـمەکە بەدەر کەوت. لە سـاڵی ١٦٣٧، سـوڵتان مـورادی چـوارەم بە ٥٠٠٠٠ ئەسـپ سـوارە و ٥٠٠٠٠ سەربازی پیادە بە لەشکرێك بـۆ لای موسـڵ ڕۆیشـتن، لە سـەرەتادا دوای ئەوەی دەسـتی بەسەر هەولێـر، کەرکـووك و سـلێمانیدا گـرت؛ ڕووی کـردە بەغـداد، بـۆ مـاوەی ٤٠ ڕۆژ ئابلۆقەی بەغدادی دا (الحسني، ١٩٨٢: ٢٩).

لە سـەدەی ١٨ بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر عێـراق، لەگەڵ دەوڵەتی سـەفەوی ڕووبەڕووی یەکـتر ببـوونەوە. لە سـەدەی ١٨-١٩ هەولێـر کە لەنـاو سـنووری هەرێمـی عێراقدا بوو، لەژێر فەرمـانڕەوایی سیاسـیی عوسـمانییەکان بـوو، فارسـەکان دەیانویسـت عێراق بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بۆیە لە ساڵی ١٧٣٢ نادر خـان بـۆ یەکەم جـار لەگەڵ قوماندانێك هێزێکی ڕەوانە کردبوو، لە لایەنی عێراق دەستی بە جووڵە کرد. ئەو ناوچانەی کە والیی بەغداد لەگەڵ هێزی بەگەکانی کورد دەستی بەسەر شارەزووردا گرتبوو؛ لەلایەن نادر خانەوە هێرشی کرایە سەر، دواتریش دوو هێز، یەکێکی بـۆ هەولێـر و ئەوی تـری بـۆ کەرکووك، ڕەوان کرد، دوای ئەمەش نادر خان لە ئازەربایجانیش دەسـتی بە جـووڵە کـرد،

[٤] ئەم پارانە لە ساڵی ٦١٨ کۆچی، ناوی ئەملەیك ئەلکامیلی لەسەرە (Kafesoğlu, 1993, VI: 890).

قوماندانێکی بە ناوی ئۆغورلو خانیشی بۆ لایەنی گەنجە نارد. نادر خان خودی خۆی چووە سەر هەولێر، دوای ئەوەی دەستی بەسەردا گرت؛ بۆ لای کەرکووك ڕۆیشت، لەوێشەوە ویستی بچێتە سەر بەغداد. دەوڵەتی عوسمانی هێزی بۆ لایەنەکانی وان، ڕەوان، گەنجە و تەفلیس نارد، بەڵام نادر خان دوای ئەمە؛ بە لەشکرێکی ١٠٠٠٠٠ سەرباز ئابڵوقەی بەغدادی دا. لەم سەردەمەشدا والیی بەغداد؛ ئەحمەد پاشا سەر عەسکەر بوو، لەگەڵ نادر خان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لە ساڵی ١٧٣٣ نادر خان شکستی هێنا و بەبریندارى هەڵات، ئەو مەترسییەی کە لەسەر بەغداد بوو؛ نەما (Uzunçarşılı, 2011, IV: 223-224).

لە ساڵی ١٧٤٣ دیسان نادر خان بۆ گرتنی عیراق؛ ڕووبەڕووی عوسمانییەکان بووەوە، ئەگەرچی ئەم جارە توانیی دەسەڵاتی بسەپێنێت، بەڵام دواتر دووبارە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان (es-Sakkar, 1995, XI: 273).

لە شەڕی ساڵی ١٧٤٣دا یەکێك لە هۆکارەکانی شکستهێنانی لەشکری عوسمانی؛ دەگەڕێتەوە بۆ خیانەتی سەربازەکانی[٥] قەڵای هەولێر، ئەم خیانەتە وای کرد قەڵای هەولێر بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی نادر خان. دوای ساڵێك لە سەرەتای مانگی نیسان، ١٧٤٤ (ناوەندی سەفەری ١١٥٧)، نووسراوێك بۆ والیی بەغداد؛ وەزیر ئەحمەد پاشا ڕەوان کراوە، تێیدا نووسراوەتەوە گشت سەربازان لە قەڵای هەولێر خیانەتیان لە دین و دەوڵەت کردووە، زەخیرە و ئەسپیان فرۆشتۆتە لەشکری نادر خان، لەسەر ئەمە دەوڵەتی عالیەی عوسمانیە فەرمانێکی دەرکردووە، بە شێوەیەکی گشتی داوای کردووە ڕێکخستنەوە بۆ سەربازان بکرێت و لە هەمان کاتدا ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە؛ سزا بدرێن (BOA, C.AS., 36713).

2. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەولێر

2.1. ژمارەی دانیشتووان

خەڵکی هەولێر لە چینی دەوڵەمەند پێك هاتبوون، ئەوانیش: بازرگان، ئاغا، خاوەن مووڵك و بەشی فەرمانبەران کە لەناو قەڵا ژیانیان بەسەر بردووە، ئەوانەی دەرەوەی قەڵاش زیاتر لە جووتیاران و کرێکاران پێك هاتبوون (رسول، ٢٠٠٥: ٢٦-٢٧).

لە سەدەی ١٩، زانیاریی جیاواز و جۆراوجۆر لەسەر ژمارەی دانیشتووانی هەولێر بەرچاو دەکەوێت، ئەلحەیدەری لە ساڵی ١٨٣٧ ژمارەی دانیشتووانی لە نێوان ٤٥٠٠-٥٠٠٠ کەس هەژمار کردووە، هەر چی شەمسەددین سامی لە ساڵی ١٨٨٠؛

[٥] سەیری پاشکۆی ژ. (١) بکە.

بەنزیکەیی ٦٠٠٠ کەس هەژماری کردووە (الحیدری، ١٩٨٥: ٧٢. Şemseddin Sami, 1880, II: 821)، هەر چی لە سالّنامەی عوسمانیی ویلایەتی موسڵ لە سالّی ١٨٩٤؛ ژمارەی دانیشتووانی بە ٧٥٩٠ کەس نووسیوەتەوە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 319).

تابلۆی .2.1، ژمارەی دانیشتووانی هەولێر

سالّ	ژمارەی دانیشتووان	خانوو
١٨٣٧	٤٥٠٠-٥٠٠٠[٦]	
١٨٤٧	٤٥٠٠-٥٠٠٠[٧]	
١٨٨٠	٦٠٠٠	١٦٠٠[٨]
١٨٩٠-١٨٩٤	٧٥٩٥[٩]	

هەولێر کتێبخانەی

لەسەر پێکهاتەی دانیشتووانی شاری هەولێر؛ زانیاریی جیاواز بەرچاو دەکەوێت، لە سەرچاوەکاندا هەریەکە نەتەوەیەك بەسەر ئەوی تر زاڵ دەکەن و بە زۆرینەی دانیشتووان هەژماری دەکەن، لەم سەرچاوانەش کاریگەریی ڕەگەزپەرستی بەرچاو دەکەوێت، لەوانە: شەمسەددین سامی لە بارەی پێکهاتەی دانیشتووانی هەولێر؛ تورك بە زۆرینە هەژمار دەکات (Şemseddin Sami, 1880, II: 821)، هەر چی یاقوتی ئەلحەمەوییە، ئەوا پێچەوانەی زانیاریی سەروو؛ نەتەوەی کورد بە زۆرینەی دانیشتووان دادەنێت (یاقوت الحموی، ١٩٩٥، ٢: ١٣٨)، لە سالّنامەی عوسمانیی ویلایەتی موسڵ لە سالّی ١٨٩٤؛ ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕەگەزی تورك زۆرینەی دانیشتووانە و لەدوای ئەویش هۆزەکانی کورد و عەرەب بوونیان هەیە، ئەوانیش لە دەوروبەری هەولێر نیشتەجێن (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 320). لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئەو زانیارییانەی بەردەست کەوتوون؛ دەردەکەوێت لە سالّی ١٨٩٩

[٦] الحیدری، ١٩٨٥: ٧٢
[٧] الحیدری، ١٩٨٥: ٧٢
[٨] Şemseddin Sami, 1880, II: 821
[٩] Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 319

هـۆزی گەردی و بلباس وەکـوو دوو هـۆزی کـوردی بوونیـان هەبـووە، بـۆ نمـوونە؛ لە مێـژووی ٢٠ی حـوزەیران، ١٨٩٩ (١٠ی سـەفەر، ١٣١٧)، لەلایەن والیـی موسـڵەوە تەلەگرافنامەیەك بۆ نەزارەتی ناوخۆ ڕۆیشتووە، لە تەلەگرافنامەکە هاتووە لەنـاو قەزای هەولێر؛ سەرۆکی هۆزی گەردی بە ناوی کاکل ئاغا لەگەڵ سەرۆکی هۆزی بلباس بە ناوی مـحەمەد ئاغـا لەنێـوان ڕووبەڕووبـوونەوە ڕووی داوە، دیـاریی کـردووە کە لەم ڕووبەڕووبوونەوەدا؛ کوژراو و بریندار هەیە (BOA, DH.TMIK.M., 72/3).

پشتبەستن بەم زانیارییانە؛ دەردەکەوێت خەڵکی هەولێـر لە نەتەوەی جیـاواز و تێکەڵ پێك هـاتوون، لەنـاو ئەم قەزایەدا؛ هۆزەکـانی تـورك، کـورد و عەرەب بوونیـان هەیە.

2.1. گەڕەکەکان

لەناو دەوڵەتی عوسـمانیدا خەڵـك لە گەڕەکەکانـدا لەگەڵ یەکـتر پەیوەنـدیی دۆسـتایەتییان هەبـووە و نزیکبـوون و بەرامـبەر بە کێشـە و گیروگرفتەکانـدا بەرپرسیارێتیی یەکتریان هەڵگرتـووە، کۆمەڵگـایەکی مـیللی بـوونە، لە هەمـان کاتـدا لە ڕووی ئایینەوە لەناو یەك کۆمەڵگای خواپەرست کـۆ ببـوونەوە (Gündüz, 2009: 35). دانیشتووانی گەڕەك بـۆ ئەوەی پێداویسـتیی ڕۆژانەیـان دابـین بـکەن؛ دوکـانی قەسـاب، بەرگـدوور و پێڵاوفـرۆش هەبـوو. بە شـێوەیەکی گشـتی خانووەکـان لە چـواردەوری مەسجید دروست کرابوون. هەر چی ناوی گەڕەکەکانیش بە ناوی ئەو جـامیعەی کە لە ناوچەکە بووە یاخود ئەو مەسجیدەی کە لە گەڕەکەکە بووە، ناو دەنرا. جگە لە جامیع و مەسجید، مەدرەسەش بوونی هەبـووە. گەڕەکەکـان بە شـەقام و کۆڵانەکـان لە یەکـتر جیا دەکرانەوە، کۆڵانەکان زۆربەیـان کـۆڵانی "چکـماز"، واتە کـۆڵانی "دەرناچێـت" بـوو، هەروەها تەسك و نارێك بوون (Ünal, 2012: 9-11).

دەتوانین بڵێین گەڕەکەکانی هەولێر لە ڕووی جۆر و ئەنـدازیاریـیەوە بەگشـتی وەکـوو کۆڵانەکـانی عوسـمانییەکان بـوو، بەتـایبەتی گەڕەکەکـانی نـاو قەڵای هەولێـر و بەگشتی گەڕەکەکانی دەرەوەی قەڵاش بەم شێوەیە تەسك و کۆڵانی دەرناچێت بوو.

فۆتۆ .2.1، کۆڵانێکی چکماز (دەرناچێت) لە گەڕەکی سەرای قەڵای هەولێر.

فۆتۆ .2.2، کۆڵانی تەسك و باریك و هەروەها چکماز (دەرناچێت).

فۆتۆ .2.3، پەنجەرە بەرزەکانی خانووی قەڵا

ئەگەرچی سەرچاوەکان لەپێش سەدەی ١٨ تەنیا باسی سێ گەڕەك دەکەن، ئەویش لەناو قەڵا بووە (الحسني، ١٩٨٢: ٨٧)، بەڵام لە سەدەی ١٨-١٩؛ گەڕەکەکان تەنیا بە گەڕەکەکانی ناو قەڵا سنووردار نەبوون، بەڵکوو لە دەرەوەی قەڵاکەش گەڕەك دروست بوو، بەم جۆرە ژمارەیان زیادی کرد، دەتوانین بەم شێوەیە بیانژمێرین:

گەڕەکەکانی قەڵا:

١. گەڕەکی تۆپخانە: دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای هەولێر، تۆپەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەم گەڕەکەدا کۆ کرابوونەوە، لەم گەڕەکە بەرامبەر بە هەولێر و موسڵ دانرابوون، واتە ڕووبان لە هەولێر و موسڵ بوو، بۆیە ئەو ناوەیان لێ نرابوو.

٢. گەڕەکی سەرای: لە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر بوو، لەوە زیاتر فەرمانگەکانی میری و مااڵی ئاغاکان لەم گەڕەکەدا بووە، ئەم خانووانە سەرنجڕاکێش و بە نەقش و نیگار ڕازابوونەوە (الحیدری، ١٩٨٥: ٦٤). لە بەڵگەیەکدا کە بەردەست کەوتووە، لە بارەی ڕووداوێك کە لە گەڕەکی سەرای ناو قەڵای هەولێر ڕووي داوە؛ تێیدا هاتووە: لەناو سانجەقی شارەزوور لە قەزای هەولێر، لە مێژووی ٢١ی ئۆغستۆس، ١٨٦٤ (ی١٨ ڕەبیعی یەکەم، ١٢١٨١)؛ لەلایەن والیی بەغداد بڕیارنامەیەك بۆ ئەنجوومەنی واڵای ناردووە، لەناو ئەو بڕیارنامەیە یەکێك لە دانیشتووانی گەڕەکی سەرای بە ناوی عەلی، لەلایەن سەربازی پیادە بە ناوی عەباس کوژراوە (BOA, MVL, 773/63).

٣. گەڕەکی تەکیە: دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای هەولێر. تەکیەی شێخ شەریف لەسەر تەریقەتی قادریە لەم گەڕەکەدا بوو. خەڵکانی چینی ناوەڕاست لەم گەڕەکەدا کۆ ببوونەوە (الحیدری، ١٩٨٥: ٦٤).

گەڕەکەکانی دەرەوەی سنووری قەڵا:

١. گەڕەکی عەرەب: ئەم گەڕەکە لە جامیعی کوکبورو دەست پێ دەکات، تا بازاڕی قەیسەری درێژ دەبێتەوە. هەندێك لە عەرەبەکان بۆ ئەو شوێنە کۆچیان کردووە و تێیدا نیشتەجێ بوون، هەروەها خانوویان دروست کرد، بۆیە پێی وترا گەڕەکی عەرەب.

٢. گەڕەکی تەعجیل (یەهوودییەکان): لەتەنیشت گەڕەکی عەرەبان بوو. لەم گەڕەکە یەهوودییەکان دەژیان. یەهوودییەکان خاوەن پیشەی بازرگانی و پیشەگەر و زێڕنگر بوون و بەم جۆرە پیشانەوە خەریك بوون، لەناو مەرکەزی گەڕەکدا شوێنێکیش هەبوو خواپەرستیی تێدا ئەنجام بدەن.

٣. گەڕەکی تەعجیل (موسڵمان): لەتەنیشت گەڕەکی یەهوودییەکان بووە.

٤. گەڕەکی خانەقا: یەکێک بوو لەم گەڕەکانەی کە لە دەرەوەی سنووری قەڵا بووني هەبووە (رسول، ٢٠٠٥: ٢٥-٢٦).

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرەوە باس کراون، دەتوانین بڵێین گەڕەکەکانی هەولێر وەکوو گەڕەکەکانی عوسمانی؛ لە ڕووی کلاسیکییەوە کۆمەڵگایەکی میللی بوونە. لەم چوارچێوەیەدا گرنگترین فاکتەرەکانی نەپچڕانی کۆمەڵایەتیی گەڕەکەکانی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی دینی بوونە، بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی موسڵمان نەبوون؛ مەسیحییەکان لە گوندی عەنکاوە دەژیان، هەر چی یەهوودییەکانن؛ ئەوا لە گەڕەکی تەعجیلی یەهوودی دادەنیشتن (رسول، ٢٠٠٥: ٢٦).

2.3. موسڵمانەکان

پێش هاتنی ئیسلام؛ لەنێو خەڵکی هەولێر ئایینی جیاواز بەدی دەکرا، لەگەڵ ئەوانەش ئایینی مەسیحی بەربڵاوترین ئایین بوو (Es-Sakkar, 1995, XI: 272). لە سەردەمی حەزرەتی عومەر، لەلایەن عوتبە کوڕی فەرقەد ئەلسەلەمی؛ شارەزوور فەتح کرا. لە کاتی فەتحکردنی هەرێمی شارەزوور، ئەو شوێنانەی لەناو هەرێمی شارەزوور بوونیان هەبوو: شارەکانی زاخۆ، عەمادییە، دهۆك، عەقرە، سلێمانی و هەولێر بوون، بۆیە شاری هەولێریش لەگەڵ ئەوانە فەتح کرا (البلاذری، ٢٠٠٠: ٢٠٠). بە تێپەڕبوونی کات؛ خەڵکی هەولێر ئایینی ئیسلامی قەبوڵ کرد، وای لێ هات زۆرینەی دانیشتووان پێك بهێنن و لە خزمەتی ئایینەکەدا بن. لە شەڕەکانی دژی خاچپەرستەکان ڕۆڵی ئەکتیڤیان گێڕا، وەکوو موزەفەرەددین کوکبورو لەلایەن خەڵکەوە ببووە سیمبولی هەرێمەکە. جگە لەمە، لەم ماوەیەدا لە هەولێر مزگەوت و خوێندنگایەکی زۆر بونیاد نرا.

لە دەوڵەتی عوسمانی لەسەر مەزهەبی سوننیی حەنەفی بوون، ڕێسا و بنەماکانی دەوڵەتی عوسمانی بەفەرمی لەسەر ئەم ئایین و مەزهەبە دەڕۆیشت. گەورە یاساناسان و شێخی ئیسلام لە بارەی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەست بوون بە دین، ئەو فەتوایانەی کە بۆ ئیسلامەکان دەیاندا؛ لەسەر بنەماکانی دینی ئیسلامی بەگوێرەی ڕێساویاسای شەریعەتی حەنەفی بوو (Ünal, 2012: 56-57)، بەڵام لە هەولێر هەمان شت پەیڕەو نەدەکرا، چونکە زۆرینەی خەڵکی هەولێر لەسەر مەزهەبی شافعی بوون (المنشي- البغدادی، ١٩٤٨: ٧٧).

2.3.1. تەریقەتەکان

تەریقەت وەکوو وشە لە زمانی عەرەبی بە مانای ڕێگا دێت، بەڵام وەکوو زاراوە بە مانای ڕێگای ئیسلام و پێغەمبەر دێت، واتە بە مانای ناسینی خوا دێت (Pakalın, 1993, III: 403-404). لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ گەورەکانی تەریقەت؛ ناوی موتەسەوف، مورشید و شێخ بەکار هاتووە، هەر چی ئەوانەی لەناو تەریقەت پەیوەنددار بوون؛ ناوی سۆفی، دەروێش و عەبدالّیان وەرگرتبوو. مەیدانی کاروچالاکیی تەریقەتەکانیش لە زاویە[١٠] و تەکیەدا[١١] بوو، ئەو شوێنانە ببووە مەرکەزی دینی تەسەوف (Ünal, 2012: 65-67).

لە دەوڵەتی عوسمانیدا تەریقەتەکان دەزگایەك بوون لە ئەرکان و دابونەریت، جیاوازییان هەبوو، ئەندامەکانی لەگەڵ خەڵك لەناو یەك دەژیان، کە هەندێك جار دەبوونە نوێنەری خەڵك. لەم دەزگایانەدا ڕۆژانی هەینی و مانگەکانی ڕەمەزان و بۆنەی ئایینی ڕێك دەخرا. لەلایەن پاشا و پیاوە دەوڵەمەندەکان وەقف دادەمەزرا و گشت پێداویستیی ئەو شوێنانەیان لە ڕێگەی ئەو وەقفانەوە دابین دەکرد (Saydam, 2014: 192)، بۆ نموونە؛ لە قەزای هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە، لە گوندی پیرداود؛ زاویەی شێخ پیرداود لەلایەن شێخ مەحموود ئەفەندی بەرزنجی زادە بەڕێوە دەبرا، لە مێژووی ٢٨ی تشرینی یەکەم، ١٨٥٢ (١٤ی موحەررەم، ١٢٦٩)؛ چواریەکی کێڵگەکانی وەقف کرابوو، بەستراباووەوە بەم زاویەیە، پڕۆگرامی بەم شێوەیە بۆ دانرابوو کە گشت داهاتەکەی بدرێتە ئەو زاویەیە، بەڵام داهاتەکەی لە خەزینەی وەقف کۆ کرابووەوە و نەدرابووە زاویەکە (BOA, MVL., 124/80)، بەم هۆیەوە شێخ مەحموود ئەفەندی داواکارییەکی نووسیبوو، تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو ماوەی حەوت

---

[١٠] زاویە: وەکوو زاراوە سەر بە تەریقەتە، دەرویشەکان لەژێر بەڕێوەبردنی شێخێك بەکۆمەڵ ژیاون، هەروەها ئەو کاروانەی هاتوچۆیان کردووە؛ بەخۆڕایی خۆراك، خواردنەوە و شوێنی نووستنیان بۆ دابین کردووە، لە مەرکەزەکانی نیشتەجێبوون یاخود بینایەی سەر ڕێگا یاخود کۆمەڵەی بیناکان پێك دەهێنن (Ünal, 2011: 743). لە تەکیە بچووکتر، ئەم ناوەی لێ نراوە. لە شار و شارۆچکەکان لە شوێنی حوجرە زاویە هەبووە، حوجرە بە مانای ژووری بچووك دێت، کۆکراوەکەی زاویەیە (Pakalın, 1993, III: 648).

[١١] تەکیە: ئەو شوێنە بووە کە ئەوانەی پەیوەست بوونە بە تەریقەتەکانەوە، ئەم شوێنەیان بەکار هێناوە و لێی دانیشتوون. ئەو ناوەیە بەو شوێنە وتراوە کە بۆ ئەرکی خواپەرستی تەرخان کراوە، واتە تەکیە شوێنی خۆڕاگری و خۆڕاگرتنە، کۆکراوەکەشی تەکیەکانی پێ وتراوە، یەکەم تەکیە لە ڕەملە لەلایەن ئەبو هاشمی کوفی کرایەوە (Pakalın, 1993, III: 445).

ساڵە داهاتی ئەو کێڵگەیە نەگەیشتۆتە دەستی ناوبراو، بۆیە داوای کردبوو لەبەرامبەر ئەوەدا لە خەزینەی ئەوقافی هومایۆن؛ بڕێک مووچەی بۆ ببڕێتەوە (BOA, A.MKT.NZD., 135/33).

پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی بە چاوێکی بەرزەوە سەیری پیاوانی تەریقەتەکانیان دەکرد و ڕێزیان دەگرتن، بە شێوەیەکی گشتییش زاویە و تەکیەکان بە ناوی پیاوانی تەریقەت دەکرانەوە. لە هەولێریش ئەم جۆرە تەکیە و زاویانە بوونیان هەبووە، بۆ نموونە؛ لە قەزای هەولێر، زاویەی شێخ عەبدوڵا لەلایەن شێخ عەبدوڵا بەڕێوە دەبرا، لە مێژووی ١٥ی نیسان، ١٧٠٥ (٢٠ی زیلحیجە، ١١١٦). لەبەر ئەوەی شێخی ناوبراو مەرجەکانی شێخایەتیی تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە فەرمانی نوێکردنەوەی پاکانەی شێخایەتیی ناوبراو نووسراوەتەوە (BOA, İE.EV., 69/7507).

سەبارەت بەم بابەتە، لە بەڵگەکانی ئەرشیف زانیاری دراوە. هەروەك لە گشت دەوڵەتی عوسمانی بەرچاو کەوتووە، لە هەولێریش بەڕێوەبەری تەکیەکانیش مووچەیان بۆ دابین کراوە، بۆ نموونە؛ لە مێژووی ٩ی ئۆغستۆس، ١٨٩٢ (١٥ی موحەررەم، ١٣١٠) لە نووسراوێکی ویلایەتی موسڵ لە هەولێر، بە هۆی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری؛ کوچك ئاغا زادە حاجی عومەر ئەفەندی مانگانە ١٠٠٠ قوروشی بۆ براوەوە، بەڵام دوای مردنی بۆ کوڕەکەی؛ ئەبو بەکر ئەفەندی براوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەبو بەکر ئەفەندی سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی تەکیەی فاتیمە خانی دەکرد و لەم تەکیەش هیچ ڕۆژانەیەکی نەبووە، بۆیە بۆ پێداویستیی ئەم تەکیەیە داوای کردووە لە داهاتی وەقف؛ مانگانە ٥٠٠ قوروشی بۆ ببڕێتەوە (BOA, DH.MKT., 1984/10). لە بەڵگەیەکی تری ئەرشیف کە تێیدا هاتووە ئەو شێخانەی کە باری ئابوورییان خراپە و بژێویی ژیانیان پێ دابین ناکرێت، جگە لە دابینکردنی مووچە، ئەوا گەنم و جۆ و زەخیرەیان بۆ دابین کراوە، بۆ نموونە؛ دانیشتووی هەولێر و لەسەر تەریقەتی قادریە، عەبدولعەزیز ئەفەندی لە مێژووی ٥ی ئەیلوول، ١٨٤٤ (٢١ی شەعبان، ١٢٦٠)، لە هەولێر شێخی خانەقایەك بووە، لەلایەن والیی بەغداد؛ عەلی پاشا لە کۆگای دەوڵەت هەموو ساڵ؛ ١٠ عولبە[١٢] گەنم و ٥ عولبە جۆی بۆ دابین کراوە، بەڵام لە کاتی لێکۆڵینەوەدا کێشەیەك دروست بووە کە لە دەفتەری داراییدا دەرکەوتووە بڕەکەی جیاواز بووە، ئەویش ٢ عولبە و نیو تۆمار کراوە (BOA, C.EV., 576/29093). لە کاتی مردنی هەر ئەندامێکی

[١٢] عولبە: وشەیەکی عەرەبییە، بە مانای قوتووی گەورە دەکات (Devellioğlu, 2008: 1119)، لە هەمان کاتدا بۆ کێشانی دانەوێڵە بەکار هاتووە.

زاویەش، ئەم هاوکارییەی کە وەریگرتووە؛ بۆ کوڕەکەی دابین کراوە، ئەگەر کوڕیشی نەبووبێت؛ ئەوا بۆ نزیکێکی یاخود دەدرایە کەسێك کە کاتی خۆی لە خزمەتی مردووەکە بووە، بۆ نموونە؛ لە مێژووی ٢٥ی کانوونی یەکەم، ١٨٥٣ (٢٤ی ڕەبیعی یەکەم، ١٢٧٠)، لە خەلیفەکانی تەریقەتی نەقشبەندی؛ عەبدولغەفوور ئەفەندی[١٣] دوای مردنی ناوبراو، کوڕەکەی؛ عەبدوڵا ئەفەندی بارى ئابووریی باش نەبووە، داواکاریی بۆ دەوڵەت نووسیووە، تێیدا نووسیویەتەوە مودەڕیس داود ئەفەندی کە مودەڕیسی هەولێرە مردووە، کاتی خۆی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ داود ئەفەندی ١٥ عولبە گەنم دابین کرابوو، لەبەر ئەوەی ناوبراو کوڕی نییە؛ داوای کردووە دەوڵەت ئەم بڕە گەنمە بۆ خودی خۆی دابینی بکات (BOA, A.MKT.UM., 296/47).

2.3.1.1. تەریقەتی قادریە

تەریقەتی قادریە دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی، لەسەر دەستی شێخی ناوبراوەوە ئەو تەریقەتە دروست بووە (العزاوی، ١٩٤٩، ٤: ١٢١). شێخ عەبدولقادر لە دەوڵەتی عوسمانی هاوەڵ و لایەنگری زۆر بووە و تەریقەتێکی فراوان بووە، ئەم تەریقەتە لە هەولێریش بەربڵاو بووە و شێخێکی زۆر سەر بەم تەریقەتە بووە، لەوانە: دانیشتووی هەولێر؛ عەبدولعەزیز ئەفەندی لە مێژووی ٥ی ئەیلوول، ١٨٤٤ (٢١ی شەعبان، ١٢٦٠)، خانەقایەکی دامەزراندووە و شێخایەتیی بۆ خانەقایەکە کردووە. ئەو شێخانەی کە شێخایەتییان کردووە؛ بە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆری زاویە و تەکیە و خانەقا خزمەتی تەریقەتەکانیان کردووە، جگە لەمەش کار و چالاکییان تێدا ئەنجام داوە (BOA, C.EV., 576/29093).

لە مێژووی ٢٣ی ئۆغستۆس، ١٨٤٨ (٢٣ی ڕەمەزان، ١٢٦٤)، لە شارۆچکەی هەولێر سەر بە ئەیالەتی بەغداد، عەبدولعەزیز ئەفەندی کە سەر بە تەریقەتی قادریە بووە؛ داواکارییەکی نووسیوە، داوای لە والیی بەغداد کردووە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ هەژار و دەستکورتەکانی؛ خانەقایەکی خۆراك دابین بکرێت، ئەمەش ئەوە نیشان دەدا کە ئەو دامەزراوانە بەرپرسیارێتیی بژێویی ژیانی هەژاران و کێشەی کۆمەڵایەتییشیان لەئەستۆ گرتووە (BOA, A.MKT., 144/78).

[١٣] سەیری پاشکۆی ژمارە (٢) بکە.

2.3.1.2. تەریقەتی نەقشبەندی

ئەم تەریقەتە لە خێزانی پێغەمبەرەوە، بەهائەددین شا نەقشبەندی ئەلوەیسی- ئەلبوخاری دەرکەوتووە و بڵاو بۆتەوە (Pakalın, 1993, III: 407). عەبدولخالق گوجدەوانی بۆ بنچینەکانی ڕێگای نەقشبەندی؛ هەشت پرەنسیپی داناوە، بەهائەددین نەقشبەندییش سێ پرەنسیپی زیاد کردووە و خستوویەتیە سەری، بەم شێوەیە بە وشە پیرۆزەکان (کلمات قدسیە) ناوبانگی دەرکردووە و لە ١١ پرەنسیپ چووە ناو تەریقەتی نەقشبەندی. بەهائەددین نەقشبەندی ژمارەیەکی زۆر موریدی پێگەیاند، لەوانە چەندیان بوون بە خەلیفە. دوای شای نەقشبەندی؛ تەریقەتی نەقشبەندی لە چوار ڕێگاوە بڵاو بووەوە، ئەوانیش: عەلائەددین عەتار، محەمەد پارسا، یاقوب چەرهی و عەلائەددین گوچدەوان. دوای مردنی عەلائەددین نەقشبەندی؛ لە خەلیفەکانی بە ناوی عەلائەددین عەتار دەستی بە کار کرد، موریدەکانی تر بوونە پاڵپشتی ناوبراو (Kaya, 2011: 7-8). پەیوەندیدارانی ئەم تەریقەتە، ئیلهامەکانیان لە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی حەزرەتی محەمەد وەردەگرت. جگە لەمە، فەرمانەکانی شێخەکان لەلایەن موریدەکانەوە هەروەکوو فەرمانی خودا وا بوو، ئەم فەرمانانە وەردەگیرێت و بەبێ ڕەخنە جێبەجێ دەکرێت. ئەم تەریقەتە لە ناوەندی ساڵانی ١٨٠٠ لە باکووری عێراق ڕاستەوخۆ بۆ لایەنی ئەنادۆڵ بڵاو بووەوە (Aydın, 2000, 48-52). لە بەڵگەکانی ئەرشیف باس لەو تەریقەتە دەکات کە لە مێژووی ٦ی کانوونی یەکەم، ١٨٩١ (٤ی جەمادی یەکەم، ١٣٠٩)؛ تەکیەی فاتیمە خان لەلایەن شێخ ئەبو بەکر ئەفەندی لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی بەڕێوە دەبرا، لەم تەکیەیەدا ژمارەیەکی زۆر دەرویش بوونیان هەبووە (BOA, ŞD.MKT., 120/1).

2.3.1.2.1. شێخ و دەرویشەکان

شێخ دەستەواژەیەکە بۆ سەرۆکی تەکیە یاخود پیری تەکیە بەکار دێت، سەرپەرشتی موریدەکانە، لە هەمان کاتدا ڕێنیشاندەر و خۆشەویستترین بەندەی خودایە (Pakalın, 1993, III: 346). شێخەکان لە زاویە و تەکیەکاندا کار و چالاکی ئەنجام دەدەن، هەریەکە کۆمەڵێکی قەڵەباڵغ پێك دەهێنن. شێخەکان لەگەڵ پیاوان و کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانیدا پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، سوود لە داهاتی وەقف وەردەگرن، جگە لەمە لەلایەن کۆمەڵەکەی خۆیان لە ڕووی ئابوورییەوە هاوکاری دەکرێن. هەر تەریقەیەك لە چینی جیاوازی کۆمەڵگا و کادیرانی دەوڵەت تا پلە بەرزەکان، هاوەڵانیان هەیە.

ئەم کاردانەوە و ژمارەیە وای کردبوو کە شێخەکان خاوەنی سیاسەتێکی بەهێزی ناو کۆمەڵگا بن و لە دەوروبەری خۆیان کەسانێك بە خۆیانەوە ببەستنەوە. لەبەر ئەوەی داهاتی وەقفیان پێ دەدرا، ئەمەش لە ڕووی ئابووریيەوە ببووە پاڵپشتێکی بەهێز کە لەناو کۆمەڵگا شوێنێکی گرنگیان داگیر کردبوو. شێخ و دەرویشەکان لەسەر بیروڕای ئایینیی کۆمەڵگادا کاریگەرییەکی بەهێزیان هەبوو، کە دەیانتوانی کار لە بیروڕای کۆمەڵگا بکەن. خەڵکی ناو کۆمەڵگا لە شوێن دامەزراوەی مەدرەسە؛ زیاتر بیروبۆچوونی سۆفییەکان کاریگەریی بەسەریانەوە هەبوو، چونکە بەگەرموگوڕی سەیری شیکردنەوەی ئیسلامیان دەکرد و ڕێزیان دەگرت (Ünal, 2012: 70).

شێخەکان هەریەکە بەتەنیا لە زاویە و تەکیەی بە خودی خۆیان شێخایەتییان کردووە، تەکیەکان لەسەر دەستی شێخەکان بەرەوپێش چوون، هەروەها فراوان بوون. هەر چی پەیوەستە بەمە، لەنێوان شێخەکان و تەریقەتەکاندا پەیوەندییەکی قووڵ و بەهێز هەبووە، وەکوو نموونە؛ لە هەولێر دەتوانرێت لە تەکیەی فاتیمە خان ئەم پەیوەندییە ببینرێت، شێخ ئەبو بەکر ئەفەندی لە مێژووی ٩ی ئۆغستۆس، ١٨٩٢ (١٥ی موحەررەم، ١٣١٠)؛ لەم تەکیەیە بینراوە (BOA, DH.MKT., 1984/10). دیسان بەرزنجی زادە شێخ حاجی مەحموود ئەفەندی لەناو هەولێر سەر بە ئەیالەتی بەغداد، لە مێژووی ١٩ی مارت، ١٨٥٣ (٨ی جەمادی کۆتایی، ١٢٦٩)؛ لە زاویەی شێخ پیرداود[١٤] ئەنجامی داوە (BOA, A.MKT., 124/80). هەر لەسەر ئەم پەیوەندییە لە هەولێر، زاویەی شێخ عەبدوڵا؛ عەبدوڵا ئەفەندی شێخایەتیی کردووە (BOA, İE.EV., 69/7507)، هەروەها شێخی خانەقا لەسەر تەریقەتی قادریە؛ شێخ عەبدولعەزیز ئەفەندی، دەتوانین ئەمانە وەکوو نموونە وەربگرین (BOA, C.EV., 576/29093). لەناو ویلایەتی موسڵ، لە شێخەکانی هەولێر، شێخ ئەسعەد ئەفەندی لە مێژووی ١١ی شوبات، ١٨٩٦ (٢٦ی شەعبان، ١٣١٣)؛ باس لەوە دەکرێت ٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ بڕاوەتەوە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە دەوڵەت بۆ شێخەکان مووچەی بڕیوەتەوە یاخود دابینی کردووە (BOA, İ.ML., 16/61).

هەر چی دەرویشەکانە سەر بە تەریقەتەکان بوونە، لەژێر دەستی شێخێکدا بوون (Ünal, 2011: 743). لە فارسیدا؛ دەرویش بە مانای هەژار، دەستکورت، تەنانەت

[١٤] گوندی پیرداود: دەکەوێتە باشووری هەولێر، سەر بە ناحیەی شەمامك بوو، ١٨,٧٠٠ کیلۆمەتر لە هەولێر دوورە.

سوالْکەریش دێت، بەڵام ڕاستیی دەرۆێش و دەرۆێژ، ئەم دوو وشەیە بە مانای سوالْکردن دێت. جگە لەمەش ئەم وشەیە بەم کەسانە دەوترا کە لەناو تەریقەتەکان کاریان دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی بە ڕێگای تەریقەت دەڕۆن؛ لە ڕووی ئابووریيەوە لە کەسانی پایەبەرز پێك دێن. لەوانەیە لە سەرچاوەکان باسی سوالْکردنی دەرۆێشەکان بکرێت، وشە ڕاستەقینەکەی سوالْکردن بێت، بەڵام لە ڕووی کارەکەوە، ئەوا دەرۆێش سوالْ لە کەس ناکات و داوای هاوکاری لە کەس ناکات (Pakalın, 1993, I: 428-429).

لە هەولێر ژمارەیەکی زۆر دەرۆێش هەبوون، بۆ نموونە؛ لە مێژووی ٦ی کانوونی یەکەم، ١٨٩١ (٤ی جەمادی یەکەم، ١٣٠٩)، لە بەڵگەیەکی ئەرشیف دەردەکەوێت لە تەکیەی فاتیمە خان ژمارەیەکی زۆر دەرۆێش بە خواپەرستی سەرقاڵ بوون (BOA, Ş.D., 120/1). لە مێژووی ٣١ی تشرینی یەکەم، ١٩٠٠ (٧ی ڕەجەب، ١٣١٨)، شێخ ئەسعەد ئەفەندی کە زاویەکەی یاخود تەکیەی دیار نییە. لە بەڵگەیەکی ئەرشیف؛ خواردن و پێداویستیی ئەم شێخ و دەرۆێشانە، بە ٢٠٠ قوروش دیاری کرابوو. واتە ئەو زاویە و تەکیانە تەنیا شوێنی خواپەرستی نەبووە، لە هەمان کاتدا شوێنی دەستکورتان بووە، پێداویستیی دەرۆێشەکان لە خواردن و خواردنەوە دابین کراوە و شوێنی حەوانەوەیان بووە (BOA, DH.MKT., 2423/9).

2.4. زاناکان

ئەمانە لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە ڕووی دینییەوە جیاواز بوون، لەبەر ئەوەی لە بابەتی دینی شارەزا بوون، لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە لە سەرەوەی کۆمەڵگا بوون، لەلایەن دەوڵەتەوە تایبەتمەندییان هەبوو، کە ماڵومولْکیان دەستی بەسەردا نەدەگیرا، لە لایەنی سیاسییەوە سزای کوشتنیان بۆ دەرنەدەچوو، لە باجیش بەخشرابوون، ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی لەناو کۆمەڵگادا لەنێو خۆیان؛ چینێك دروست بکەن.

ئەم گروپەیە؛ گروپێکە لە مودەڕیس، قازی، موفتی، ئیمام و وتاربێژ پێك هاتبوون، بە خۆیان دەوت زانا و وەکوو سیستمی فەرمانبەران تایبەتمەندییان هەبووە (Ünal, 2012: 68-70). لە مێژووی ١٠ی تشرینی دووەم، ١٨٩٤ (١١ی جەمادی یەکەم، ١٣١٢)، لە هەولێر لە جامیع و تەکیەی خالیدیە؛ شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی بە پەروەردە و خوێندن سەرقاڵ بوو (BOA, DH.MKT., 306/7).

جگە لەمە لە مێژووی ٢٠ی مارت، ١٨٩٩ (٨ی زیلقەعدە، ١٣١٦)، لە زاناکانی هەولێر و لەسەر تەریقەتی نەقشبەندیی شێخ ئەحمەد (BOA, DH.MKT.NU., 2180/16) و زانای ئەلحەیدەرییە کە لە بەڵگەیەکدا هاتووە؛ والیی بەغداد لە مێژووی ٣٠ی تشرینی

دووەم، ١٨٥٦ (٢ی ڕەبیعی کۆتایی، ١٢٧٣)، بۆ موتەسەرفیەتی شارەزوور نووسراوێکی نووسیوە، لە خێزانی حەیدەرییە؛ محەمەد سالّح، محەمەد ئەمین و عیسا ئەفەندی، داهاتی گوندەکانی پێرداود، بەردحوشتر و بەحرکە کە سەر بە قەزای هەولێرن؛ لەژێر دەستی ناوبراوانە (BOA, A.MKT.MU., 83/23).

2.5. ناموسڵمانەکان

2.5.1. مەسیحییەکان

لە دەوڵەتی عوسمانیدا لەژێر ناوی سیستمی میللەت، مافەکانیان داڕێژرابوو. ئەم میللەتانە بەگوێرەی مەزهەبەکانیان جیا دەبنەوە و هەر گرووپێکیش نوێنەری خۆیان هەیە، لەلایەن دەوڵەتەوە نوێنەرایەتییان دەکات و کاروباری کارگێڕییان بەڕێوە دەبردرێت، ئەم نوێنەرەش بە نەریتی خۆیان هەڵدەبژێردرا. ئەم کەسە هەڵبژێردراوانە هەم لە لایەنی دینییەوە، هەم لە لایەنی کارگێڕییەوە سەرکردایەتییانی دەکرد و لەبەرامبەر دەوڵەت بەرپرسیار بوو و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵەکەی لەسەرشان بوو، خۆیشی- بە ناوی "میللەت باشی" خۆی دەناساند (Saydam, 2014: 196-197). مەسیحییەکانی هەولێر لە بەشی ئەهلی ئەحەد (اهل احد)، ئەهلی زیممەت (اهل زمت) دەناسران و پێك هاتبوون، وەکوو هاونیشتمانی عوسمانی لەم وڵاتە دەژیان، بەتایبەتی هەولێر قەزایەکی دەوڵەتی عوسمانی بوو، هەروەها ئەو مەسیحییانەی لە گوندی عەنکاوە دەژیان؛ بەسترابوونەوە بە هەولێر.

سەبارەت بە دەرچوونی ئایینی مەسیحی لە هەولێر و بڵاوبوونەوەی، تا سالّی ٩٩ زایینی درێژەی کێشا. کەسێك بە ناوی مارەدی لەگەڵ هەژارێکی هەولێر بە ناوی فاکیزئاوا، بەیەکەوە یەکەم کەس بوونە مەسیحیەتیان قەبوڵ کردووە. ئەم دوو کەسە لە سالّی ٩٩ زایینی لەناو میرنشینی حەدیاب دەستیان کردبوو بە بڵاوکردنەوەی ئینجیل (پاترۆس، ٢٠٠٩، ١: ٢٤٤). لە سەردەمی ساسانییەکان تا دەهات بڵاووونەوەی مەسیحیەت فراوانتر دەبوو. ئەو پیاوانەی کە بۆ دەوڵەت کاریان دەکرد؛ لەژێر کاریگەریی پیاوانی مەجوسیدا بوون، بۆیە ڕێگەیان نەدا ئەم ئایینە بڵاو بێتەوە، بەڵام لە ٥٥٠ی زایینی؛ ئایینی مەسیحی لە هەولێر بڵاو ببووەوە. لەم هەرێمە لە سەرەتادا مەرکەزی ئەم ئایینە شوێنێك بوو پێی دەوترا مەترانیق، کەچی لە ئەنجامی شەڕی نێوان ساسانییەکان و ڕۆمەکان؛ مەرکەزەکەی گوازرایەوە بۆ حەدیاب، لێرە بە ماوەیەکی زۆر کورت ژمارەیەکی زۆر کەنیسە و قوتابخانە کرانەوە (اسماعیل، ١٩٧٠: ١١٨-١١٩).

لە هەولێر، یەکەم شوێنی خواپەرستیی مەسیحییەکان لەلایەن شەهید مارگورگیس لە ساڵی ١٧٠١، لە باکووری عەنکاوە، لەسەر گردێکی بەرز؛ کەنیسەی مارگورگیس دروست کرا (پاترۆس، ٢٠٠٩، ١: ٢٤٤).

مەسیحییەکانی هەولێر وەکوو گشت مەسیحییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەئازادی خواپەرستی خۆیان و دابونەریتی خۆیان ئەنجام داوە و هیچ سنووردێکیان بۆ دانەنراوە. لە بەڵگەیەکی ئەرشیفدا هاتووە، لە مێژووی ٥ی تشرینی یەکەم، ١٨٥٨ (٢٦ی سەفەر، ١٢٧٥)، قەزای هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی شارەزوورە، دانیشتووی گوندی عەنکاوە؛ شێخ مستەفا هاتۆتە سەر ئایینی ئیسلام، داوای کردووە لە نەزارەتی دارایی؛ ١٥٠ قوروش مووچەی بۆ ببڕدرێتەوە. مەسیحییەکان هەر کاتێک ئارەزوویان کردبێت، توانیویانە بێنە سەر ئایینی ئیسلام و بەزۆر نەکراونەتە ئیسلام (BOA, A.MKT.MHM., 141/71).

مەسیحییەکانی هەولێر زۆربەیان لە میللەتی کلدانین (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 319) و لە سەرەتای سەدەی (١٨)ەوە بە کار و چالاکیی ماریوحننا هورمز لە عەنکاوە، دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی کاسۆلیک. لە ساڵی ١٧٧٩، مەسیحییەکانی عەنکاوە زۆربەیان چووبوونە سەر مەزهەبی کاسۆلیک (پاترۆس، ٢٠٠٩، ١: ٢٤٥-٢٤٦). ئەو مەزهەبانەی لە هەولێر دەسەڵاتدار بوون؛ لە دوو مەزهەب پێک هاتبوون و لەم دوو مەزهەبە سنووردار نەبوون، بەڵکوو مەزهەبی پرۆتستانتیش دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد. بڵاوبوونەوەی مەزهەبی پرۆتستانت لەم هەرێمە، لە ئەنجامی کار و چالاکیی ئەمەریکییەکان بەرەوپێش چوو. لە مێژووی ٢٦ی ئۆغستۆس، ١٨٥٨ (١٦ی موحەررەم، ١٢٧٥)، لە ئەنجوومەنی ویلایەتی موسڵ بۆ کۆچەباشی شەمماس ئارامیان کۆبوونەوەیەک ڕێک خرابوو، ئەو کەسە لە ویلایەتی شارەزوور، لە گوندی عەنکاوەی سەر بە هەولێر، وەکوو پرۆتستانتییەک بە هاوکاریی ئەمەریکییەکان لە موسڵ کتێبی فرۆشتووە، هەروەها مەزهەبی پرۆتستانتی بڵاو کردبووەوە (BOA, A.MKT.UM., 323/31).

2.5.2. یەهوودییەکان

یەهوودییەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر بە ئایینی حەزرەتی موسا. ئەو یەهوودییانەی لەسەر خاکی عوسمانیدا دەژیان؛ بە شێوەیەکی ناڕێک پەرشوبڵاو بوون، لە هەمان کاتدا کۆمەڵەیەک بوون بە زمانی جیاواز قسەیان دەکرد. یەهوودییەکانی عێراق بە زمانی ئارامی قسەیان دەکرد. یەهوودییەکان وەکوو کۆمەڵەی مەسیحییەکان؛

کـۆمەڵەیەك نەبـوون بەسـترابنەوە و لەژێـر کـۆنترۆڵی مەرکەز بـن، جـگە لەمە یەهوودییەکـان وەکـوو مەسـیحییەکان؛ چینـی ڕاهیـبە و کەنیسـەیان نەبـووە (Ünal, 2012: 60).

بەگـوێرەی سـەرچاوەکان، لە سـاڵی ١٢٥٠ ئەوەی لە یەهـوودیەت نزیـك بۆتەوە؛ عەلی کوڕی زەکەریا ئەربیللی و لە ساڵی ١٢٧٥یش یوسف کوهـان کـوڕی عەلی بووە (اندلوسی، ١٩٤٥: ١٢٧). جگە لەمە لە بەڵگەی ئەرشـیف لەو ڕووداوانەی کە بـاس کراون؛ تێیدا ناوی یەهوودییەکان هاتووە: عەبو یەهوودی، دانیشـتووی قەزای هەولێـر کە سەر بە ئەیالەتی شارەزوورە، لە مێـژووی ٤ی حـوزەیران، ١٨٦٢ (٦ زیلحـیجە ١٢٧٨) بە تـاوانی کوشـتنی خێـزانەکەی؛ ڕەیحـانە دەسـتگیر کـراوە و لە ئەنجـوومەنی کـارگێڕی، بڕیارنـامەی بکـوژەکە نێـردراوەتە ئەنجـوومەنی شـارەزوور (BOA, MVL., 762/103). پشتبەسـتن بە زانیارییەکـانی سـاڵی ١٨٩٤ی سـاڵنامەی موسـڵ، ئەوا یەهوودییەکـان بە ڕەگەزێکی گرنگی هەولێـر هەژمـار کـراوە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 319). لە ڕوونکـردنەوەیەکی تـردا لە سـاڵی ١٨٩٢ لە هەولێـر، ٤٩٧ یەهـوودیی نیشـتەجێی هەولێر؛ بوونیان هەبووە (Streck, senesiz, II: 520).

2.6. وەقفەکان

لە دەوڵەتی عوسمانی هەندێك پێداویستیی کۆمەڵگـا بـۆ ئەو وەقفـانە بەجـێ هێڵدرابوو کە دەوڵەمەندەکان دایانمەزراندبوو. ئەو کەسانەی کە خاوەن پـارە و موڵـك بوون، بەتەواوەتی یـاخود بەشـێکی بـۆ سـوودی مـیللەت پێشـکەش دەکـرا و دەبـوو بە وەقف. واتە کەسێك لە سەروەت و سامانی تایبەتی خۆی، بەشـێکی لە پێنـاو و بەهیـوای دەسـتکەوتنی ڕەزامەنـدیی خـودا بـۆ سـوودی خەڵـك تەرخـان دەکـات. ئەو کەسـەی سەروەتی یاسایی خۆی بۆ خەڵکی کۆمەڵگا بەجێ دەهێڵی، بە مانـای ئەوە دەکـات ئیـتر لە گشت مافێکی ئەو سەروەتە خۆش دەبێت کە لەسەر ناویەتی. جگە لەمە دەوڵەتـیش نەدەبـووە خـاوەنی ئەم سـەروەتە، لە داهـاتی وەقـف؛ تەنیـا ئەو کەسـانە سـوودمەند دەبوون کە سـەر بە وەقـف بـوون و خـاوەنەکەی تەنیـا کۆمەڵگـا بـوو. ئاشـنابوون بە وەقفیش تەنیا ئەو کەسانە بوون کە بڕواداری ئیسلام بوون، چونکە وا تێگەیشتبوون کە یارمەتیدانی خەڵك و هاوکـاریکردنی مرۆڤەکـان جـگە لەمە، ئەوانەی چـاکەی خەڵکیـان دەویـت؛ وەکوو خواپەرسـتی وایە، بەتـایبەتی ئەگەر بێتـوو کەسـێك کـارێکی خێرخـوازی لەدوای خۆی بەجێ بهێڵـێ، ئەوا لەدوای مـردنی؛ دەفـتەری چـاکە و خێـری داناخرێـت (Saydam, 2014: 237).

ئەم دامەزراوانە وەکوو دامەزراوەی دینی و دەوڵەت لەگەڵ یەکتر لە پێشبڕکێدا بوون، بەتایبەتی دەوڵەتی عوسمانی خاوەنی دەوڵەمەندترین و کاریگەرترین دامەزراوە بوو. لە ڕووی خزمەتی کۆمەڵایەتی و خزمەتی ئایینی، دامەزراوەی زۆر کاریگەریان دامەزراندبوو (Halaçoğlu, 1995: 155).

لە دەوڵەتی عوسمانی بە ئامانجی زۆر؛ دامەزراوەی وەقف دادەمەزرا، تەنانەت بۆ سادەترین و ئاسانترین پێداویستی؛ وەقف دادەمەزرا. ئەوانەی سەرمایەیان نەبوو کەلوپەلی بووکێنی بۆ کچەکانیان ئامادە بکەن، بە هاوکاریی پیشەگەرەکان ئامادە دەکرا. جگە لەمە ئەوانەی لە وەرزی زستانی سارد؛ خۆراك و زەخیرەیان نەبوو تەنانەت تا دەگاتە ئاژەڵ بەخێوکردن، ئەوا هەر شتێك عەقڵ پێی بشکێ؛ وەقفی بۆ دادەمەزرا (Saydam, 2014: 238). هەولێر وەکوو نموونە وەربگرین: ئەبو بەکر ئەفەندی کە لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی لە هەولێر تەکیەی فاتیمە خانی بەڕێوە دەبرد، لە مێژووی ٦ی کانوونی یەکەم، ١٨٩١ (٤ی جەمادی یەکەم، ١٣٠٩)، بۆ داهاتی ئەم تەکیەیە؛ ٥٠٠٠ سەر مەڕ کرابووە وەقف (BOA, ŞD.NU., 120/1).

وەقف بۆ دوو لق جیا دەبووەوە، یەکەمیان: ئەو وەقفانە بوون کە خۆیان سوودیان لە خۆیان دەبینی، واتە داهاتەکەیان بۆ سوودی خۆیان بوو، بەمانە دەوترا داموودەزگای خێرخوازی، لەناو ئەم گرووپە؛ جامیعەکان، مەسجیدەکان، مەدرەسەکان، مەکتەبەکان، بینایەکان، کاروانسەرای، زاویە، نەخۆشخانە، کتێبخانە و گۆڕستان دەچوونە ناو ئەم دەزگایەوە. بەشی دووەم: ئەو وەقفانە بوون کە داهاتەکە بۆ خودی خۆیان نەبووە، بەڵام ئەوەیان هاوکار دەبوو بۆ ئەوەی یەکەمیان بەردەوام لە کارکردندا بێت، وەکوو: بینا، زەویوزار، دوکان و پارەی کاش، واتە سەرچاوەی وەقفە بۆ کارپێکردنی، ئەمانە لە دەوڵەتی عوسمانی ناوی نرابوو "وەقفی ڕەسەن". ئەم دوو بەشەی وەقف؛ تەواوکەری یەکتر بوون و یەکتریان تەواو دەکرد، بەتایبەتی لە دەوڵەتی عوسمانی شایەدی ئەوە دەدرێت فراوانبوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی (Halaçoğlu, 1995: 156). نموونە بۆ ئەم جۆرە زەوییانە: لە ئەیالەتی شارەزوور لە گوندی پیرداودی سەر بە قەزای هەولێر؛ زاویە و مەرقەدی پیرداود هەبووە، بەرزنجی زادە حاجی مەحموود ئەفەندی سەرپەرشتیی ئەم شوێنەی کردووە. لە مێژووی ١٩ی مارت، ١٨٩٣ (٨ی جەمادی کۆتایی، ١٢٦٩)، بۆ دابینکردنی پێداویستیی ئەم زاویەیە؛ چواریەکی کێڵگەیەك کراوەتە وەقف، بەڵام لەناو حەوت ساڵدا داهاتی ئەم وەقفە نەگەیشتۆتە دەست زاویەکە و ٢٠٠٠٠ قوروش داهاتەکەی؛ بەتەواوەتی چۆتە خەزینە، بۆیە لەلایەن

بەرزنجی زادە حاجی مەحموود ئەفەندی داواکارییەك نووسراوەتەوە و داوای کردووە مووچەیەکی بۆ ببڕدرێتەوە (BOA, MVL., 124/80).

لە دەوڵەتی عوسمانی ئەو بابەت و مەسەلانەی پەیوەست بوون بە لایەنی سەربازییەوە؛ لە بودجەی دەوڵەت تەرخان دەکرا، وەکوو: دروستکردنی ڕێگا، پرد، قەڵا و قشلە، ئەمانە بە ئامانجی سەربازی بوونە، بەڵام لە بودجەی دەوڵەت؛ مەدرەسە، بینایە، جامیع، مەسجید، نەخۆشخانە، زاویە، کاروانسەرای، خان، گەرماو و ئاوی خێرخوازیی خواردنەوە دروست نەدەکرا، چونکە بەگوێرەی بیروڕای عوسمانییەکان ئەوانە ئەرکی دەوڵەت نەبووە دروستی بکات، بەڵکوو ئەرکی دەوڵەت؛ پاراستنی گیان و ماڵی هاوڵاتی و پارێزگاریکردن لە هاونیشتمانیان و سەقامگیری و جێگیرکردنی ئاسایش بووە، جگە لەمە پارێزگاریکردن لە سنوورەکان و ڕێکخستنی کارگێڕیی دەوڵەت لە گشت لایەك (Ünal, 2013: 246). هاوڵاتیانی عوسمانی زۆر بایەخیان بە دروستکردنی مەکتەب دەدا، هەندێك جار بە داهاتی خۆیان مەکتەبیان دروست دەکرد یاخود نۆژەنیان دەکردەوە، بۆ ئەم زانیارییە دەتوانین هەولێر وەکوو نموونە وەربگرین: لە مێژووی ٢ی کانوونی یەکەم، ١٩٠٠ (٩ی شەعبان، ١٣١٨)، خەڵکی هەولێر لە گیرفانی خۆیان؛ ٨٨٥٠ قوروشیان کۆ کردۆتەوە و بەم پارەیە مەکتەبی روشدیەیان نۆژەن کردۆتەوە، لەگەڵ ئەمەش مەکتەبێکی سەرەتاییان دروست کردووە، هەردووکیان بەیەکەوە کراونەتەوە (BOA, MF.MKT., 541/16).

لە هەمان کاتدا وەقفەکان خزمەتی پەروەردە و خوێندنیشیان کردووە، بەتایبەتی لە سەرچاوەکاندا باس لەوە دەکەن کە لە داهاتی وەقف؛ مووچە بۆ مودەریس، کاتیب و شێخ دابین کراوە. لە مێژووی ٢٧ی کانوونی دووەم، ١٨٩٥ (٣٠ی ڕەجەب، ١٣١٢)، والیی موسڵ نووسراوی بۆ نەزارەتی ناوخۆ ناردووە، داوای کردووە مانگانە مووچەیەکی ٣٠٠ قوروش لە خەزێنەی دارایی یاخود لە وەقف بۆ عوسمان ئەفەندی زادە محەمەد ئەفەندی دابین بکرێت کە ناوبراو خزمەتی خوێندن و پەروەردە دەکات (BOA, DH.MKT., 223/43).

خزمەتێکی تر کە لەلایەن وەقفەکانەوە کراوە، ئەویش دابینکردنی پێداویستیی تەکیە و مووچە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەرکیان هەبووە. لە مێژووی ٩ی ئۆغستۆس، ١٨٩٢ (١٥ی موحەررەم، ١٣١٠)، نووسراوێك بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەبو بەکر ئەفەندی بەڕێوەبەری تەکیەی فاتیمە خان لە هەولێر خەرجیی خۆراکی ڕۆژانەی نییە، بۆیە داوای کردووە مانگانە ٥٠٠ قوروش بۆ ئەم تەکیەیە دابین بکرێت تا پێداویستیی تەکیەکەی پێ ئامادە بکات (BOA, DH.MKT., 1984/10).

وەقفەکانی دەوڵەتی عوسمانی تا ساڵی ١٨٢٦ کە نەزارەتی ئەوقافی هومایۆن دامەزرا؛ لەلایەن نازر و سەرپەرشتیکارانەوە بەڕێوە دەبرا، بەڵام وەقفەکان تا دەهات ژمارەیان زیاد دەبوو، بۆ ئەوەی بایەخ بە مەسەلەکان بدرێت و شوێن بە شوێن چاودێریی هەژاران و چارەسەری کێشەکانیان بکرێت. نەزارەتی ئەوقافی هومایۆن دامەزرا، لە ساڵی ١٨٣٩ گشت وەقفەکانی ناو وڵات بەم دامەزراوەیە بەسترایەوە (Saydam, 2014: 240).

3. پێکهاتەی بیناکاریی هەولێر (١٨-١٩)

3.1. قەڵای هەولێر

لە بارەی دروستبوونی قەڵاوە، بیرۆرای جیاواز بەرچاو دەکەوێت. ئەولیا جەلەبی پێی وایە ناوی هەولێر لەلایەن کوڕی بەهیستان کوڕی کاپوس کوڕی مەنوجەهیر دروست کراوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی قەڵا بڕوایان بە حەزرەتی یەحیا هێناوە، بۆیە ئەم قەڵایە ناوی هەولێری پێ دراوە، هەندێکیان پێیان وایە ئەم ناوە لە ئەسحابی (فیل) هاتووە (Evliya Celebi, 2010, II,IV: 681). لە ڕووی مێژووییەوە؛ قەڵای هەولێر یەکێکە لە کۆنترین قەڵاکانی جیهان، ٦٠ هەزار مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە (الحسنی، ١٩٨٢: ٢٣٨). ئەم قەڵایە لەسەر پردێکی بەرز بونیاد نراوە، لە چواردەوری قەڵاکە خەندەقێك هەبووە، دەروازەی قەڵاکە لە دوو دەرگا پێك هاتبوو، دەرگای باشووری ڕووی لە کەرکووك و بەغداد بووە، دەرگای باکووریش بە ناوی دەرگای عەمکا بەناوبانگ بووە و ڕووی لە عەنکاوە بووە. ئەم قەڵایە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە، لە ناوەوەی ژمارەیەکی زۆر خانوو، مزگەوت، گەرماو و بازاڕی تێدا بووە (یاقوت الحموی، ١٩٩٥، ١: ١٣٨). هەر چی خەڵکی قەڵایە؛ زیاتر لە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بازرگان و دەوڵەمەندەکان پێك هاتبوون (الحسنی، ١٩٢٥: ١٤٧).

قەڵای هەولێر پتەو و ساغ بووە، کە چوونەناوەوەی زەحمەت، تەنانەت ئەستەم بووە، هیچ داگیرکەرێك نەیتوانیوە بەئاسانی داگیری بکات. ئەم قەڵایە لە سەردەمە جیاوازەکاندا لەلایەن داگیرکارانەوە هەوڵ و کۆششی زۆر دراوە تا داگیر بکرێت، عیمادەددین زەنگی؛ دامەزرێنەری ئەتابەگی موسڵ، لە ساڵی ١١٣٢ ویستوویەتی هەولێر بە ئەتابەگەکەی خۆی ببەستێتەوە، بۆیە ئابڵوقەی قەڵاکەی داوە، بەڵام کاتێك هەواڵی بۆ دێت کە سوڵتان مەسعوود لە ئازەربایجانەوە بۆ هەولێر بەڕێ کەوتووە؛ ئابڵوقەکە دەشکێنێت و واز دەهێنێت.

فۆتۆ .3.1، دەرگای باشووری قەڵای هەولێر



فۆتۆ .3.2، دەرگای عەمکای قەڵای هەولێر

لە ساڵی ١٢٣٣ قەڵاکە لەژێر دەستی موزەفەرەددین کوکبورو بووە، بەڵام دوای مردنی ناوبراو، خەلیفەی عەباسی بۆ ئەوەی هەولێر بخاتەوە سەر بەغداد؛ لەشکرەکەی بۆ هەولێر دەنێرێت، بەڵام خەڵکی هەولێر خۆیان ڕادەست نەکرد و شەڕیان کرد. خەلیفەی عەباسی لە ڕۆژی دووەم و سێیەمی ئابڵوقەدانەکە لەشکرێکی گەورە و هێزی بەهێزتری نارد، دووبارە قەڵاکەی ئابڵوقە دا و لە کۆتاییدا قەڵاکە بەرگەی ئابڵوقەدانەکەی نەگرت و بەستراوە بە بەغداد. لە ساڵی ١٢٣٧ لەلایەن مەغۆلەکانەوە ئابڵوقە درا، کاتێک هەواڵی ئەوەیان بۆ هات کە خەلیفەی عەباسی ڕاستەوخۆ بۆ هەولێر بەڕێ کەوتووە؛ ئابڵوقەکەیان شکاند. لە ساڵی ١٢٥٨ لەلایەن مەغۆلەکانەوە قەڵا ئابڵوقە درابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی قەڵاکە پتەو و دەروازەی چوونەناوەوەی نەبوو؛ نەیانتوانی داگیری بکەن، دواجار نائیبی موسڵ؛ بەدرەددین لولو لەگەڵ مەغۆڵەکان کاری هاوبەشی ئەنجام دا، پیلانێکیان داڕشت، بەگوێرەی پیلانەکە لە وەرزی هاوین خەڵکی قەڵا لە قەڵاکە دێنە خوارەوە و بۆ دەشتایی دەڕۆن، ئابڵوقەدانی قەڵا لەم کاتە باش دەبێت، بە هەمان پیلان سەرکەوتوو بوون لە داگیرکردنی قەڵاکە (حوسێن، ٢٠١٣: ٢٥٦-٢٥٧).

لەبەر ئەوەی قەڵای هەولێر ناوە تووشی داگیرکردن بۆتەوە؛ زیانی پێ گەیشتووە، زۆر جاریش نۆژەن کراوەتەوە. یەکێک لەوانەی قەڵاکەی نۆژەن کردۆتەوە، عادل ئەنوشێروان بووە. لە ساڵی ١٥٥٥ لە سەردەمی قانوونی سوڵتان سلێمان، لەلایەن محەمەد پاشا دووبارە قەڵاکە نۆژەن کراوەتەوە (Evliya Celebi, 2010, II,IV: 681-682). لە سەردەمی عوسمانیدا لە مێژووی ٦ی کانوونی یەکەم، ١٧٤٥ (١٢ی زیلقەعدە، ١١٥٨)، هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە، هەندێک شوێنی قەڵایەکە ڕووخاوە، بۆیە خەڵکی هەولێر داواکارییەکی بە واژووی کۆکراوە نووسیوەتەوە و داوایان کردووە ئەو شوێنانەی ڕووخاوە؛ نۆژەن بکرێتەوە. لێرەدا میری میرانی شارەزوور؛ حوسێن پاشا داواکارییەکەی خەڵکی هەولێری بە دوو فەرمانبەر بۆ مەرکەز دەنێرێت، لە ئەنجامدا لەبەر ئەوەی هەولێر لە مەرکەز دوور بووە؛ ئەرکی نۆژەنکردنەوەی قەڵاکە دەدرێتە والیی دیاربەکر؛ محەمەد پاشا، خەرجییەکەشی لەلایەن بەرپرسی ژمێریاری تۆمار دەکرێت و پارەکە خەرج دەکرێت (BOA, C.AS., 1149/51065).

گرنگترین پێکهاتەی ناو قەڵاکە؛ گەرماو و جامیعەکەیەتی، زۆر جار گەرماو و جامیعەکە نۆژەن کراوەتەوە، لە ساڵی ١١٣٨ لەلایەن سەرفتەکین کوڕی مەنسور بۆ زانا و

ئایینپەروەر ئەبو عەباس دروست کرا، لە ساڵی ١٢٧٨ دووبارە نوژەن کرابـووەوە. جـگە لەمە لەبەر ئەوەی گەرمـاو و جـامیعەکە لەتەنیشـت یەکـن، لە دووڕەوە منـارەی جامیعەکە و قوببەی گەرماوەکە وا نیشان دەدات کە هەردووکیان سەر بە جامیعەکەن.



فۆتۆ .3.3، قوببەی گەرماوەکە و منارەی جامیعەکەی قەڵا

فۆتۆ .3.4، ناو مزگەوتی گەورەی قەڵا

لەناو قەڵای هەولێر لە ساڵی ١٧٧٥ گەرماوەکە دروست کرا، لە هەمان ساڵدا لەلایەن قاسم ئاغا یەعقوبی نۆژەن کراوەتەوە، ڕووبەری حەوشەی گەرماوەکە ٣٠٠ مەترە، بیرەکەی ٦٠ مەتر قوواڵییەتی، کە بیرەکە دەکەوێتە پشت گەرماوەکە و لەلای چەپی حەوشەکەیە (کوردە، ٢٠٠٩، ٢، ٧٩٩-٨٠٠). لە هەمان کاتدا لەپاڵ بیرەکە شوێنێك هەیە تایبەتە بە کێشانەوەی ئاو بۆ ناو گەرماوەکە و بۆ گەرمکردنی گەرماوەکە و ئاوی گەرماوەکە، کونێکی هەیە لە شێوەی ئەشکەوت.

وێنەی .3.5، شوێنی کێشانەوەی ئاو و گەرمکردنی ئاوی گەرماوەکە

فۆتۆ .3.6، قوبەی گەرماو

فۆتۆ .3.7، بیری گەرماو



فۆتۆ .3.8، دەرگای چوونەژوورەوەی گەرماوەکە

گەرماوەکەی چوار هۆڵی هەیە، هۆڵی یەکەم: هۆڵی جل گۆڕینە، هۆڵی دووەم: هـۆڵی ئیسراحەتکردنە، هۆڵی سێیەم: هۆڵی خۆشوشتن بوو، بەڵام ئەم هۆڵە لە هۆڵی چـوارەم فێنکتر بوو. جگە لەم هۆڵانە؛ ژووری تاکیش هەبوو، واتە تاکە کەسێك بەکاری دەهێنـا. هەر چی هۆڵی چوارەمە؛ ئەم هۆڵە هۆڵی زستانەیان پێ دەوت، گەرمتر بوو، بە هەمان شێوە بۆ خۆشوشتن بەکار دەهات. لەم هۆڵە، پێـنج ژووری جیـاواز بەرچـاو دەکەوێـت

(کوردە، ٢٠٠٩، ٢: ٧٩٩). لە هەر ژوورێك؛ چوار یاخود پێنج شوێنی خۆشوشتن هەیە، لە ناوەڕاستی هۆڵەکە تاشەبەردی زاوا هەیە، بۆ ئیسراحەتکردن و حەوانەوە بەکار دەهێنرێت، لەبەر ئەوەش پێی دەوترێت تاشەبەردی زاوا، چونکە ئەم کوڕانەی پێش زاوایەتی، واتە ڕۆژێك پێش ئاهەنگی بووك گواستنەوە؛ زاوا لەگەڵ هاوڕێکانی دەهاتنە گەرماو و لەلایەن هاوڕێکانی لەسەر ئەم تاشەبەردە دەشۆردرا. بۆ ڕوونکردنەوەی هۆڵەکانیش؛ لە بنمیچی هۆڵەکە چوار پەنجەرە هەیە، جگە لەمانەش بۆ گۆڕینی ئاووهەوای هۆڵەکە؛ لە بنمیچەکە کونی بچووك بچووك هەبوو بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهات.

فۆتۆ .3.9، هۆڵی یەکەمی گەرماوەکە

فۆتۆ .3.10، هۆڵی چوارەمی گەرماوەکە

فۆتۆ .3.11، بەردی زاوا لە هۆڵی چوارەمی گەرماوەکە

فۆتۆ .3.12، بنمیچی هۆڵی گەرماوەکە

قەڵای هەولێر لە ساڵی ١٨٢٢ لە ١٠٠٠ ماڵ پێك هاتبوو (المنشی البغدادی، ١٩٤٨: ٧٦). بەکۆکراوەیی لە سێ گەڕەك پێك دەهات، ئەم گەڕەکانەش؛ سەرای، تەکیە و تۆپخانە بووە (الدراجی، ٢٠٠٩، ٢: ٨٤٠). خەڵکەکەی بەگوێرەی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە گەڕەکەکان نیشتەجێ ببوون و خانووەکانیان جیاواز بوو. خانووەکانی دەوڵەمەندەکان پتەوتر و دەوروبەری قایمتر بوو، بۆیە بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگەی گرتووە. لە ڕووی ڕووخساری دەرەوە و ناوەوەی خانووەکانیش، دیوارەکانی بە نەقش و نیگار ڕازابوونەوە. ئەو خێزانانەی لە لایەنی کۆمەڵایەتی-ئابوورییەوە لاواز و هەژار بوون، خانووەکانیان بێ بەرگە و سادە و ساکار بووە.

فۆتۆ .3.13، یەکێك لە خانووەکانی چینی دەوڵەمەند

فۆتۆ .3.14، یەکێك لە خانووەکانی چینی هەژار

خانووی دەوڵەمەند و دەسترۆیشتووەکان بە بوونی ژێرزەمین و قاتی سەرەوە؛ لە دوو قات پێك هاتووە، بەڵام قاتی ژێرزەمین گشتی لە ژێرزەمین نەبوو، بەڵکوو نیوەی ژێرزەمینەکە ڕووی لە حەوشەکە بوو. هەروەها لە سایەی پەنجەرە بچووکەکانی ژوورەکان کە ڕوویان لە حەوشە بووە، ڕووناکی دەهاتە ژوورەکان و ئاووهەوای

ژوورەکان دەگۆڕدرا. لەسەر ئەو ژێرزەمینەش؛ هۆڵ دروست دەکرا، لە خانووەکان؛ کۆگا، ژووری چێشتلێنان و زەخیرە لە خوارەوەی حەوشە، واتە دوای دەرگای هاتنەژوورەوە بوو. هیچ کەسێك ئەم ژوورانەی لە دەرەوە نەدەبینی (الدراجی، ٢٠٠٩، ٢: ٨٣٦). جگە لەمە، لەناوەڕاستی حەوشەکە؛ باخچەیەکی بچووك یاخود حەوز دروست دەکرا، شێوەی ئەو حەوزانە بازنەیی، چوارگۆشە یا بە لاکێشەیی دروست دەکرا. بنمیچی ژوورەکان و پەنجەرەکانیش لە دار و پێکهاتەی تەختە پێك دەهات، لە لایەکی تر لە خانووەکان کەمتر جامی ڕەنگاوڕەنگ بەکار دەهات، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تیشکی ڕۆژ لە باکوورەوە ڕاستەوخۆ لە ژوورەکانی دەدا (الدراجی، ٢٠٠٩، ٢: ٨٤٢-٨٤٦).

فۆتۆ .3.15، یەکێك لەم خانووانەی کە لە دوو قات؛ قاتی ژێر زەمین و قاتی سەرەوە پێك هاتووە.

لەم خانووانە؛ ستوون بە شێوەیەکی فراوان دروست کراوە، ئەم ستوونانەش شێوە بازنەیی، چوارگۆشە و شەشپاڵوو دروست کراوە. دیارە ستوونەکانی لە سەردەمی عوسمانییەکان دروست کراوە. ڕازاندنەوەی چواردەوری خانووەکان تەنیا لە هەولێر بینراوە، ئەمەش وای کردبوو لە ڕووی شێوەوە؛ تایبەتمەندییەك بداتە خانووەکان (الدراجی، ٢٠٠٩، ٢: ٨٤٢).



فۆتۆ .3.16، حەوشە و حەوزی خانووەکان

فۆتۆ .3.17، حەوزی هێلکەیی

فۆتۆ .3.18، یەکێك لەم ژوورانەی کە بنمیچەکەی بە دار داپۆشراوە و قایم کراوە.

فۆتۆ .3.19، پەنجەرەی یەکێك لە خانووەکانی قەڵا

3.1.1. ئەرکە سەربازییەکانی قەڵا

3.1.1.1. دزدار

دزدار: بەرپرسی سەربازی یاخود ئەو ئەفسەرە سەربازییەیە هەمیشە و بەبەردەوامی لە قەڵا ئامادەیە و ئەرکەکەی وەکوو فەرمانبەر؛ بەرگریکردن و پاراستنی قەڵایە. دزدار هەردەم لە قەڵا بووە و دانەبڕاوە، ناچار بوو شەو و ڕۆژ لەناو قەڵا بمێنێتەوە، تەنانەت جێگیر کرابوو کە نەدەبووایە بێ هۆکار؛ لە سەد پێ زیاتر لە قەڵا دوور بکەوێتەوە (Sertoğlu, 1986: 89. Ünal, 2011: 204). دزدارەکان لە ڕێگەی داواکاریی میری میران یاخود لە مەرکەز بە پاکانەی ئەستۆی پاشا دادەمەزران، هەروەها لە ماوەی خزمەتیان تا کەموکوڕییەکیان نەبووایە؛ لە کارەکەیان دوور نەدەخرانەوە، بەڵام دوو ساڵ جارێك پێویست بوو پاکانەکەیان نوێ بکەنەوە (Gündüz, 2009: 29).

بەگوێرەی مافەکانی عوسمانی، مەرج بوو ئەو کەسەی ئەرکی دزداری وەردەگرێ؛ کەسێکی گونجاو بووایە، جگە لەمە ئەم ئەرکە بۆ یەکێکی تر دەگوازرایەوە. لە هەمان کاتدا ئەو دزدارەی لە ئەرکەکەی بوو؛ دەیتوانی بە حەز و ئارەزووی خۆی ئەرکەکەی بداتە کەسێکی گونجاوی تر، تەنانەت ئەگەر مەرجەکانی گونجاو بووایە؛ دەیتوانی بیداتە کوڕەکەی. لە تۆماری سەدەی ١٨، لە قەڵای هەولێر دزداری لێهاتوو و بەتوانا لە ئەرکەکانیان بوونە، لە ١٩ی ئۆغستۆس، ١٧١٤ (٨ی شەعبان، ١١٢٦)؛ هاوڵاتییەك بە ناوی یوسف لە قەڵای هەولێر دزدار بووە، ڕۆژانەکەی ٣٠ ئاقچە عولوفە[١٥] مووچەکەی بووە. یوسف لەسەر ویستی خۆی و بە ڕەزامەندیی خۆی داوای

---

[١٥] لە عوسمانییەکاندا بە سەربازەکان واتە سواردی یەنیجەری بلوك، تۆپچی، جەبەچی، گالیسکەچیی تۆپ لەگەڵ ئەو کەسانەی لە دامەزراوەی دەوڵەت ئەرکیان هەبووە؛ سێ مانگ جارێك مووچەیان وەرگرتووە (Sertoğlu, 1986: 348-349). وەکوو ساڵی فەرمیی کۆچی قەمەری ڕیز کراوە و هەر سێ مانگ جارێك؛ بە وەرگرتنی پیت و ڕیزکردنی ئەم پیتانە: مانگەکانی موحەررەم، سەفەر، ڕەبیعی یەکەم پیتەکانی ماسار، مانگەکانی ڕەبیعی کۆتایی، جەمادی یەکەم، جەمادی کۆتایی، پیتەکانی ڕەجەج، مانگەکانی ڕەجەب، شەعبان، ڕەمەزان پیتەکانی ڕەشەن، مانگەکانی شەوال، زیلقەعدە، زیلحیجە پیتەکانی لەزەز مووچەکانیان وەرگرتووە. بە شێوەیەکی ڕێکوپێك عولوفەی یەکەم لە مانگی موحەررەم و دووەمیان لە مانگی جەمادی یەکەم، هەروەها عولوفەی سێیەم و چوارەمیش لەناو مانگی شەعبان یاخود لە کۆتاییەکەی دەدرا. بەڵام لەبەر نەبوونی پارە، ئەو کاتەی پارە لە خەزێنە نەدەبوو، بەم شێوەیە بەڕێکوپێکی مووچەکە نەدەدرا، بە چەندین مانگ دوا دەکەوت و چەند وەرگرتنێك دەمایەوە.

کردووە ئەرکەکەی بدرێتە کەسێك بە ناوی عومەر، بەڵام لەبەر ئەوەی عومەر ئەو توانایەی نەبووە ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ؛ بۆیە ئاغای یەنیچەری[١٦] حەسەن ئەفەندی داوای کردووە بە مووچەی ٣٠ ئاقچە عولوفە بدرێتە عومەر وەلەدەش[١٧] (BOA, A.E.III.AHMED., 4696/47).

3.1.1.2. سەربازی سەیار (سەربازی پیادە)

وشەی سەرباز بە شێوەیەکی کۆکراوە و وشەی سەربازەکان بۆ پاراستنی دەوڵەت و سەروەت و سامانی دەوڵەت ئەرکیان پێ دەسپێردرێت، لەبەرامبەر ئەم ئەرکەش مووچە وەردەگرێ. هەر چی وشەی سەیارە، ئەوا بە مانای جووڵە و نەوەستان، واتە ڕۆیشتن دێت (Şemseddin Sami, 1989: 753-936). واتە سەربازی سەیار (Asakir-i Seyyar) مانای ئەوەیە کە کەسێك هەمیشە لەسەر ئەرکەکەیەتی، پلەدارە بەوەی کە سەروەت و سامانی دەوڵەت بپارێزێت. لە دەوڵەتی عوسمانیدا سەربازی پیادە؛ لەناو لەشکر بە تفەنگ ئامادە کراوە، هەروەها ئەم ناوە دراوەتە ئەو ئەندامانەی لە چینی شەڕکەر؛ ڕەگەزی ڕەسەنن (Pakalın, 1993, II: 779).

لە بەڵگەکانی سەدەی ١٩ بە باسکردنی ئەرکی سەربازی پیادە لە هەولێر، بوونی ئەم گرووپەی دووپات کردۆتەوە. لە قەڵای هەولێر باسی ڕووداوێکی کردووە کە

لە کۆتایی سەدەی ١٦، ڕۆژانەی یەنیچەریەك؛ ٥ ئاقچە بوو، لە سەدەی ١٧ گەیشتبووە ٩ ئاقچە، تەنانەت لە کۆتایی ئەم سەدەیە بۆ ١٢ ئاقچە بەرز بووەوە (Ünal, 2011: 701-702).

[١٦] ئاغای یەنیچەری: گەورەترین فەرمانبەر و ئەفسەری ئۆجاغی یەنیچەری بووە، لەلایەن دەوڵەتەوە کەسانێك ئەم ئەرکەیان وەردەگرت کە زۆر باوەڕپێکراو بووە (Uzunçarşılı, 1984, I: 180).

[١٧] وەلەدەش: دەستەواژەیەکی فارسییە، واتە کوڕی ئەو. لە کۆندا ڕێگە درابوو سوارەی کاپیکولو هاوسەرگیری بکات و ئەو منداڵەی لەدایك دەبوو، کوڕ بووایە ئەم ناوەی پێ دەدرا. وەلەدەشەکان ئەگەر گەورە بووایەن لە کاتی سەلامەتیی باوکیان، ئەگەر بچووك بووایەن دوای مردنی باوکیان؛ دەبوونە سەرباز. ئەو کاتەی سوارەی کاپیکولو دەمرد، بۆ کوڕە هەتیوەکانی ئەو پارەی لا درابوو؛ وەکوو ڕۆژانە بۆیان دابین دەکرا، دوای ئەوەی گەورەش دەبوو؛ بە شایەدەوە دەچووە پێش سەدری ئەعزەم دەیسەلماند کە سواره زادەیە، ئینجا ناوی لە بلۆك دەنووسرا. ئەگەر سوارەکە لە ژیان بێت، کوڕی گەورەی هەبێت و باوکەکەی حەز بکات کوڕەکەی لە بلۆك ناوی بنووسێت، ئەوا لە ڕۆژانەی خۆی؛ بەشێکی بۆ کوڕەکەی تەرخان دەکرا، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە تەنیا بۆ سوارەی کاپیکولو بووە. لە گالاتەسەرای یاخود لە ڕێگای تر ئەو سوارەی کاپیکولوانەی بوونیان هەبووە، بە مەرجی فرۆشتنی عولوفەکەی خۆیان و بەتەواوەتی کشانەوەیان لە سواره؛ بەشێکی ڕۆژانەکەیان بۆ کوڕەکەیان تەرخان دەکرا، ئینجا لە بلۆك وەردەگیران و دەبوونە سەرباز (Sertoğlu, 1986: 357-358).

لە قەڵا ڕووی داوە و زانیاریی لەسەر کەسێك داوە کە لەم ئەرکەدا بووە، لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی شارەزوور لە مێژووی ٢١ی ئۆغستۆس، ١٨٦٤ (١٨ی ڕەبیعی یەکەم، ١٢٨١)، لە گەڕەکی سەرای قەڵای هەولێر، عەباس کە لە ئەرکە سەربازی سەیار (سەربازی پیادە) بووە، بەبێ ویستی خۆی و بێ مەبەست لە کەسێکی دواوەی خۆی داوە بە ناوی عەلی، لە ئەنجامدا کوشتوویەتی. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان و ئەو فەتوایەی لە فەتواخانە لە بارەیەوە دراوە، هاتووە بەپێی یاسا ماددەی ١٨٠، ئەگەر کەسێك بەبێ مەبەست کەسێك بکوژێت؛ لە ٦ مانگ تا ٢ ساڵ سزای زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت. بۆیە عەباس سزای یەك ساڵی بەسەردا سەپێنراوە (BOA, MVL., 773/63).

3.1.1.3. چاوش

ئەرکی چاوش لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتییەکانیش هەبووە، وەکوو ئەرکێکی کۆن لە سەردەمی سەلجوقییەکان تا سەردەمی عوسمانییەکانیش درێژەی کێشاوە و بووني خۆی پاراستووە. وشەی چاوش و دامەزراوەکەی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانییەوە، وەکوو میراتی سەلجوقییەکان بووني خۆی پاراستبوو. چاوشەکان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئەرکێکی زۆریان لەئەستۆ گرتبوو، گەیاندنی هەواڵە سیاسییەکان لە ڕێگەی چاوشەوە ئەنجام دەدرا، بەڕێوەبردن و وردبینیکردنی بارودۆخی وڵاتیش هەر چاوشەکان ئەنجامیان دەدا. بە تێپەڕبوونی کات بەشێك لەم خزمەتانە بۆ بەرپرسی دەرگەوان (Kapicibasi) گوازرابووەوە. هەندێك بابەتی تر وەکوو باڵیۆزخانەکان بۆ فەرمانبەری تر گوازرایەوە، لە شوێنی جیاجیادا وەکوو: عیراق، سووریا، میسر، باکووری ئەفەریقا و یەمەن کە لەژێر فەرمانڕەوایی بنەچەی تورکەکان بوو، ئەو وڵاتە عەرەبییانەش وشەی چاوش یاخود چافیش وەکوو خۆی بەکاریان هێناوە (Pakalın, 1993, I: 332-334-335).

لە سەدەی ١٨، لە قەڵای هەولێر خزمەتی چاوش هەبووە. لە مێژووی ١٠ی ئۆغستۆس، ١٧٠٩ (٣ی جەمادی کۆتایی، ١١٢١)، لە هەولێر باس لە پلەی بلۆك باشی[١٨]،

---

[١٨] بلۆك باشی: لە دامەزراوەی ئۆجاغی یەنیچەری، ناوێکە لە ئاغای بلۆکەکان دراوەتە ئەفسەری بلۆك. لەناو بلۆك باشییەکانیشدا، کۆنترینیان پێی دەوترا سەری بلۆك باشی. بلۆك باشییەکان واتە سەر بلۆکەکان ئەگەر پلەکەی بەرز بکرێتەوە؛ دەبووە یاباشی، هەروەها شەش بلۆك باشی واتە سەر بلۆك هەبووە (Uzunçarşılı, 1984, I: 217). ئەمانە لەگەڵ سوارەکانیان زۆر ڕەسەن و ئامادە بوون، کاتێك

ئۆچاق باشی[١٩] و چاوش دەکات. لە نووسراوەکەدا هاتووە لەبەر ئەوەی قەڵای هەولێر لە مەرکەزی دەوڵەتی عوسمانی کە دەکاتە ئەستەنبوڵ؛ دوور بووە، بۆیە هێنانی مووچەی فەرمانبەران ببووە کێشەیەکی گەورە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش؛ والیی موسڵ هەموو ساڵ لە داهاتی موقاتەعە[٢٠]ی موسڵ؛ مووچەی فەرمانبەرانی سەربازی هەولێری داوە، ئەو پارەی کە لە موقاتەعەکەش دەمایەوە؛ بە نووسراوێك دەینارد مەرکەز. لەم مێژووەدا لە هەولێر بلوك باشی خان ئاغا، کاتیبی ئۆچاق عوسمان ئەفەندی و چاوش مستەفا هەموو ساڵ لە موقاتەعەی موسڵ؛ ٥٤٠ قوروش مووچەی سەربازەکانیان وەرگرتووە. بۆ وەرگرتنی مووچەی سەربازەکانیش؛ سەردانی ئەنجوومەنی شەرعییان کردووە و واژوویان کردووە، تاوەکوو لەجیاتی سەربازەکانی تر؛ ئەوان مووچەکە وەربگرن و بۆ سەربازەکانی ببەن (BOA, C.AS., 66/3132).

3.1.1.4. جەبخانە (جەبەخانە)

جەبە بە مانای سینەپۆش دێت، هەر چی جەبەخانەیە؛ ئەوا ئەو شوێنەیە بۆ هەڵگرتن و چاککردن و دروستکردنی چەکی سەربازی و پێداویستیی جەنگی بەکار دێت، وەکوو: تفەنگ، سینەپۆش، شیر، تیروکەوان، بارووت، فتیل و سەوڵ. ئەم جەبەخانەیە جگە لە

پاشا دەچووە جامیع؛ جلێکی وەك یەك و کڵاوی سەریان ئامادە بوون، لە دەستیشیان لەجیاتیی ڕم؛ ئەوا قامیشێکی درێژیان گرتبوو. کڵاوەکەی سەریان بە نیگار ڕازابووەوە (Pakalın, 1993, I: 242).

[١٩] ئۆجاق باشی: لە دامەزراوەی ئۆجاق یا ئۆجاغ، هەر ئۆجاغێك بەتەنیا کاتیبی خۆی هەبووە، کاتیبی یەنیچەری، کاتیبی جەبەچی، کاتیبی ئۆجاغی گالیسکەچیی تۆپ، وەکوو ئۆجاغی تۆپچی و ئۆجاغی عەجەمی، هەروەها کاتیبی ئەم ئۆجاغانە کاری ئۆجاغەکەیان دەکرد و هەر ئۆجاغێکیش کاروباری جیاوازی هەبووە. کاتیبی یەنیچەریی یەکێك لە ئاغا گەورەکان دەکرایە کاتیب (Uzunçarşılı, 1984, I: 175)، مووچەی یەنیچەرییەکان و ئەندامانی ئۆجاغی عەجەمی و دەفتەری تۆماری باری کەسێتیی لەلا بووە. کاتیبی یەنیچەرییەکان تا سەردەمی فاتیح لەنێوان ئەفسەرەکانی ئۆجاغ هەڵدەبژێردرا، دوای ئەم مێژووە بەدواوە کەسانێك لە دەرەوە بۆ ئەم پایەیە هەڵدەبژێردران، بەڵام دووڕخستنەوە و چەسپاندنیان لەلایەن سەدری ئەعزەمەوە دەکرا (Ünal, 2011: 733).

[٢٠] موقاتەعە: سەرچاوەی داهات و باجە بۆ دەوڵەت، بەکورتی لەژێر ناوی موقاتەعە ناو دەبرا. موقاتەعە بەگوێرەی جۆری سەرچاوەکە، وەکوو: موقاتەعەی باج و سەرانە، موقاتەعەی بەندەر، موقاتەعەی میزان و هیی تر بۆ بەشەکان جیا کرابووەوە، ئەم موقاتەعەیەش لە یەك سانجەق بە ناوی خەواسی هومایۆن تۆمار دەکرا، بۆ گشت سەرچاوەکانی باجیش بەکار دەهات. موقاتەعەکان یەکیان موقاتەعەی میری، ئەوی تریش مالیکانە بۆ دوو چین جیا کرابووەوە، موقاتەعەی میری هەموو ساڵ یاخود دوو سێ ساڵ جارێك وەردەگیرا، هەر چی مالیکانە بوو؛ ئەوا بە مەرجی مانەوەی لە ژیان وەردەگیرا (Ünal, 2011: 489).

ئەستەنبوڵ، لە قەڵایەکانیش هەبووە. پێداویستیی جەبەخانەکانی تر لە جەبەخانەی ئەستەنبوڵ دابین دەکرا. لە کاتی شەڕدا لەلایەن جەبەچییەوە؛ چەك و پێداویستیی شەڕ بۆ مەیدانی شەڕ دەگوازرایەوە، لەدوای تەواوبوونی شەڕیش ئەو چەکانەی کە دەدرایە یەنیچەرییەکان؛ دیسان لەلایەن جەبەچییەوە کۆ دەکرایەوە و ئەوانەی پێویستیان بە چاککردنەوە هەبوو؛ چاك دەکرانەوە و دەپارێزران (Ünal, 2013: 79).

لە قەڵای هەولێریش وەکوو قەڵایەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی، جەبەخانە هەبووە. لە مێژووی ٦ی کانوونی یەکەم، ١٧٤٥ (١٢ی زیلقەعدە، ١١٥٨)، لە قەڵای هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە؛ بارووت، فیشەك و زەخیرە تەواو بووە، خەڵکی هەولێر داواکارییەکی بە واژوویان نووسیوە، داوایان کردووە پێداویستیی جەبەخانەکە دابین بکرێت، میری میرانی ئەیالەتی شارەزوور؛ حوسێن پاشا داواکاریی خەڵکی هەولێری بە دوو فەرمانبەر بۆ مەرکەز ناردووە، لەبەر ئەوەی هەولێر لە مەرکەز دوور بووە، لە والیی دیاربەکر؛ عەبدوڵا پاشا داوا کراوە پێداویستیی جەبەخانەی هەولێر لە زەخیرە و چەك دابین بکات و بینێرێت، ئەم داواکارییەش لە بەرپرسی ژمێریاری تۆمار کراوە (BOA, C.AS., 1149/51065).

3.1.1.5. تۆپخانە

لە کۆندا ئەو شوێنەی تۆپی لێ دروست دەکرا، پێی دەوترا تۆپخانە (Pakalın, 1993, III: 513). تۆپخانە تەنیا شوێنی بەرهەمهێنانی تۆپ نەبوو، لە هەمان کاتدا کۆگای تۆپ و گوللەکان بوو. نازانرێت تۆپخانە یاخود بەرهەمخانە کەی دامەزرا (Aydüz, 2012, XLI: 253). بەرهەمخانەی تۆپ؛ پێش فەتحکردنی ئەستەنبوڵ لە ئەدرنە و بورسە هەبوو، بەڵام دوای فەتحکردنی ئەستەنبوڵ؛ گرنگیی بەرهەمهێنانی تۆپ زیادی کرد. لەبەر ئەم هۆکارە تۆپخانە دامەزرا. لە ڕاستیدا کارگەی تۆپ، تۆپخانەی عامیرەی (Tophane-i amire) ئەستەنبوڵ بوو (Saydam, 2014: 415-416). بۆ یەکەم جار بەرهەمخانەی تۆپی چەقیو لەلایەن سوڵتان مورادی دووەم لە ئەدرنە دامەزرا و لەلایەن فاتیح سوڵتان محەمەدیش بەکار هێنرا، بەڵام پێش ئەم مێژووانە؛ عوسمانییەکان بۆ شەڕە جیاوازەکان تۆپیان دروست کردووە و بەشێك لەمانەش لە بەرهەمخانەی تۆپی سەیار واتە پیادە دروست کراوە (Aydüz, 2012, XLI: 253).

لە سەدەی ١٨، لە قەڵای هەولێر تۆپخانە هەبووە. لە مێژووی ٦ی کانوونی یەکەم، ١٧٤٥ (١٢ی زیلقەعدە، ١١٥٨)، لە قەڵای هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە، لە تۆپخانەی قەڵا بە هۆی تەواوبوونی بارووت، فیشەك و زەخیرە؛ خەڵکی هەولێر

داواکارییەکیان نووسیوە و واژوویان لەسەر کردووە تا لەلایەن دەوڵەتەوە دابین بکرێت، کە لە سەرەوە باس کراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ناوی تۆپخانە هاتووە (BOA, C.AS., 1149/51065).

3.2. مزگەوتەکان

3.2.1. جامیعی موزەفەرەددین کوکبورو

دوای ئەوەی خەڵکی هەولێر ئایینی ئیسلامی قەبوڵ کرد و بووە موسڵمان، خۆی بۆ خزمەتکردنی ئیسلام تەرخان کرد. بۆ ڕاست و دروستیی ئەم بابەتەش؛ جامیع و مەسجید بوونیاد نرا، یەکێك لەم جامیعانە و گرنگترینیان؛ جامیعی موزەفەرەددین کوکبورو بوو، جگە لەمە بە جامیعی شکۆداریش بەناوبانگ بووە، ئەم جامیعە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای قەڵای هەولێر، یەك کیلۆمەتر لە قەڵای هەولێر دوورە. بە تێپەڕبوونی کات جامیعەکە ڕووخاوە، تەنیا منارەکەی ماوەتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی لە چۆڵەوانی بووە؛ لەناو خەڵك بە (جامیعی چۆلی)یش بەناوبانگ بووە، لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی لەلایەن موزەفەرەددین کوکبورو دروست کرا؛ پێی دەوترا جامیعی موزەفەرەددین کوکبورو (حوسێن، ٢٠١٣: ٢٥٨). بڵندیی منارەکە ٧٠ مەترە و لە ناوەوەی دوو پەیژەی جیاوازی پێچەوانەی یەکتری هەیە (الحسنی، ١٩٢٥: ٣٤).

لەدوای سەدەی ١٩، جگە لە جامیعی موزەفەرەددین کوکبورو؛ ٢ جامیعی تر و ١ مەسجید[٢١] هەبووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 143). بەڵام دوای ئەم ساڵە، ٦ جامیع و ٢ مەسجید تۆمار کراوە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 319). ناوی ئەم جامیع و مەسجیدانە، جامیعی گەورە لە قەڵای هەولێر و جامیعی خالیدیە لە گەڕەکی خانەقا بوو. لە مێژووی ١٠ی تشرینی دووەم، ١٨٩٤ (١١ جەمادی یەکەم ١٣١٢)، جامیعی خالیدیە و تەکیەکەی کە لە گەڕەکی خانەقا بوو؛ وێران ببوو، داوا لە ویلایەتی موسڵ کرابوو ئەم جامیعە نۆژەن بکرێتەوە (BOA, HD.MKT., 306/7).

---

[٢١] مەسجید لە جامیع بچووکترە (Ünal, 2011: 466). مەسجید لە زمانی عەرەبی بە مانای ئەو شوێنە دێت کە سوجدەی لێ دەبردرێت و نوێژی لێ دەکرێت. لەلای تورکەکان زاراوەی مەسجید لەناو گەڕەکەکان و بە دار دروست کراوە (Pakalın, 1993, II: 488). لە سەردەمی عوسمانی بەم شوێنانە وتراوە مەسجید کە نوێژی هەینی و جەژنی لێ نەکراوە، جگە لەمەش منارەی نەبووە (Şemseddin Sami, 1989:1341).

فۆتۆ .3.20، مناره‌ی جامیعی موزه‌فه‌ره‌ددین کوکبورو - هەولێر
http://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=11&q=20120708140335719 00
مێژووی دەستکەوتن: ٢٠١٤/١٠/٢٤، کاتژمێر ١٢:٢٠

3.3. مەرقەدەکان

3.3.1. مەرقەدی ستی ئیمامی

مەرقەدی ستی ئیمامی دەگەڕێتەوە بۆ ئافرەتێکی ڕاهیبە بە ناوی یەزدان دوخت، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ژیاوە. کاتێک هەولێر تووشی داگیرکاریی ڕۆمی دەبێتەوە، بە بیانووی ئەوەی لە هەولێر خەریکی سیخوڕین؛ ڕۆمەکان ٩ ڕاهیب و ١١١ کاهین دەستگیر دەکەن، لەلایەن فەرمانڕەوای ساسانی دەکوژرێن. یەکێک لەو ڕاهیبانەی کە دەکوژرێت، یەزدان دوختە کە ئەمڕۆ بە ستی ئیمامی ناسراوە (اسماعیل، ١٩٧٠: ١١٧). یەزدان دوخت لە ڕووی ماناوە دەکاتە کچی خوا. ئەم مەرقەدە کە بە ستی ئیمامی ناسراوە؛ لەنزیک بابەگورگورە، مەرقەدێکی زۆر سادەیە، خەڵکی هەولێر پێی وایە ئەم مەرقەدە بۆیە بێ قوببەیە، چونکە قوببەی قەبوڵ نەکردووە. یەزدان دوخت ئەو مەسیحییانەی لە هەولێر دەستگیر کرابوون، بە پارەی خۆی خواردن و نانی بۆ دابین کردبوون (پاترۆس، ٢٠٠٩، ٣: ١٠٤٨). وەکوو دابونەریتی لێ هاتووە، ئافرەتان ڕۆژانی دووشەممە و چوارشەممە سەردانی ئەم مەرقەدە دەکەن و بەئامانجی چاکبوونەوە لە نەخۆشی؛ نزا دەکەن. تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، خەڵک سەردانی دەکەن.

3.3.2. مەرقەدی پەنجە عەلی

ئەم مەرقەدە لەبەرامبەر مەسجیدی شێخ مستەفا نەقشبەندییە، بە دیوار دەورە دراوە. هەندێک کەس پێی وایە ئەم مەرقەدە دەگەڕێتەوە بۆ عەبدولقادری قوتبی کوڕی ئەربیللی. بەگوێرەی چیرۆکەکان، ئەربیللی لەژێر چاودێریی حەزرەتی عەلی هاتۆتە ئێرە. ئەو بەردەی لەسەر گۆڕەکەیە؛ حەزرەتی عەلی دەستی ڕاستی لەسەر داناوە و پەنجەکانی لەسەر بەردەکە دەرچووە، لەبەر ئەم هۆیە ئەم مەرقەدە پێی دەوترێت پەنجە عەلی (حوسێن، ٢٠١٣: ٢٤٨-٢٤٩).

3.3.3. مەرقەدی عوزێر پێغەمبەر

ئەم مەرقەدە دەکەوێتە دەرەوەی هەولێر (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 320).

3.3.4. مەرقەدی ئیمام محەمەد

ئەم مەرقەدە دەکەوێتە گەڕەکی عەرەبان، لەنێوان جامیعی موزەفەرەددین کوکبورو و مەرقەدی عوزێر پێغەمبەرە (حوسێن، ٢٠١٣: ٢٥٠-٢٥١). سەبارەت بە مەرقەدی ئیمام محەمەد؛ لە مێژووی ٢٨ی تشرینی دووەم، ١٧٦٠ (١٩ی ڕەبیعی کۆتایی، ١١٤٧)، داواکارییەک پێشکەشی مەرکەز کراوە، تێیدا هاتووە بۆ مەرقەدی ئیمام

مـحەمەد لە قەزای هەولێـر، ئەرکی تـوربەدارییەکەی بەخـاڵی مـاوەتەوە، بـۆیە سـەید عوبەیدوڵا بەگ لەبەر ئەوەی پاکانەی ئەستۆی هەیە؛ داوای کردووە بکرێتە توربەداری ئەم مەرقەدە (BOA, A.E.I. Mahmud., 7991).

3.3.5. مەرقەدی سوڵتان موزەفەرەددین کوکبورو

بەگـوێرەی سـاڵنامەی عوسـمانی، سـاڵی ١٨٩٤ ئەم مەرقەدە لە نـاوچەیەکی دەرەوەی هەولێـر بـووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 320). ئەم مەرقەدە دەکەوتە رۆژئـاوای هەولێـر، هەر چەنـدە بە مەرقەدی مـوزەفەرەددین کوکبـورو دەناسرێت، بەڵام مێژوونووسان ئەم گـۆڕە دەگەڕێنـنەوە بـۆ زەیـنەددین عەلی کوچـک؛ باوکی موزەفەرەددین کوکبـورو. وا بـاس دەکەن کە ئەم گـۆڕە، گـۆڕی زەیـنەددین عەلی کوچکە نەک موزەفەرەددین کوکبورو (حوسێن، ٢٠١٣: ٢٤٨).

4. ڕێکخستنی کارگێڕیی هەولێر

4.1. پێکهاتەی ڕێکخستنی کارگێڕیی هەولێر و بەڕێوەبردنی

لە سیسـتمی کـارگێڕیی عوسـمانیدا؛ ڕێکخسـتنی کـارگێری لە بنچیـنەدا لە گەورەوە بۆ بچـووکترین ڕیزبەنـد پێـک دێـت، ئەوانـیش: ئەیـالەت[٣٢]، سـانجەق[٣٣]، قەزا،

[٣٢] دەوڵەتی عوسـمانی وەکـوو "ئەیـالەت" دابەش کرابـوو بـۆ ڕێکخسـتنی کـارگێڕیی گەورە، بە والیـی ئەیالەت دەوترا بە زمانی فـارسی: مـیری مـیران، بە زمـانی عەرەبی: ئەمـیری لیـوا (Sahillioğlu, 1991: 1233). ئەیالەت لە چەند سانجەقێک پێک هاتبوو کە ئەم سانجەقانەی لەدەوری خۆی کۆ کردبـووەوە (Çadırcı, 1991: 10)، ئەمەشیان بە ئامانجی ئەوە بوو کە لە ڕووی ئـابوورییەوە ئەم ئەیـالەتە خـۆی لە خۆیدا ئابوورییەکەی بەڕێوە ببـات، جـگە لەمە هەر ئەیالەتێـک بەرپـرس و ئەرکی پـێ سـپێردرابوو بەگوێرەی ڕێژەی پێویست سەرباز پێبگەیەنێت، تـا وڵاتی پـێ بپارێزێـت (Özkaya, 1985: 19). مـیری میران بەرپرس بووە لە بەڕێوەبردنی گشت کاروبارەکانی کـارگێڕی و سـەربازی، مـیری ئەهـلی عـورف و ئەهلی شەرعی ئەیالەت بوو. ئەوەی وەکوو میری میران دادەمەزرا، پاکانەی ئەستۆی وەردەگـرت و لە دیوانی هومایۆن جـلی سـەرکردایەتیی دەپـۆشی و دەسـتی مـاچ دەکـرد. بـۆ ئەرکی مـیری مـیران؛ قـازی وردبینیـی لە پاکـانەکەی دەکـرد، دوای ئەوەی دڵنیـا دەبـووەوە کە ڕاسـتەقینەیە؛ لەگەڵ کـارکردن لە تۆمـارەکەی دەسـتی پـێ دەکـرد. جـگە لەمە سـەرەتا مـاوەی ئەم ئەرکە درێـژ بـووە، بەڵام دواتـر بە هۆکاری جیاجیا کورت کرایەوە، لە سـەرەتای نیـوەی دووەمـی سـەدەی ١٦ ببـووە سـاڵێک، ئەو مـیری میرانەی کە لە ئەهلی عورف بوون، دوای مردنیان ئەم مـاڵەی بەجێـی دەهێشـت؛ لەلایەن دەوڵەتەوە دەستی بەسەردا دەگیرا (Saydam, 2014: 125-126). ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی لە سـەدەی ١٨؛ لە ٢٨ ئەیالەت پێک هاتبوو، ئەوانیش: میسر، شام، بەغداد، شارەزوور، حەلەب، قارەمـان، ڕەقـقە، دیـاربەکر، ئەدەنە، موسڵ، ئەنادۆلو، ترابزۆن، ئەرزرۆم، چلدر، وان، قارس، مەراش، سیواس، جـدە، ترابلـوس شـام،

ناحیە و گوند. مانای وشەی قەزا: "شارۆچکە یاخود شار بە ئاستێکی بەرزی بازرگانی و کەلتووور دەوری مەرکەز دەدات، کۆمەڵگا دەوری مەرکەز و ئەو ڕێکخستنە کارگێڕییەیە کە لەگەڵ گوندنشینەکان هاوبەشن." بە مەرجی لەدایکبوون، ئابووری، کۆمەڵایەتی، جوگرافی و کەلتوور؛ دەهاتە دی. هەر قەزایەك بە مەرکەز، واتە بە دیوانی هومایۆن بەستراباووەوە (Ünal, 2011: 389). لە قەزا و ناحیەکاندا لەلایەن زەعیم، سەرۆکی سەرباز یاخود ڤۆیڤۆدە کەسانێکی بەتوانا و لێهاتووی سەر بە دەوڵەت؛ ئەرکی

گیریت، رومەلی، سلیسترە، بۆسنە، مۆرا، جەزائیر (Özkaya, 1985: 19). لەگەڵ چاکسازیی تەنزیمات، ناوی ئەیالەتەکان گۆڕابوو بە ویلایەت، لە شوێن میری میرانیش؛ ناوی والیی لێ نرا (Saydam, 2014: 128).

[٢٣] سانجەق: ئاستێك لە خوارەوەی ئەیالەتە، سانجەق لە زمانی تورکی وشەیەکە بە مانای "ئاڵایەك سێ تیری تیژی لەسەرە" دێت، بە مانای "چەکێك دەچەقێت" دێت. ئەو قارەمانەی لە شەڕەکاندا ئەو ئاڵایەی وەکوو سیمبولی هۆزەکە بەرزی کردبووەوە، لەگەڵ سانجەقەکە لە سەرەوە تا خوارەوە بە هەمان مانا دێت. بەکورتی: سانجەق لە شەڕەکاندا ئەم ڕەنگە و شێوازەی لەخۆ گرتبوو کە فەرمانڕەواکان یاخود ئەفسەرەکان ئاڵاکەیان وەکوو سیمبول لەژێر فەرمانڕەوایی خۆیان بەرزیان کردبووەوە. لە مێژووی تورك؛ دۆڵ و تەپڵ لەگەڵ سانجەقەکە دەدرەوشایەوە، لە هەمان کاتدا لەنێوان سیمبولەکانی فەرمانڕەوایی حاکیمەکان شوێنی گرتووە (Ünal, 2013: 227). بەڕێوەبەری سانجەق بە زمانی تورکی: میری سانجەق، لە زمانی فارسی: میری لیوای پێ وتراوە، لە زمانی عەرەبی بەکار نەهاتووە. پایەی میری میران بە زۆربوونی سانجەق بەرەوپێش چوو، لە هەر سانجەقێك میرێك دانرا (Sahillioğlu, 1991, 1233)، جگە لەمە لە ڕێکخستنی دامەزراوەی سانجەق؛ مەرجەکانی جوگرافیا، ڕەچەڵەك و مێژوو ڕۆڵی بینیوە. ناوی سانجەقەکان ناوە ناوە لەسەر گەورەیی زەوی و ژمارەکەیان گۆڕانکاریی بەسەر هاتووە. لە سەرەتای سەدەی ١٩، نزیکەی ٢٩٠ سانجەق بوونی هەبووە. لە لایەکی تر بەگوێرەی جیاوازیی دابونەریت، جوگرافیا، ڕەچەڵەك، کۆمەڵایەتی، دین و ئابووری، بۆ هەر سانجەقێك؛ یاسانامەیەك ڕێك خراوە. لەلایەن سانجەق، میری سانجەق بەڕێوە بردراوە. کاتێك میری سانجەق فەرمانەکەی وەردەگرت، بۆ وەرگرتنی پاکانە هەواڵی دەدایە قازیی ئەو سانجەقەی کە ئەرکی پێ سپێردراوە و دەچووە مەرکەزیش، دواتریش لەگەڵ تۆمارکردنی پاکانەکەی لە تۆماری قازیی سانجەقەکە دەستی بە کار دەکرد (Saydam, 2014: 128-129). لەدوای تەنزیمات، هەندێك گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردنی سانجەقەکان ڕووی دا، لەجیاتیی سانجەق؛ وشەی لیوا بەکار هات، گەورەترین میریش کە کارەکانی لەژێر دەست دابوو؛ بە ناوی موتەسەرف بانگ کرا. ئەنجوومەنەکانی کارگێڕیی لیوا دامەزرا. موتەسەرف لە ئەنجوومەنی لیوا؛ کاروبارەکانی کارگێڕی، دارایی، پەروەردە، کشتوکاڵ و بازرگانیی بەڕێوە دەبرد. لەم ئەنجوومەنانە جگە لە موتەسەرف؛ قازی، ژمێریاری، بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەری تۆمارکردن، موفتی و نوێنەری ڕۆحانیی کۆمەڵەی ناموسڵمانەکانیش لەم ئەنجوومەنە ئەندام بووە (Saydam, 2014: 132).

پێ دەدرا ئەرکەکان بەڕێوە ببات (Sahillioğlu, 1991: 1233). ئەم قەزایانەی قۆیقۆدەی لێ نەبووە، لەلایەن قازی و نائیبەوە بەڕێوە دەبرا، چونکە لە قەزاکان کاریگەرترین ئەرك؛ قازی بووە (Özkaya, 1985: 21-23).

لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەگوێرەی لێکۆڵینەوانەی کراوە؛ هەندێك جار هەولێر بە سانجەق و هەندێك جاریش بە قەزا ناوی هاتووە، بۆ نموونە؛ ئەو بەڵگانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە و دەگەڕێنەوە بۆ ئەم دوو سەد ساڵە، هەولێر لە مێژووەکانی ١٩ی ئەیلوول، ١٧١٤ (١٠ی رەمەزان، ١١٢٦)، ١٤ی حوزەیران، ١٧٥٤ (٢٢ی شەعبان، ١١٦٧) و ناوەڕاستی مانگی نیسان، ١٧٦٤ (سەرەتای شەوال، ١١٧٦)؛ سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە و وەکوو سانجەق[٢٤] ناوی هاتووە (BOA, İE.TCT., 23/2422. BOA, C.TZ., 139/6929. BOA, AE..III.MUSTAFA., 106/8079).

لە سەرەتای سەدەی ١٩، هەولێر وەکوو قەزایەك بە ئەیالەتی شارەزوور (کەرکووك) بەستراوەتەوە (Sahillioğlu, 1991: 1253). لە هەندێك بەڵگەشدا وەکوو سانجەق بە ئەیالەتی ناوبراو بەستراوەتەوە. لە مێژووی ١٢ی مایس، ١٨٢١ (٩ی شەعبان، ١٢٣٦) و ١٧ی مایس، ١٨٥٧ (٢٣ی رەمەزان، ١٢٧٣)؛ هەولێر وەکوو سانجەقێك سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە (BOA, C.TZ., 86/4278. BOA, MVL., 309/40). دواتر لە سیستمی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانیدا نوێبوونەوەیەکی زۆر ڕووی داوە و هەرێمی موسڵیش لەم نوێبوونەوە و گۆڕانکارییە بێبەش نەبووە. لە ساڵی ١٨٧٩، موسڵ وەکوو ویلایەتێك ناسرا و کرا بە ویلایەت، کەرکووك و سلێمانییش بەم ویلایەتە بەسترانەوە، قەزاکانی هەولێر، ڕانیە، ڕەواندز، کفری و کۆی سانجەقیش بە سانجەقی شارەزوور (کەرکووك) بەسترانەوە و سەر بە موسڵ بوون (العزاوی، ١٩٥٥، ٧: ٢٦٨-١٦٨). بە هەمان شێوە شەمسەددین سامییش لە سەرچاوەکەی ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەدەی ١٩، هەولێر وەکوو قەزایەك لە سانجەقی شارەزوور (کەرکووك) سەر بە ئەیالەتی موسڵ بووە (Şemseddin Sami, 1880, II: 821).

[٢٤] سەیری پاشکۆی ژمارە (٣) بکە.

4.1.1. شارەوانی

4.1.1.1. ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی و هەڵبژاردنیان

بەگوێرەی تۆمارەکان؛ لە ساڵی ١٨٧٥ شارەوانیی هەولێر دامەزرا (ناصر، ٢٠٠٥: ٢٦٤)، لە سەرۆکی شارەوانی و ئەنجوومەنی کارگێڕی پێك هاتبوو. شارەوانی یاخود ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی، بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکە و گەورەی شارەکە؛ لەنێوان ٦ تا ١٢ ئەندام پێك دەهات و گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات، دوو ساڵ جارێکیش دەگۆڕدرا (Ortaylı, 1994, I: 317). لەم بارودۆخە بۆ ئەوەی خەڵك بەشداریی بەڕێوەبردنەکە بکات، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ببووە شوێنێکی تێڕوانینی سیاسی. مەرجەکانی ئەندامێتی: دەبووایە لە دانیشتووانی شارۆچکەکە یاخود شارەکە بێت و تەمەنی ٣٠ ساڵی تەواو کردبێت، بتوانێت بە زمانی تورکی قسە بکات، هەروەها هاوڵاتیی دەوڵەتی عوسمانی بێت و پەیوەست بێت بە دەوڵەتەوە، بەم مەرجانە ئەندام هەڵدەبژێردرا. جگە لەمە، ئەم کەسانە نەدەبووایە لە خزمەتی هیچ کەسێکدا بن و لە لایەنی بێگانەوە سوود و قازانجی نەکردبێت (ناصر، ٢٠٠٥: ١٤٥). لە ساڵێکدا بەلای کەمی، دەبووایە ٥٠ قوروش باجی مووڵك بدات (Ortaylı, 1994, I: 317). لەم حاڵەتەدا ئەو کەسەی دەبووە کاندیدی ئەنجوومەن؛ دەبووایە خاوەن مووڵك بێت، ئەم مەرجەش ڕێگەخۆشکەر بوو کە دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵاتدارەکان لەناو ئەنجوومەنی کارگێڕیدا بن (ناصر، ٢٠٠٥: ١٤٥)، بۆ نموونە؛ لە مێژووی ٤ی کانوونی یەکەم، ١٨٩٤ (٥ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٢)، خانەدانی هەولێر؛ عەبدوڵا ئاغا لە ئەنجوومەنی کارگێڕیی هەولێر بووە (BOA, DH.MKT., 316/6)، لە مێژووی ١٦ی تەممووز، ١٨٩٠ (٢٨ی زیلقەعدە، ١٣٠٧)، یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی هەولێر، بەڕێوەبەری ناحیەی سوڵتانیە و لە هۆزی بەرزنجی و خانەدانی کەرکووك؛ سەید عەبدولڕەحمان ئەفەندی بووە (BOA, MF.MKT., 129/81).

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی، هەر چوار ساڵ جارێك لە مانگی ئەیلوول لە ڕۆژی یەکشەممەی یەکەم هەفتەدا ئەنجام دەدرا. هەر شوێنێك دانیشتووانەکەی ٣٠٠٠ کەس بووایە، ئەوا ١٢ ئەندام هەڵدەبژێردرا. ئەو شوێنەی دانیشتووانەکەی لە ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ کەس بووایە، لە ٣٠٠٠ بەرەو سەروو بۆ هەر ٥٠٠ کەس ئەندامێکی تر هەڵدەبژێردرا. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بڕیاری زیادکردنی ژمارەی ئەندامی هەڵبژێردراو بەگوێرەی یاسا ئەنجام دەدرا. ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر لە ساڵی ١٨٩١: لە دەروێش ئاغا، مەحموود ئەفەندی، وەلی ئەفەندی پێك هاتبوون (Musul Vilayet Salnamesi,

131 :1308)، هەر چی ئەندامانی سالّی ١٨٩٤: لە محەمەد ئەفەندی، حوسێن ئەفەندی، مەلا مەحموود و ئەلیاهو پێك هاتبوو (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 168).

4.1.1.2. سەرۆکی شارەوانی

لەگەڵ دامەزراندنی شارەوانی، هەروەکوو ئەندامانی ئەنجوومەن؛ ناوە ناوە سەرۆکی ئەنجوومەنیش بە مەرج و یاسا هەڵدەبژێردرا. بەگوێرەی یاسای شارەوانیی ١٨٧٧، ماددەی چوارەم: سەرۆکی شارەوانی لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی هەڵدەبژێردرا، لیستی ناوی کاندیدان دەچووە ئەنجوومەنی کارگێڕیی ویلایەت. بەگوێرەی یاسای شارەوانیی ١٨٧٧، ماددەی ٤٢، چوار سالّ جارێك سەرۆکی شارەوانی هەڵدەبژێردرا. بەگوێرەی ئەمە:

١- ئەنجوومەنی شارەوانی و سەرۆکی شارەوانی، هەفتەی دوو جار لە سەرۆکایەتی کۆ دەبنەوە.

٢- گشت بڕیارەکانی دامەزراوەی بەڕێوەبردن، لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوانییەوە جێبەجێ دەکرێت.

٣- چاودێریی هاوردە لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوانییەوە دەکرێت.

٤- هەناردە و هاوەردەکان لە ڕۆژنامەی فەرمیی دەوڵەت بڵاو دەکرێتەوە.

٥- ئەنجوومەنی شارەوانی، مانگانە هەناردە و هاوردەکانی بەکورتی بۆ ئەنجوومەنی کارگێڕیی ویلایەت دەنێرێت و لەلایەن دەستەی ئەنجوومەنی کارگێڕی؛ بودجە ئامادە دەکات و بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی دەنێرێت.

٦- سەرۆکی شارەوانی، کاروباری شارەوانی بەڕێوە دەبات و فەرمانبەران دادەمەزرێنێت (ناصر، ٢٠٠٥: ١٥١-١٥٢).

لەنێوان سالّانی ١٨٩١-١٨٩٤، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر؛ حاجی ئەحمەد ئاغا بووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 130. Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 168).

4.1.1.3. بەشەکانی شارەوانیی کارگێڕی

بەگوێرەی یاسای شارەوانیی سالّی ١٨٧٧؛ بەڕێوەبردنی کارگێڕی بۆ چەندین یەکە جیا بۆتەوە، هەر یەکەیەکیش بەگوێرەی شارەزایی خۆی بەڕێوە بردراوە. یەکەکانی شارەوانیی هەولێر بەم شێوەیە جێگیر کرابوو:

١- یەکەی ژمێریاری: یەکەی ژمێریاری، واتە ئەمینی سندووق؛ عەبدوڵا ئەفەندی (MusulVilayet Salnamesi, 1308: 131) بووە. فەرمانبەرێك بە ناوی بەرپرس و چەند کاتیبێك بەیەکەوە کاریان کردووە. ئەم یەکەیە لە شارەوانی؛ کاروباری دارایی، کاروباری هەنارده و هاوردەی بەڕێوە بردووە. ئەمینی سندووق هەموو ئێوارەیەك دەهاتە سەرۆکایەتیی شارەوانی، زانیارییەکانی دارایی پێشکەش دەکرد. ئەمینی سندووق بەبێ ڕەزامەندیی سەرۆك، هیچ داهاتێکی خەرج نەدەکرد (ناصر، ٢٠٠٥: ١٥٨). ئەمینی سندووقی ساڵی ١٨٩١؛ عەبدوڵا ئەفەندی، دوای ئەویش لە ساڵی ١٨٩٤؛ باروج ئەفەندی دەستی بە کارەکان کردووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 168).

٢- یەکەی تۆمار: ئەم کارەیە کە هەڵدەستێ بە تۆمارکردنی زانیارییەکان وەکوو تۆماری دانیشتووان و زەویوزار (Pakalın, 1993, III: 376). عوسمانییەکان ئەو مەملەکەتانەی کە جێگیریان دەکرد، هەڵدەستان بە تۆمارکردنی زانیاری زەوی و مولکیەت و سیستمی بەکارهێنان و ڕێژەی باج و بە مەبەستی چەسپاندنی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك تۆماری دەکرد، هەروەها بەم کاری نووسینەوەش کە دەکرا؛ پێی دەوترا تۆمار. تۆمارەکان ٣٠ ساڵ جارێك دووبارە دەکرایەوە، بەڵام هەندێك جار لە هەرێمێك کێشەی زەویوزار لەنێوان ئەو کەسانە دروست دەبوو کە خاکەکەیان بەڕێوە دەبرد، یاخود باجەکانی خەڵك بەنادادەری بەش دەکرا، هەروەها لە ئەنجامی نەخۆشی یا کۆچکردنەوە؛ لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەی دانیشتووان بە ڕێژەیەکی زۆر دەگۆڕا، ئەم هۆکارانە وای دەکرد تۆمارەکان نوێ بکرێنەوە (Sertoğlu, 1986: 326-327).

لە بەشی تۆماری شارەوانی، باش کاتیب لەگەڵ چەند هاوکارێکی بوونیان هەبووە. باش کاتیب؛ بەرامبەر سەرۆکی شارەوانی بەرپرس بوو، بڕیارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانیی تۆمار دەکرد و ئەو نووسراوانەی بڵاو دەکرانەوە؛ تۆماری دەکردن و دۆسیەی ڕێك دەخست. لەم بەشە؛ فەرمانبەری مولك و هەژماری ناسنامە بوونی هەبووە، هەموو جۆرە مولکێك کە لەناو سنووری شارەوانییەکەدا هەبوو؛ لە تۆماری تایبەتی شارەوانی تۆمار دەکران و ئەم تۆمارانەش: مولك؛ ناوی کۆڵان، ژمارەکەی، ناوی خاوەنەکەی و نیشتەجێبوونی تۆمار دەکرا، تۆماری لەدایکبوون و مردن لەگەڵ ناوی کەسەکانیش لەم تۆمارانە دەست نیشان دەکران (Nısar, 2005: 159). لەم سەردەمەدا کاتیبەکانی هەولێر تەنیا ئەمانە چەسپێنرابوون: ١٨٩١؛ یوسف ئەفەندی (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 131) و لە ١٨٩٤؛ تاهیر ئەفەندی بووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 168).

٣- خزمەتی تەندروستیی شارەوانی: لە ساڵی ١٨٧١ بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە دەرچوو، هەر شارەوانییەك دەبووایە لە شارەکان؛ پزیشکێك و یاریدەدەری پزیشکێك دابمەزرێنن. ئەم پزیشکانە هەفتەی دوو ڕۆژ بەبێ بەرامبەر چارەسەری نەخۆشەکانیان دەکرد، جگە لەمە لە شارەکان داوا کرابوو دەرمانخانەیەك بکرێتەوە تاوەکوو بەخۆڕایی دەرمان بدەنە نەخۆشە هەژارەکان، وەکوو شارە گەورەکانی: بەسرە، بەغداد، موسڵ، سلێمانی، کەرکووك، کەربەلا، خانەقین و حلە؛ یەکەی تەندروستی هەبووە، بەڵام لە شارەکانی تری عیراق تا دوا سەردەمی عوسمانییەکان؛ پزیشك بوونی نەبووە (ناصر، ٢٠٠٥: ١٦١-١٦٢). کەچی لە ماوەی نەهامەتیدا بۆ ئامادەکردنی چارەسەر بۆ ماوەیەکی کورت؛ پزیشك بۆ شارەکان نێردراوە، بۆ نموونە؛ لەم ساڵانەی کە نەخۆشیی کۆلێرا بڵاو بۆتەوە، نەخۆشییەکە بۆ عێراق و هەولێریش ڕۆیشتووە، بۆ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی کۆنترۆڵی ئەم نەخۆشییە بکات ئامادەکاریی کردووە. لە مێژووی ٢٩ی حوزەیران، ١٨٩٠ (١٤ی زیلقەعدە، ١٣٠٧)؛ ئەم نەخۆشییە لە هەولێریش تەشەنەی کردووە، نەزارەتی تەندروستی ئامادەکاریی خۆی کردووە تا لەلایەن پزیشکێکی سەربازی کۆنترۆڵ بکرێت و چارەسەرێك بۆ نەخۆشییەکە بدۆزرێتەوە (BOA, Y.PRK.SH., 3/19). جگە لەمە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم نەخۆشییە؛ هەمان ساڵ لە مێژووی ٩ی تەممووز، ١٨٩٠ (٢١ی زیلقەعدە، ١٣٠٧)، والیی موسڵ زانیاریی داوەتە نەزارەتی تەندروستی، تێیدا ئاماژەی پێ کردووە کە بینباشی عەبدولڕەحمان ئەفەندی لە هەولێر دەستی بە پیشەی پزیشکی کردووە. ویلایەتی موسڵ لە بارەی ئەم نەخۆشییە داوای ڕاپۆرتی لەم پزیشکە کردووە، بەڵام پزیشکەکە ڕاپۆرتەکەی نەناردبوو، ئەم جارە قائیمقامی هەولێر بە ڕێگەی تەلەگرافەوە زانیاریی داوەتە والیی موسڵ، بەم شێوەیە نووسیویەتی: "دوێنێ ئێوارە کاتژمێر ١٢ تا ئەمڕۆ کاتژمێر ٢ی ئێوارە، ٤٧ نەخۆش هەبووە. ٢١ نەخۆش و ٦ی لە نەخۆشییە کۆنەکان، بەکۆکراوەیی: ٢٧ کەس ژیانی لەدەست داوە." هەمان ساڵ پزیشك عەبدولڕەحمان ئەفەندی ڕاپۆرتی بۆ والیی موسڵ نارد‌ووە، تێیدا هاتووە "١٠٧ کەس تووشی ئەم نەخۆشییە بوونە و ٧٣ نەخۆش ژیانی لەدەست داوە" (BOA, Y.PRK.ASK., 62/7).

لە دوا سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، پزیشکەکان بەسترابوونەوە بە شارەوانی و لەلایەن شارەوانییەوە دادەمەزران. لە شارەوانیی هەولێریش یەکەی تەندروستی هەبووە، ئەم یەکەیە کاری دامەزراندنی پزیشك و ئامادەکردنی پێداویستیی تەندروستی بووە، تەنانەت مووچەی پزیشك و کارمەندەکانیش لە کاروبارەکانی ئەم یەکەیە بووە. لە مێژووی ٧ی حوزەیران، ١٨٩٤ (٣ی زیلحیجە، ١٣١١)، مەکتەبی گشتی

سەربازی بۆ نەزارەتی شاهانە نووسراوێکی کردووە و لەم نووسراوەیەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە قەزای هەولێری سەر بە سانجەقی کەرکووك؛ پێویستی بە پزیشکێکە و داوای کردووە پزیشکێك دابمەزرێت (BOA, DH.MKT., 246/36). پشتبەستن بەم زانیارییە، نیشانی دەدات کە لەم سەردەمەدا لە هەولێر پزیشك نەبووە. هەر چی دواترە، لە مێژووی ٣٠ی کانوونی دووەم، ١٨٩٥ (٣ی شەعبان، ١٣١٢)؛ لە شارەوانیی موسڵ لە بارەی دۆزینەوە و دامەزراندنی پزیشکێك بۆ هەولێر داواکاری نووسراوەتەوە (BOA, DH.MKT., 285/7). پشتبەستن بەم داواکارییە، لە مێژووی ٢٩ی تشرینی یەکەم، ١٨٩٩ (٢٣ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٧)؛ نووسراوێك بۆ نەزارەتی پۆلیسی- پاراستن نووسراوەتەوە. لەناو ویلایەتی موسڵ، ئیسحاق هاروون ئەفەندی لە یەکەی تەندروستیی شارەوانیی هەولێر دامەزراوە. ئیسحاق هاروون ئەفەندی بە هۆی نەخۆشکەوتنی؛ نەیویستووە بچێتە هەولێر، دواتر نەخۆشییەکەی کۆنترۆڵ کراوە و تەندروستیی باش بووە، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا دەستی بە کارەکەی کردووە (BOA, DH.MKT., 2262/71). ئەم ماوەیەی کە نەیویستووە بچێتە سەر ئەرکەکەی، ئەو ١٥٠ لیرە عوسمانییەی کە وەکوو مووچە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆی دابین کراوە؛ بۆ یەکەی تەندروستی گەڕاوەتەوە (BOA, DH.MKT., 2275/16).

4.1.2. ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا

4.1.2.1. قائیمقام

قائیمقام وەکوو وەکیل لە شوێن کەسێکی بە ئەرك دادەنرێت، لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە رێکخستنی کارگێڕی و سەربازیدا زاراوەیەك یاخود مانایەکە کە بۆ هەندێك کەس بەکار هاتووە ئەرکیان پێ سپێردراوە. ئەم مانایە یاخود زاراوەیە لە سەدەی ١٦ەوە بەرچاو دەکەوێت. لەپێش سەردەمی تەنزیمات؛ زاراوەی بەڕێوەبردنی دارایی هەڵگیرا و لە شوێن ئەم وشەیە لە ساڵی ١٨٤٢ زاراوەی قائیمقام بەکار هات و قائیمقامەکان بە نەزارەتی ناوخۆ بەسترانەوە، دامەزراندنیان لێرەوە دەکرا. لە کۆتادا لە سەردەمی تەنزیمات لە ڕووی کارگێڕییەوە فراوانبوونی بەخۆیەوە بینی. لە ساڵی ١٨٦٤ بەڕێوەبردنی سانجەق لە قائیمقام وەرگیرایەوە و درایە موتەسەرف (Özkaya, 2002, XXV: 84-85). لەم تابلۆیەی کە لە خوارەوە هاتووە، قائیمقامەکانی هەولێر بەگوێرەی ساڵ دیاری کراوە (س. تابلۆی 4.1.).

لە سیستمی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانی و لە سیستمی کارگێڕی لەنێوان ئەو کەسانەی ئەرکیان هەبووە؛ گۆڕینەوە ئەنجام دراوە، کەسێك کە ئەرکی هەبووە لەگەڵ کەسێکی تر کە هەمان ئەرکی هەبووە؛ گۆڕینەوەی شوێنەکانیان کردووە، یاخود کەسێك کە لە

ئەرکەکەی کۆتایی بە ئەرکەکەی هاتووە؛ ئەوا لە شوێنێکی تر هەمان ئەرکی پێ دراوە و دەستی بە کار کردووە. لە مێژووی ٩ی مایس، ١٨٩٩ (٢٨ی زیلحیجە، ١٣١٦)؛ نووسراوێك بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، قائیمقامی هەولێر؛ روشدی ئەفەندی گوازراوەتەوە بۆ قائیمقامیەتی سەڵاحیە و بۆ شوێن ئەویش قائیمقامی زێبار؛ عەبدوڵا بەگ دامەزراوە (BOA, DH.MKT., 2194/78). جگە لەمە قەزای هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە، قائیمقامەکەی؛ روشدی ئەفەندی لە مێژووی ٤ی تشرینی دووەم، ١٨٨٦ (٦ی سەفەر، ١٣٠٤)؛ مردووە، لە شوێن ئەو، قائیمقامی ڕانیە؛ عەبدوڵا ئەفەندی دانراوە (BOA, DH.MKT., 1375/64).

لە کۆتایی سەدەی ١٩، ئەو کەسانەی ئەرکی قائیمقامیەتی هەولێریان پێ دراوە؛ لە تابلۆکە نیشان دراوە: لە ساڵی ١٨٨٦، لە قەزای هەولێر؛ روشدی ئەفەندی ئەرکی قائیمقامیەتی وەرگرتووە و لە ساڵانی ١٨٩١-١٨٩٢؛ عەبدوڵا پاشا، لە ساڵی ١٨٩٤؛ عەبدوڵا ئەفەندی، لە ساڵی ١٨٩٦؛ ئیبراهیم بەگ، لە ساڵی ١٨٩٩؛ عەبدوڵا بەگ و لە ساڵی ١٩٠٠؛ عەبدوڵا موخلیس بەگ، پلەی قائیمقامیان هەبووە.

تابلۆی .4.1، قائیمقامەکانی هەولێر

ناو	ساڵ
روشدی ئەفەندی	١٨٨٦ (١٣٠٤[٢٥])
عەبدوڵا پاشا	١٨٩١-١٨٩٢ (١٣٠٨-١٣١٠[٢٦])
عەبدوڵا ئەفەندی	١٨٩٤ (١٣١٢[٢٧])
ئیبراهیم بەگ	١٨٩٦ (١٣١٤[٢٨])
عەبدوڵا بەگ	١٨٩٩ (١٣١٦[٢٩])
عەبدوڵا موخلیس بەگ	١٩٠٠ (١٣١٧[٣٠])

[٢٥] BOA, DH.MKT., 1375/64.

[٢٦] Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 130. BOA, DH.MKT., 1983/23. BOA, DH.MKT., 1967/118.

[٢٧] Musul vilayet Salnamesi, 1312: 167.

[٢٨] BOA, İ.TAL., 104/33.

[٢٩] BOA, DH.MKT., 2194/78.

[٣٠] BOA, DH.MKT., 2260/12.

4.1.2.2. ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا

سەرکردایەتیی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا لەلایەن قائیمقام بەڕێوە دەبرا. بەگوێرەی نیزامنامە؛ ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزاکان لە ٤ ئەندام پێک دەهات، لەم ئەندامانە؛ (٢)یان موسڵمان و (٢)ەکەی تریش ناموسڵمان بوون. ئەرکی ئەم ئەنجوومەنە: دروستکردنی ڕێگاوبان، کۆنترۆڵکردنی بەرەوپێشچوونی کشتوکاڵ و بازرگانی، جگە لەمانە ئەگەر بەکەمییش بێت ئەم ئەندامانە چونکە لە بەڕێوەبردن کاریگەرییان هەبووە، بۆ ئەوەی کارەکان بەخێرایی بەڕێوە بچن؛ ئەوا هاوکاریی ئەشرافەکانیان کردبوو (Çadırcı, 1991: 259-260. Saydam, 2014: 136).

لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەنجوومەن نوێنەری خەڵک بوون، بۆیە کاریان دەکرد تا کێشەی خەڵک نەمێنێ و چارەسەری کێشەکانیان دەکرد. ئەندامانی ئەنجوومەنی قەزای هەولێر لە ساڵی ١٨٩١ پێک هاتبوو لە: محەمەد سەید ئاغا، خضر ئاغا، نووری ئەفەندی و حەننا ئاغا (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 131). لەم ناوانە؛ محەمەد سەید ئاغا و خضر ئاغا موسڵمان بوونە، نووری ئەفەندی و حەننا ئاغا؛ ناموسڵمان بوون. لە ساڵی ١٨٩٤، ئەندامەکانی لە: حاجی خضر ئەفەندی، سەید عەبدوڵا ئاغا، ئانتۆن ئەفەندی و نووری ئەفەندی پێک هاتبوو (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 168).

بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا؛ ناوی ئەندامەکان دەنێردرایە ئەنجوومەنی تەفریق، ناوی ئەندامەکان لێرە دەچووە ئەنجوومەنی گوندەکان، دواتریش ئەم ناوانە دووبارە دەگەڕایەوە بۆ ئەنجوومەنی تەفریقی قەزاکان، ئەم ئەنجوومەنە ٢ ناوی هەڵدەبژارد و بۆ قائیمقامی دەنارد، قائیمقامیش ئەم ناوانەی دەنارد لای موتەسەرف تا ئەندامی بنچینە هەڵبژێرێت. بۆ هەڵبژاردنی ئەندامەکان؛ چەند مەرجێک هەبووە، بەگوێرەی ئەم مەرجانە؛ ئەندام هەموو ساڵێک ناچار بوو ٥٠٠ قوروش باج بدات، بەڵام باجی ئەندامەکانی قەزا؛ بڕەکەی کەمتر بوو. جگە لەمە هاوڵاتیی کۆمەڵگای عوسمانی بێت، نووسین و خوێندنەوە بزانێت و تەمەنی لە ٣٠ ساڵ زیاتر بێت. کەچی بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکان؛ ئەم مەرجانە تەنیا لەسەر کاغەز بوو، بەپێچەوانەوە ئەندامەکانی قەزا، لیوا و ویلایەتەکان؛ لەسەر بنەمای هێز و دەسەڵات و لەنێو کەسانی بەدەسەڵات هەڵدەبژێردرا (Çadırcı, 1991: 261).

یەکێک لەم ئەندامانە؛ خضر ئەفەندی ئاغا لە مێژووی جیاجیادا ناوی هاتووە، لە مێژووەکانی: ١٧ی کانوونی یەکەم، ١٨٩١ (١٥ی جەمادی یەکەم، ١٣٠٨)، ١١ی ئۆغستۆس، ١٨٩١ (٥ی موحەررەم، ١٣٠٩) و ٧ی کانوونی یەکەم، ١٨٩٤ (٨ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٢)؛ لەم ئەرکەدا بوونی هەبووە (BOA, DH.MKT., 1902/71. BOA,

(DH.MKT., 316/5. BOA, DH,MKT., 1753/92) و عەبدوڵا ئاغا لە مێژووی: ١٩ی شوبات، ١٨٩٤ (١٣ی شەعبان، ١٣١١) و لە ٧ی کانوونی یەکەم، ١٨٩٤ (٨ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٢)؛ لەم مێژووانە وەکوو ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی لە بەڵگەکان ناوی هاتووە (BOA, DH.MKT., 208/57. BOA, DH.MKT., 316/6).

4.1.2.3. ئەندامە بنچینەییەکانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا

ئەندامە بنچینەییەکانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزاکان لە: بەڕێوەبەری دارایی، کاتیبی تۆمارکردن، نائیب (بریکاری قازی) و موفتی؛ پێك هاتبوون (Çadırcı, 1991: 259).

4.1.2.3.1. بەڕێوەبەری دارایی

وشەی بەڕێوەبەر بە مانای ئەوە دێت کە لە ڕووی کارگێڕییەوە شوێنێك بەڕێوە دەبات، واتە فەرمانبەرێکە لە فەرمانگەی فەرمیی بەڕێوەبردنی کارگێڕی؛ شوێنەکەی لەژێر دەستدایە (Şemseddin Sami, 1989: 1316). ئەم فەرمانبەرە لەم قەزایەدا کاروباری دارایی بەڕێوە دەبات (Devellioğlu, 2008: 577)، بەڵام بەڕێوەبەری دارایی یەکسانە بە ژمێریاری سانجەق و دەفتەرداری ویلایەتی ویلایەتەکان (Şemseddin Sami, 1989: 1316). لە سەدەی ١٩، لە هەولێر بەڕێوەبەری دارایی وەکوو ئەرکێکی دەوڵەت هەبووە، لە ساڵی ١٨٩١-١٨٩٢؛ وەلی ئەفەندی و لە ساڵی ١٨٩٤-١٨٩٥؛ زەینەل ئەفەندی لەم ئەرکە ناویان هاتووە (س. تابلۆی 4.2.).

تابلۆی 4.2. بەڕێوەبەری دارایی

ناو	ساڵ
وەلی ئەفەندی	١٨٩١-١٨٩٢ (١٣٠٨-١٣٠٩)[٣١]
زەینەل ئەفەندی	١٨٩٤-١٨٩٥ (١٣١٢-١٣١٣)[٣٢]

[٣١] Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 130، هەروەها وەلی ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی کە لە ساڵی ١٨٩٢ کۆچی دوایی کرد، خێزانەکەی لە مێژووی ٢٧ی تشرینی دووەم، ١٨٩٢ (٢٨ی جەمادی یەکەم، ١٣١٢)، داواکارییەکیان داوەتە دەوڵەت، داوایان کردووە موچەیەکیان بۆ ببڕێتەوە، لەبەر ئەمە ٣ ساڵ و ٨ مانگ و ١٧ ڕۆژ وەلی ئەفەندی لە ئەرکەکەی خزمەتی کردووە، دوای ئەم لێکۆڵینەوەیە بڕی ١٥٠ قوروش موچە بۆ خێزانەکەی بڕاوەتەوە، دەتوانین بەمەش بڵێین موچەی خانەنشینی (BOA, ŞD., 933/23).

[٣٢] Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 167. BOA, DH.ŞFR., 217/76.

4.1.2.3.2. کاتیبی تۆمار

تۆمار، پۆستە و نێردراوی نامەی فەرمی دەکات. لەگەڵ فەرمانگەی ناوەندی ئەستەنبوڵ؛ ویلایەت و نوێنەری دەرەوە، ئەمانە لەنێوان خۆیاندا نووسینەوەیان کردووە، ئەمەش پێی وتراوە تۆمار (Ünal, 2011: 662). تۆمار لە زمانی عوسمانییەکان بە تەحریرات ناوی هاتووە، لە زمانی عەرەبی بە مانای نووسینەوە و نووسین دێت، تەحریرات کۆکراوەکەیەتی. لەنێوان خەڵکیش لەجیاتیی نامە، تەحریر بەکار هاتووە. هەر چی کاتیبی تەحریراتە، ئەو کەسە بووە بە کاری نووسینەوە ئەرکی پێ دراوە (Pakalın, 1993, III: 377). سەفوەت ئەفەندی لە ساڵی ١٨٩١-١٨٩٤، لە هەولێر ئەم ئەرکەی پێ دراوە (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 130. Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 167).

4.1.2.3.3. موفتی

موفتی ئەو کەسە بووە کە لە بارەی مەسەلەی شەرعەوە، وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە. واتە ئەرکی موفتی پێك هاتووە لە تێهەڵکێشکردنی فەرموودەی پێغەمبەر و بە تێڕوانینی شەرع، بابەتەکەی ڕوون کردۆتەوە. لەم ڕووەوە فەرمانبەرێکە، وەکیلی یەکەمی قازییە. موفتی لە گەورەوە تا بچووکترین ئاستی خەڵك، وەڵامی هەموو پرسیارێکی داوەتەوە و لە ڕووی شەرعەوە ڕێگانیشاندەر بووە (E.Üçyiğit, 1977, XXV: 9). لە قەزایەکان جگە لە نائیب، موفتی هاوکارێکی گەورەی قازی بووە لە دادگا. لە هەندێك بابەتدا کە قازییەکان تووشی دوودڵی دەبوون؛ دەیانتوانی سەردانی موفتی بکەن تا فەتوا[٣٣] بدەن، لەم بارودۆخەدا وای دەکرد قازی بەئاسانی بڕیار بدات. قازی نوێنەری دەوڵەت بووە و ناچار نەبوو لەسەر تێڕوانین و بۆچوونی موفتی؛ خۆی بگونجێنێت، بەڵام موفتی لە بارەی مەسەلەیەك؛ بۆچوونی ئایینیی خۆی ڕوون دەکردەوە، ئەمەش بۆ قازی سەرچاوەیەکی شەرعی بووە. قازی تەنیا

[٣٣] لە مەسەلەی ڕێبازی ئایینیدا ئەو وەڵامەیە کە بە ڕێگەی حوکمی دینی-یاسایی وەڵام دەدرێتەوە و ڕوونکردنەوە دەدات، جگە لەمە ئەو موفتیەی کە لێهاتووە؛ بە پشتبەستن بە قورئان و سوننەت کار دەکات، ئەوەی لێهاتوو نەبێت، بە تێکەڵکردنی بیروڕای لێهاتوویەك دەیتوانی فەتوا بدات، واتە بە یەکگرتنی بیروڕا فەتوا دەدرا. بەگوێرەی هەندێك لە زاناکان لە هەندێك لە مەسەلەدا ئەگەر موفتییەك لە مەزهەبی خۆی لا بدات و بە پشتبەستن بە مەزهەبێکی تر فەتوا بدات، ئەوا گوناهە، هەر چی گرووپەکەی تر بوو پێیان وا بوو لە هەندێك مەسەلەدا بە حوکمی مەزهەبی تر فەتوا بدرێت و کاری پێ بکرێت ڕاست نییە، واتە دەبووایە موفتی بە مەزهەبی خۆی فەتوا بدات (Atar, 1995, XII: 486-491).

لە نەریتی شەرعی تێڕوانینی نەبوو، بەڵکوو لە بابەتی دابونەریتەوەش پرسیار لە موفتی دەکرا و دەیتوانی فەتوا دەربکات. پیشەی موفتی و فەرمانگەی موفتی لە پایتەخت؛ شێخولئیسلام بوو، لە قەزاکانیش ئەو شوێنە بووە کە خەڵك نەك تەنیا لە بابەتی ئایینی، بەڵکوو لە بابەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کارگێڕی و یاساییشدا سەردانی موفتی کردووە و پرسیاری کردووە تاوەکوو وەڵامی دروستی دەست بکەوێت (Ünal, 2013: 241).

لە هەولێر جگە لە موفتیاتی، لە هەمان کاتدا موفتی لە ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا؛ ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی بووە و ئەرکی هەبووە. لە ساڵی ١٨٩١-١٨٩٤، عەبدولڕەحمان بە ناوی موفتی لەم ئەرکەدا بووە. لە هەولێر ئەوەی ئەم ئەرکەی وەرگرتووە، جگە لەوەی موفتی بووە؛ لە هەمان کاتیشدا لە ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا ئەندام بووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 130. Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 167). لە دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزراوەی فەتواخانە، ئەو شوێنە بووە لە دەرکردنی فەتوا بۆ موفتییەکان؛ چالاکی بووە. ئەم دامەزراوەیە لەلایەن شێخولئیسلامەوە ئەرکەکەی بەڕێوە دەبرا (Koca, 1995, XII: 496). بەڵام لە هەولێر دەزگای فەتواخانە نەبووە، موفتیی هەولێر لە قەزادا ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی بووە و ئەرکەکەی وەرگرتووە، بۆیە ئەو پرسیارانەی لە بارەی ئەم بابەتەوە دەهات بۆ چارەسەرکردنیان و بڕیاردان، هەندێك لەم لێکۆڵینەوانە ڕەوانی فەتواخانە کرابوو. بە فەتوادانی فەتواخانە هاوکار بوو، تاوەکوو قازی بتوانێ بڕیار بدات. ئەگەر لە هەولێر فەتواخانەش نەبووبێت، بەڵام دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی موفتی ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزا بووە؛ لەوێ کارەکانی فەتوای بەڕێوە بردووە. لە لایەکی تر ئەگەر بینایەی فەتواخانە هەبووبێت، ئەوا موفتی هەم ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی بووە و هەم ئەرکی موفتیاتی لە فەتواخانە ئەنجام داوە، بۆ نموونە؛ قەزای هەولێر کە سەر بە سانجەقی شارەزوور بووە، لە مێژووی ٢١ی ئۆغستۆس، ١٨٦٤ (١٨ی ڕەبیعی یەکەم، ١٢٨١)، لە قەڵای هەولێر، گەڕەکی سەرای عەباس لە سەربازی پیادە بووە، لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەی؛ بەبێ مەبەست لە دواوەی فیشەکی تەقاندووە و کەسێکی بە ناوی عەلی کوشتووە، لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکە ڕەوانەی فەتواخانە کراوە. بەگوێرەی مادەی یاسایی ١٨٢، ئەگەر کەسێك بەبێ مەبەست کەسێك بکوژێت، ئەوا لە ٦ مانگ تا ٢ ساڵ سزای زیندانی وەردەگرێت. عەباسیش کە لەسەر ئەرکەکەی بووە، بەبێ ویستی خۆی بۆتە هۆکاری کوشتنی کەسێك، ١ ساڵ سزای زیندانیی بەسەر سەپێنراوە و فەتواخانەی بەغدادیش ئەم سزایەی پێ گونجاو بووە (BOA, MVL., 773/63).

جگە لەمە لەلایەن والیی بەغدادەوە دوو بڕیارنامەی بۆ ئەنجوومەنی والّا نارددووە، لە بڕیارنامەیەك قازیی بەغداد لە مێژووی ٥ی کانوونی یەکەم، ١٨٤٧ (٢٦ی جەمادی کۆتایی، ١٢٦٣)؛ شەمس خاتوون بە هۆی میراتەوە لەلایەن براکەی بە ناوی مەحموود کوژراوە، دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ بکوژ؛ هاوسەرەکەی خەلیل و کوڕە بچووکەکەی ئیبراهیم ئازاد کرابوون، لەسەر ئەمە قازیی بەغداد بە پشتبەستن بە ئەنجامی فەتواخانە؛ مەحموود مافی هیچ میراتێکی نەبووە، هەروەها بڕیار درا هەر هەموو میراتەکە بدرێتە هاوسەرەکەی خەلیل و کوڕە بچووکەکەی ئیبراهیم، لە هەمان کاتدا مەحموود برای شەمس خاتوون لە تەرسانەی عامیرە بە زیندانیکردنی ٥ ساڵ بە سزای سەوڵێدان؛ سزا درا (BOA, A.MKT.MVL., 6/37).

4.1.2.3.4. نائیب

نائیب بە وەکالەت شوێنی کەسێك وەردەگرێت، بە واتای گرتنی شوێنی کەسێك دێت. نائیب لە کەلتووری ئیسلام وەکوو زاراوەیەکی کارگێڕی، ئایینی و یاسایی بەکار هاتووە (İ.Parmaksızoğlu, 1977, XXV: 78). نائیب لە یاسای عوسمانیدا دوو مانای هەیە: یەکەمیان: گشت قازییەکان بریکاریان هەبووە، لە زمانی عەرەبی پێیان دەوترا "نائیب" و بەکۆکراوەیی پێی دەوترێت "نەوواب". هەر چی دووەمیانە: قازی لە شوێن خۆی کەسێکی دادەنا تاوەکوو سەیری داواکان بکات، ئەوەی ئەم ئەرکەی وەردەگرت؛ پێی دەوترا نائیب. لە کۆندا کە قازی لە قەزایەك دادەمەزرا؛ خۆی لە شوێنەکە ئامادە دەبوو، کە ژمارەیان زیادی کرد؛ بەپەرشوبڵاوی دادەمەزران، بەخۆیان نەدەچوون، بە ناوی خۆیان مافی بڕیاردانیان دەدایە کەسێك و ڕەوانیان دەکردن. قازییەکان لەناو قەزاکانی خۆیان کاتێك ئەو فەرمانبەرانەی بە ناوی نائیب لە ناحیەکانیان دادەمەزراند، بە شێوەی ئیلتیزام ئەرکەکەیان دەدا. هەر چی نائیب بوو، بە ناوی قازی لە ناحیەکان کاروباری شەرعییان بەڕێوە دەبرد (Doğru, 1995: 206). واتە قازی بۆ کارێکی دیاریکراو یا بۆ کاتێکی دیاریکراو بە ناوی هاوکاری خۆی نائیبی دادەمەزراند، بەتایبەتی ئەو قازییانەی چاوەڕێی خانەنشینبوونیان دەکرد؛ نەدەچوونە قەزاکان و خۆیان هیلاك نەدەکرد، بەڵکوو لە ئەستەنبوڵ دەمانەوە و نائیبیان لە شوێن خۆیان دەنارد (Özcan, 1994: 399). نائیبەکان لەبەرامبەر ئەو ئەرکەی کە پێیان سپێردرابوو و جێبەجێیان دەکرد، ئەو پارەیەی کۆیان کردبووەوە؛ بە ڕێککەوتن لەگەڵ قازی لەنێوان خۆیان بەشیان دەکرد. ئەم شێوازەش وای کرد کەسانی نەشارەزا و

لێنەهاتوو کاری قازیەتی بکەن. هەم لەبەر ئەوەی بەشی قازییان دەدا، وای لێهاتبوو تووشی سەرپێچی و کاری نەشیاو بن (Saydam, 2014: 302).

لە دەوڵەتی عوسمانیدا ئەو قەزایانەی کە گەورە بوون، بینایەی دادگا جیا بووە. لە هەندێك قەزایەکان بەتایبەتی قەزا بچووکەکان، بینایەی دادگا نەبووە (Beşirli, 2005: 105). بەگوێرەی سالنامەی ویلایەتی موسڵ؛ لەگەڵ ئەوەی لە هەولێر دادگایی سەرەتایی بوونی هەبووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە ئاماژە بە بوونی بینایەیەکی تایبەت بە دادگایی سەرەتایی بکات (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 167). لە دادگای شارەوانیی هەولێر؛ نائیب لە شوێن قازی ئەرکی پێ سپێردرابوو، لە هەمان کاتدا وەکوو ئەندامی بنچینەیی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزای هەولێر ئەرکی هەبووە. لە ساڵی ١٨٩١-١٨٩٢، نائیبی هەولێر؛ ئەحمەد ئەفەندی بووە. لە مێژووی ١٧ی کانوونی دووەم، ١٨٩١ (٦ی جەمادی کۆتایی، ١٣٠٨)، کاتێك فەرمانبەرێك لە ڕێگایە بچێتە سەر ئەرکەکەی؛ لەلایەن چەتەکانی هۆزی هەمەوەند ڕێگای لێ گیراوە و ٤٠ هەزار قوروش و ئەو کەلوپەلەی لەلای بووە؛ تاڵان کراوە. نائیبی هەولێر بە نووسراوێك بارودۆخەکەی بە ویلایەتی موسڵ ڕاگەیاندووە (BOA, DH.MKT., 1800/36). دوای ساڵێك لە مێژووی ٢ی کانوونی یەکەم، ١٨٩١ (٢٩ی ڕەبیعی کۆتایی، ١٣٠٩)؛ نائیبی هەولێر بە نووسراوێکی تر ڕوونی کردۆتەوە و ناردوویەتی کە تێیدا هاتووە خانەوادەی ئەو کەسە لە ٢٠ ئەندام پێك دێت و بارودۆخیان پەرێشانە، داوای کردووە ئەو پارەیەی کە دزراوە؛ بۆی بگەڕێنرێتەوە (BOA, DH.MKT., 1896/119). هەر چی ساڵی ١٨٩٤، نائیبی هەولێر؛ سەید خەلیل ئەفەندی بووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 167).

لە هەولێر ناوە ناوە لە دادگای سەرەتایی ناوی نائیب هاتووە، لە لایەکی تریش ئەنجوومەنی دادگاش هەبووە. هەر چی ئەندامانی ئەنجوومەنی دادگایە، لە مێژووی ١٥ی ئەیلوول، ١٨٩٤ (١٤ی ڕەبیعی یەکەم، ١٣١٢): عەبدولڕەحمان دۆغرەمەچی زادە ئەفەندی (BOA, DH.MKT., 294/33. MusulVilayet Salnamesi, 1312: 167) و لە ١٥ی تەممووز، ١٨٩٤ (١١ی موحەررەم، ١٣١٢): حاجی ڕەشید ئەفەندی لە ئەنجوومەنی دادگای سەرەتایی ئەندام بوونە (BOA, DH.MKT., 287/26. Musul VilayetSalnamesi, 1312: 167).

4.1.3. کاتیب

کاتیب واتە نووسەر، کۆپیکەر. لە سەردەمی عوسمانییەکان، کارمەندانی دیوانی هومایۆن و ئەو فەرمانبەرانەن کە دەفتەری تۆماریان لا بووە. ئەو ئەمینەی کاری تەحریری کردووە، کاتیبێکیشی لەلا بووە (Ünal, 2011: 387). بە شێوەیەکی

گشتی وەکوو مەدرەسە ئەگەر کاتیب ئاستێکی بەرزی نەبووبێ لە مەکتەب، نووسینەوە بە کارێکی قورس بینراوە. کاتیبەکان دوای وەرگرتنی خوێندنێکی تەواو، پێویست بوو بە شێوەیەکی تایبەتی بەخۆیشی ئاستی خۆی بەرزتر بکات. کاتیبەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری و فێربوونی زانست؛ سەرەتا سەرف، نەحوو و زمانەوانییان خوێندووە، لەگەڵ ئەمەشدا زانستی مەعانی، بەدەلی بەیان، شیعر، ئینشا، ئەدەبیاتیان خوێندووە. زیاتر لە خۆیشی؛ ئایەتەکانی قورئانی کەریم و فەرموودەی شەریف و پەند و نموونە، زاراوەی جۆراوجۆر، مێژوو، جوگرافیا لەگەڵ ئەمانەش ناچار بوون نەریتی یاسا بخوێنن. جگە لەمە ئەو تایبەتمەندییەی کە دەبووایە لە کاتیب هەبێت؛ دەبووایە لە زانست و زانیاریی جیاواز خۆی بەرەوپێش ببات، هێزی قەڵەم، لێزاهاتن، ملکەچبوونی تێدا هەبێت، بەرتیل و لایەنگری ئەم جۆرە خووە ناشیرینانە نەبێت و دوور بێت، ڕاستی و پاراستنی نهێنیی ئەم جۆرە تایبەتمەندیانەشی هەبێت (İpşirli, 1994, I: 192-194).

کاتیبەکان لە گشت فەرمانگە فەرمییەکانی قەزا و سانجەقەکان بوونیان هەبووە، وەکوو: فەرمانگەکانی ئەنجوومەنی قەزا، شارەوانی، شوێنی قازی و دادگا کاریان کردووە. لە ساڵی ١٨٩١، لە هەولێر؛ سەید ئەمین ئەفەندی (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 131) و لە ساڵی ١٨٩٤؛ تەوفیق ئەفەندی لە ناحیەی قوشتەپە وەکوو کاتیبی باج کاریان کردووە (MusulVilayet Salnamesi, 1312: 169).

لە هەولێر کاتیبەکانی قەڵەمی ناسنامە[٣٤] لە کەسێك زیاتر بوون، لە ساڵی ١٨٩٤؛ حەسەن ئەفەندی لەم پلەیە بووە، لە ساڵی ١٨٩١-١٨٩٤؛ ڕەشید ئەفەندی ناوی لەم پلەیە هاتووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 131. Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 167). لەم بەڵگانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، تێیدا بینراوە عەبدولوەهاب ئاغازادە لە ساڵی ١٨٩٤ لەم ئەرکە خزمەتی کردووە (BOA, DH.MKT., 311/4).

لە مێژووی ١٣ی تشرینی یەکەم، ١٩٠٠ (١٨ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٨)؛ لە ویلایەتی موسڵەوە نووسراو نووسراوەتەوە، بەگوێرەی نووسراوەکە لە هەولێر کاتیبی ناسنامە؛ حوسێن تەحسین ئەفەندی ناوی هاتووە و دوای مردنی ناوبراویش، لە شوێن ئەو؛ عەبدولقادر ئەفەندی دەستی بە کار کردووە، کە داوای کردووە موچەی ١٢٥ قوروشی

[٣٤] قەڵەمی ناسنامە: پلەیەکە پەیوەستە بە کاتیبی قەڵەم. هەر چی قەڵەمی ناسنامەیە، ئەوا ئەو ئەرکەیە کە کاتیبی ناسنامە پێوەی سەرقاڵە (Şemseddin Sami, 1989: 1081).

بـۆ ببـڕدرێتەوە، ئەم داواکـارییەش نێـردراوەتە ژمێریـاری (BOA, DH.MKT., 2437/32).

کاتیبەکانی دادگا لە کاتی لێکۆڵینەوە، گرنگترین یاریدەدەری قازی بـوونە. ئەو بڕیـارانەی کە قازی دەیدا؛ کاتیبەکانی دادگا لە دەفتەر دەیانnووسییەوە، هەروەها لە نووسـینەوەی دەسـتەواژە یاسـاییەکاندا لێهـاتوو بـوون. ئەم کاتیبـانە داواکانیـان وەکـوو خۆیـان دەنووسـییەوە و ئەم داوایـانەی هاوشـێوە بـوون، لە کـاتی لێکـۆڵینەوەدا هـیچ کەموکـوڕییەك ڕووی نەدەدا و ڕۆڵـێکی گرنگیـان لەئەسـتۆ گرتبـوو (Aydın, 1994, I: 401).

لە دادگا ئەرکی باش کاتیب و کاتیـب هەبـووە، قـازی یـاخود نائیـب لە دوا مـاوەی ئەرکەکیان بە شێوەی پێویست دەچوونە ئەسـتەنبوڵ، یـا لە کـاتی دەستلەکارکێشـانەوە، یاخود مردنیـان؛ وەکالەتیـان دەدایە دادگـا، جـگە لەمە نائیبەکـان بە هۆکـاری جیاجیـا نەدەهاتنە دادگا، بۆ ماوەی یەك دوو ڕۆژ باش کاتیب وەکوو بریکار لە شوێنیان دەبوو. باش کاتیبی دادگاکان دەبووایە لە مەسەلەکان شارەزا، ڕاستگۆ، دیندار و بڕواپێکراو بـن (Beşirli, 2005: 115) و کاتیبەکانی دادگاش ناچار بوون لە زۆر بابەتی شەرع و نەریـت شارەزا و زانا بن. کاتیبەکانی شەرعی لە پایەی قازی و عەسکەری قەزا و شێخایەتی بوون و خزمەتیان کردووە، بەگشتی چینێکیان پێك هێنابوو دەیانتوانی خەتی تەعلیق (Ta'lik hattı) بەکار بهێنن (İpşirli, 1994, I: 194, 195).

لە دادگای سـەرەتایی هەولێـر؛ بـاش کاتیـب و کـاتیبی دووەم هەبـووە، لە سـاڵی ١٨٩١: کـاتیبی یەکەم؛ داود ئەفەنـدی و کـاتیبی دووەم؛ خورشـید ئەفەنـدی (Musul VilayetSalnamesi, 1308: 131) و لە سـاڵی ١٨٩٤: بـاش کاتیـب داود موخلیس ئەفەندی و کـاتیبی دووەم؛ عەبـدوڵا ئەفەنـدی خزمەتیـان کـردووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 167).

4.1.4. بەڕێوەبەر

لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩، لەگەڵ لاوازبوونی توانای کارگێڕیی قازییەکان، لە ساڵی ١٨٤٢ بە بڕیاری ئەنجوومەنی والا لە گشـت ئەیالەتەکـان؛ لەلایەن بەڕێـوەبەرەوە قەزاکـان بەڕێـوە دەچـوون (Beşirli, 2005: 24. Saydam, 2014: 135). لە قەزای هەولێـر لە کۆتـایی سـەدەی ١٩، ئەوانەی ئەرکی بەڕێوەبەریـان وەرگرتـووە؛ لە تـابلۆی خوارەوە دیاری کراوە (س. تابلۆی 4.3.).

تابلۆی .4.3، بەڕێوەبەرەکانی قەزای هەولێر

ناو	ساڵ
عەلی بەگ	١٨٥٠ (١٢٧٠[٣٥])
سەلیم ئاغا	١٨٥٧ (١٢٧٣[٣٦])
نووری بەگ	١٨٥٨ (١٢٧٤[٣٧])
توزچی زادە ئەدهەم ئەفەندی	١٨٥٨ (١٢٧٤[٣٨])
تەوفیق ئاغا	١٨٦٢ (١٢٧٨[٣٩])

لە سەرەتای دەوڵەتی عوسمانیدا ئەوانەی دەکران بە بەڕێوەبەر؛ مووچە و داهاتی ماددی نەبووە، تەنیا ئەوەی بۆ دەوڵەت دەیانکرد؛ خەرجیی بەرپرسیارێتییان وەردەگرت. ئەم بارودۆخە وای کرد شوێن بە شوێن نەبوونی دەستی پێ کرد، بەتایبەتی ئەو بەڕێوەبەرانەی کە لە قەزاکان بەخۆرایی خزمەتیان کردووە؛ زۆربەیان بە پشتبەستن بە هێزی دەوڵەت باجی زیاتریان لە خەڵك وەردەگرت، لەوانە بە بەرتیل و دەمچەورکردن پارەیان کۆ دەکردەوە. ئەم بابەتە هێندە کێشەی دروست کردبوو، حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ساڵی ١٨٤٦ بۆ گشت بەڕێوەبەرە خۆجێییەکان، بە شێوەیەکی گشتییش هەموو فەرمانبەرێك مووچەی بۆ دابین کرا، نەك لەلایەن خەڵکی خۆجێیی، بەڵکوو دامەزراندنی بەڕێوەبەر لە دەرەوە و کۆکردنەوەی باج لەلایەن بەڕێوەبەرەکانەوە هەڵگیرا (Saydam, 2014: 135-136). لە هەولێر لەم سەردەمە بەدواوە مووچەی بەڕێوەبەر بوو بە ٣٠٠٠ قوروش. لەناو سانجەقی شارەزوور دوای مردنی بەڕێوەبەری قەزای هەولێر بە ناوی سەلیم ئاغا، لە مێژووی ١ی تشرینی یەکەم، ١٨٦١ (٢٦ی ڕەبیعی یەکەم، ١٢٧٨)؛ بڕیارنامەیەك بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە، بە وەکالەت تەوفیق ئاغا چوو بووە شوێنەکەی، مووچەکەشی ٣٠٠٠ قوروش دیاری کرابوو و ئەم بارودۆخە بە نەزارەتی دارایی ڕاگەیەندرابوو (BOA, MVL., 759/91). بە هەمان شێوە لەناو ئەیالەتی شارەزوور، بەڕێوەبەری قەزای هەولێر لە

[٣٥] BOA, A.DVN., 95/85.
[٣٦] BOA, A.DVN., 95/85.
[٣٧] BOA, A.MKT.MVL., 95/77.
[٣٨] BOA, A.MKT.MVL., 99/23.
[٣٩] BOA, MVL., 759/91.

مێژووی ١١ی شوبات، ١٨٥٨ (٢٦ی جەمادی کۆتایی، ١٢٧٤)، دوای دوورخستنەوەی؛ نووری بەگ هێنرابووە شوێنەکەی، هەروەها مانگانەش ٣٠٠٠ قوروش موچەی بۆ دابین کرابوو، ئەم بارودۆخە بە ئەنجوومەنی والّا و دواتریش بە خەزێنە ڕاگەیەنرابوو (BOA, A.MKT.MVL., 95/77). بەڵام لە مێژووی ٢ی تەممووز، ١٨٥٨ (٢٠ی زیلقەعدە، ١٢٧٤)، لەناو ئەیالەتی شارەزوور نووری بەگ لە بەڕێوەبەرایەتیی قەزای هەولێر بووە، لەبەر ئەوەی لە ئەرکەکەی سەرکەوتوو نەببوو، لە شوێن ئەو؛ تۆزچی زادە ئەدهەم ئەفەندی بە موچەی ٣٠٠٠ قوروش دامەزرابوو. ئەم بارودۆخە بە نووسراوێك بە ئەنجوومەنی والّا، نەزارەتی دارایی و موتەسەرفی شارەزوور ڕاگەیەنرابوو (BOA, A.MKT.MVL., 99/23).

4.1.5. پۆستە و تەلەگراف

لە مێژووی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە وەرگرتنی هەواڵ و ناردنی هەواڵ بە ڕێکخستنی پۆستە ئەنجام درابوو، ئەم ڕێکخستنە لە گشت وڵاتانی ئیسلامی پەیڕەو کرابوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ناوەکەی گۆڕانکاریی تێدا کراوە. لە سەدەی ١٩ لە دەوڵەتی عوسمانیدا ئەم ئەرکە لەلایەن نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف بەڕێوە چووە.

لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکاندا ناوی بەرید (برید) لە پۆستە نراوە، ئەم کارە لەلایەن کەسانێك لەژێر ناوی ئولاك و تاتار و پۆستەچی و ساعی کارەکەیان کردووە (Kazıcı, 1991: 271-272). لە دەوڵەتی ئیسلامی بەگشتی بە لایەنی ئەرك و کاروبارەوە بە ناوی جیاواز ئەرکەکە ئەنجام دراوە. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی خاوەن خاکێکی فراوان بووە، وا پێویست کراوە لەژێر دامەزراوەیەکەوە کارەکە بەڕێوە بچێت، بە هۆی دووریی ناوچەکان لە ئەستەنبوڵ کە مەرکەز بووە، بۆیە گەیاندنی هەواڵەکانی سیاسی و کارگێڕی، هەروەها فەرمانەکان لە ناوەوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانی واتە مەرکەزەوە بۆ شوێنەکانی تر زەحمەت کردبوو، لەبەر ئەوە دامەزراوەی پۆستە بەکار هاتبوو. پێشووتر ئەم هەواڵهێنان و بردنە بە ڕێگەی ئولاك-مەنزیلەکانەوە ئەنجام دراوە. دامەزراوەی پۆستە لەژێر ناوی مەنزیلەوە کەمێك بە شێوەی جیاواز دامەزرابوو. لەلای عوسمانییەکانەوە ئەوەی کاری پۆستەی کردووە، پێی وتراوە ئولاك یاخود تاتار. کەچی دامەزراوەی مەنزیل بە تێپەڕبوونی کات تێك چوو، لە گشت مەملەکەتەکانی عوسمانی دامەزراوەی مەنزیل هەڵگیرا و بە ئامانجی دامەزراندنی سیستمی پۆستە لە ساڵی ١٨٣٤؛ دەستبەکار بوون، هەروەها بۆ ڕێکخستنی ئەم کارەش؛ هادی ئەفەندی ئەرکی پێ سپێردرا. هەمان ساڵ بۆ تاقیکردنەوە بۆ دروستکردنی ڕێگایەکی پۆستە لە ئوسکودار تا ئیزمیت، موشیری تایبەتی؛ ئەحمەد فەوزی پاشا ئەرکی پێ سپێردرا و ڕێگایەکە

کرایەوە، تەنانەت لە سەردەمی مەحموودی دووەم تاوەکوو فەیتوونلا کارتاڵ ڕۆیشت. لەسەر ئەم ڕێگایە پۆستەخانە دروست کرا، هەر ماوەی چارەکە کاتژمێرێك ستوونی بە ژمارەی لێ چەقێنرا. دوای ساڵێك لەنێوان ئوسکودار-ئیزمیت، نەخشەی ڕێگای پۆستە دروست کرا. لە ١٨٣٩ بە دامەزراندنی دامەزراوەی پۆستە بەیەکەوە، سیستمی ئولاك کۆتایی پێ هات (Halaçoğlu, 2012, XLII: 78-79).

لە سەدەی ١٩، کۆمەڵگای ئیسلامی چوونە سەر سیستمی پۆستە و ئەم سیستمە یەکەم وڵات کە جێبەجێی کرد؛ لە سەردەمی مەحموودی دووەم دەوڵەتی عوسمانی بوو. ئەم دامەزراوەیە بە تێپەڕبوونی کات بۆ وڵاتانی تر گوازرایەوە (Harekât, 1992, V: 500). دوای دامەزراندنی نەزارەتی پۆستەش؛ بەڕێوەبەرایەتیی پۆستەش لە مەرکەزە گرنگەکان دامەزران، دوای ئەمەش فەرمانگەی تەلەگراف دامەزرا. بەڕێوەبەرایەتیی تەلەگراف لە مێژووی ٢١ی ئەیلوول ١٨٧١، لەگەڵ نەزارەتی پۆستە یەکیان گرت و ناوی نرا نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف، هەروەها بەستراوەتەوە بە نەزارەتی ناوخۆ (Yazılcı, 1989: 346). لە سەدەی ١٩ لە هەولێر بەڕێوەبەر و فەرمانبەری پۆستە و تەلەگراف بوونیان هەبوو، لە ساڵی ١٨٩١؛ وەحید ئەفەندی فەرمانبەری تەلەگراف بوو (Musul VilayetSalnamesi, 1308: 131)، جگە لەمە لە ساڵی ١٨٩٤؛ نەشئەت ئەفەندی بەڕێوەبەری پۆستە و تەلەگرافی هەولێر بووە، هەر چی ئەرکی دابەشکردنی تەلەگراف؛ لەلایەن سوڵتان ئاغا ئەنجام دراوە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 168).

4.1.6. پاداشت و سزا لە سیستمی کارگێڕی

4.1.6.1. پاداشت لە سیستمی کارگێڕی

لە دەوڵەتی عوسمانیدا لەسەر ئەرکەکانی کارگێڕی و سەربازیدا، پاداشت و سزای کارمەندان یاخود ئەو کەسانە دراوە کە ئەرکیان پێ سپێردراوە. ئەوەی کارەکەی بەڕێکوپێکی تەواو بکات و ئیشوکارەکانی بەبێ کەموکوڕی بەڕێوە ببات، لەلایەن دەوڵەتەوە پاداشت کراوە. ئەم پاداشتەش وەکوو نیشان و وەرگرتنی پلە، کەسی دیاریکراو پاداشت کراوە. ئەوانەی پاداشت دەکران؛ بەتەنیا مەدالیا و نیشان یا پلەی پێ دراوە، هەندێك جاریش نیشان و پلە بەیەکەوە وەردەگیرا، یاخود تەنیا پلەی وەردەگرت. لە قەزای هەولێر، فەرمانبەرانی کارگێڕی؛ هەم نیشان، هەم پلەیان وەرگرتووە.

لە قاموسدا نیشان بە واتای: "هێما"، "ئاماژە" دێت. وشەی نیشان بە زمانی فارسییە و لە بیروقراتی عوسمانیدا بە مانای جیاواز بەکار هاتووە. ئەو بەڵگانەی کە بۆ پاداشت پاشای

نووسیویەتیەوە، پێی وتراوە "نیشانی هومایۆن" "nişan-ı hümayun" (Artuk, 2007, XXXIII: 154). نیشان دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی ئەوروپییەکان، بەڵام لە دەوڵەتی عوسمانیدا زۆر درەنگ مەدالیا و نیشان بەکار هات. مەدالیا و نیشان دەدرایە کارمەندانی سەربازی، مەدەنی و کارگێڕی، تەنانەت لەلایەن خەڵکەوە بە ناوی دەوڵەت سوود و هاوکاریی کەسانێك یاخود بێگانەیان دەکرد، جگە لەمە سەرکەوتوو بوونە لە کارێك، بەمەش بە فەرمانی پاشاوە ئەم پاداشتە پێشکەش دەکرا (Gündüz, 2011: 127-128).

ئەم نیشانانەی لە دەوڵەتی عوسمانی دەدرا، نموونەی یەکەم لە سەردەمی سەلیمی سێیەم پارچەیەکی بە زێڕ نەخشێنراو درایە ئەمیرالی ئینگلیزی نیلسۆن، چونکە پاپۆڕی فەرەنسای سووتاندبوو، لەدوای ئەمەش لە شەڕی ئیسکەندەریە کاپتنی ئینگلیز؛ هاجەنسۆن سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا، بۆیە ئەم نیشانەی پێ درا. ئەم نیشانە لە شێوەی مانگ بە نەقش و ئەڵماس ڕازابووەوە (Gündüz, 2011: 134). نیشانی "نیشانی مەجید" "Mecidi Nişanı" لەلایەن سوڵتان عەبدولمەجید (١٨٢٣-١٨٦١)، لە ساڵی ١٨٥٢ وەکوو پاداشت پێشکەشی کرد. ئەم نیشانەیە لە ژمارە یەك تا پێنج پلەدار کرا بوو. هەر کەسێك توانا و لێهاتوویی تایبەتی خۆی نیشان دابێت و سەرکەوتوو بووبێت، ئەوا بەگوێرەی پلەی ڕێزبەندییەکەی کە لە یەك تا پێنج بۆی کراوە، بە یەکێك لەم پلەیانە نیشانەکەی پێ دراوە. هەر کەسێك شایەنی ئەم نیشانە بووبێت، بە مەرجی تا مانەوەی لە ژیان؛ نیشانی مەجیدی بە دیاریکردنی پلەکەی پێی دراوە. لەم سەردەمەدا بڕیار درابوو لە پلەی یەکەم: ٥٠، لە پلەی دووەم: ١٥٠، لە پلەی سێیەم: ٨٠٠، لە پلەی چوارەم: ٣٠٠٠ و پلەی پێنجەم: ٦٠٠٠، بەکۆکراوەیی دەکاتە ١٠٠٠٠ دانە نیشان چاپ کرابوو (Artuk, 2007, XXXIII: 154). ئەم نیشانە لە ساڵی ١٨٦٢ لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز بەرەوپێش چوو، لە چوار پلە نیشانی عوسمانی لەدوای خۆیدا لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، تەنانەت لە سەردەمی سوڵتان ڕەشادیش لە پێشکەشکردنی بەردەوام بوونە (Gündüz, 2011: 134-135). ئەو کەسەی لایقی نیشانەکە بووایە؛ تا لە ژیان دەبوو ئەم نیشانە لەلای دەمایەوە، دوای مردنی خاوەنەکەشی؛ دەگەڕایەوە خەزێنەی دەوڵەت (Artuk, 2007, XXXIII: 155).

ئەو نیشانەیەی کە بە پلەوە دەدرا، پلەوپایەیەك بوو دەدرایە فەرمانبەران و هەندێك لە خەڵکی ئاسایی. ڕێزبەندیی ئەم پلانە بۆ ئەم مەبەستە دروست کرابوو تاوەکوو لەلایەن بچووکەکانەوە فەرمانی گەورەکان جێبەجێ بکرێت، هەروەها بچووکەکان ناچارن ملکەچی گەورەکان بن (Pakalın, 1993, III: 68). هەر چی

مووچەی ئەم پلەوپایانەیە؛ لەدوای تەنزیمات چینی زاناکان بە نەمانی کارەکەیان بەگوێرەی پلە دیاریکراوەکان مووچەیان بۆ دەبڕایەوە (Sertoğlu, 1986: 286).

لە دەوڵەتی عوسمانیدا پلەش وەکوو نیشان جیاواز بوو، تەنیا بۆ سەرباز تەرخان نەکرابوو، بەڵکوو سیڤیل (مەدەنی) و زانا (زانای ئایینی)یش وەریانگرتبوو (Y.Ö., 1978, XXVII: 477). بۆ یەکەم جار پلە لەگەڵ دامەزراندنی دامەزراوەی یەنیچەری پەیدا بوو، دواتریش بۆ چینی مەدەنی و لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی درایە زاناکانیش. پلەکانی مەدەنی لە سەردەمانی زوو لە پلە ٣،٤ سنووردار بوو، دواتر پلەی پێنجەم پەیدا بوو (Gündüz, 2011: 133)، ئەوانیش بۆ پیشەی مامۆستایەتی، بەرپرسی دەرگەوان، میری میران و وەزیر، بەڵام لە ڕیزی مەدەنی؛ ڕێکوپێکیی پلە و لە شێوەی ڕێزبەندی لە ساڵی ١٨٣٢-١٨٣٣ دەستی پێ کرد. یەکەم جار بۆ فەرمانبەران، پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم جێبەجێ کرا. پلەی یەکەم، پێشەکانی وەکوو: کەتهودا، دەفتەردار، بەرپرسی کاتیبەکان، نەزارەتی موقاتەعە، پلەی دووەم: چاوش باشی و تەرسانە و تۆپخانە، پلەی سێیەم: بەگایەتی، مەکتوبچی و ئەو ئەرکە گرنگانەی کە لە سنووری بابی عالیدا بوون، پلەی چوارەم: بۆ پیشەی باج و گومرگ ڕیز کرابوون. کاتێکی زۆر تێنەپەڕی، پلەی پێنجەمیش بۆ خەلیفەکانی دیوانی هومایۆن و قەڵەمەکان کە دادەمەزران؛ تەرخان کرا (Pakalın, 1993, III: 68-69).

نیشانی "نیشانی مەجید"

نیشانی عوسمانی

http://koleksiyonerim.blogspot.com.tr/2013/01/osmanli-donemi-nisan-vemadalyalari-1.html

میژووی ٢٠١٥/١/٢٣، کاتژمێر ١٤:١٨

تابلۆی .4.4، لیستی ئەم پلە و نیشانانەیە کە دراوەتە فەرمانبەرانی هەولێر.

ژمارە	ناوی فەرمانبەران	ئەرك	پلەی وەرگیراو	نیشانی وەرگیراو	ساڵ
١	خضر ئەفەندی[٤٠]	ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی	پلەی پێنجەم	نیشانی مەجیدی	١٧ی کانوونی یەکەم، ١٨٩١ (١٥ی جەمادی یەکەم، ١٣٠٩)
٢	حاجی ئەحمەد ئاغا[٤١]	سەرۆکی شارەوانی	پلەی سێیەم	نیشانی مەجیدی	٢٦ی حوزەیران، ١٨٩٤ (٢٢ زیلحیجە ١٣١١)
٣	عەبدولوەهاب ئاغازادە[٤٢]	فەرمانبەری ناسنامە	پلەی سێیەم	وەرینەگرتووە	٢٨ی تەممووز، ١٨٩٤ (٢٤ی موحەررەم، ١٣١٢)
٤	حاجی ڕەشید ئەفەندی[٤٣]	دادگای شارەوانی	پلەی سێیەم	وەرینەگرتووە	١٥ی تەممووز، ١٨٩٤ (١١ی موحەررەم، ١٣١٢)
٥	عەبدولڕەحمان دۆغرەمەچی زادە ئەفەندی[٤٤]	دادگای سەرەتایی	پلەی چوارەم	وەرینەگرتووە	١٥ی ئەیلوول، ١٨٩٤ (١٤ی ڕەبیعی

[٤٠] BOA, DH.MKT., 1902/71.
[٤١] BOA, DH.MKT., 241/67.
[٤٢] BOA, DH.MKT., 311/4.
[٤٣] BOA, DH.MKT., 287/26. Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 167.
[٤٤] BOA, DH.MKT., 294/33.

					یەکەم، ١٣١٢)
٦	عەبدوڵا ئاغا[٤٥]	ئەنجوومەنی کارگێری	پلەی پێنجەم	نیشانی مەجیدی	٤ی کانوونی یەکەم، ١٨٩٤ (٥ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٢)
٧	سەعید ئاغا[٤٦]	فەرمانبەری ڕەژی[٤٧]	پلەی سێیەم	وەرینەگرتووە	٥ی شوبات، ١٨٩٥ (٩ی

[٤٥] BOA, DH.MKT., 316/6.

[٤٦] BOA, DH.MKT., 340/76.

[٤٧] تووتن: ڕووەکێکە لە باشووری ئەمەریکا دەچێنرێت، لە ساڵی ١٤٩٢ لەلایەن کەسایەتیی کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس دۆزرایەوە و هێنایە ئەوروپا (Yılmaz, 2005: 2). لە سەدەی ١٦ لە جیهان بڵاو بووەوە و لە ڕێگەی دەریای سووریەوە هاتە ناو دەوڵەتی عوسمانی و لە بارەی ساڵی هاتنە ناو وڵات و هێنانی؛ مێژووی جیاواز هەیە، پیاوانی دەوڵەت وەکوو: خەسرەوان حوسێن ئەفەندی؛ ساڵی ١٥٩٨، پەچۆیلو ئیبراهیم؛ ساڵی ١٦٠٠، کاتیب جەلەبی؛ ساڵی ١٦٠١، نایما؛ ساڵی ١٦٠٦یان نووسیوە، لە ساڵانی پێشوو لەسەر زاری چینەکان و لە دوا سەردەمەکانیش بە زاراوەی دوخان ئاماژەی پێ کراوە، لەنێو خەڵکیش بە ناوی تووتن ناسراوە، بەڵام لەلایەن بازرگانەکانەوە ئاوا پڕوپاگەندەی بۆ کرابوو کە شیفای گشت نەخۆشییەکانە، بۆیە زۆر بەخێرایی بڵاو بووەوە، لەبەر ئەم هۆکارە لە دەوڵەتی عوسمانیدا گفتوگۆی دینی و کاردانەوەی سیاسیی لێ کەوتەوە (Yılmaz, 2012, XLII: 1). لە ڕووی ئاییننییەوە تووتن حەرام و نەفرەتلێکراو بووە، بۆیە لە مەرکەزی دەوڵەتی عوسمانی لە لایەنی کارگێڕییەوە بەرهەمهێنانی و بازرگانیپێکردنی و بەکارهێنانی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦٠٩ لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی یەکەم بە فەرمانێك قەدەغە کرا، جگە لەمە لە سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم بە شێوەیەکی توند چاودێریی کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەنهێنی بەرهەمهێنانی و بازرگانیپێکردنی و بەکارهێنانی ئەنجام دراوە. دوای مردنی سوڵتانیش، قەدەغەکردنی بەردەوام بوو (Yılmaz, 2005: 17,19). بەڵام ڕۆژبەڕۆژ کاریگەریی قەدەغەکردنی کەم بووەوە. لە ساڵی ١٦٨٨ دەوڵەت بەفەرمی بە وەرگرتنی باجی تووتن، کاری تووتنی قەبوڵ کرد. دوای ئەم مێژووە، دەست کرا بە چاندنی. بە بەردەوێشچوونی، شارەزایی و پسپۆڕی جۆری تووتن زیادی کرد (Yılmaz, 2012,). بەم شێوەیە زەوی چاندنی تووتن بووە ٥٠٠٠٠ دۆنم و لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ گرووپێکی بازرگانیی شارەزا دەرکەوتن و ژمارەی بازرگان زیادی کرد. لە سەدەی ١٨ بازرگانەکانی تووتن زۆربەیان موسڵمان بوون (Yılmaz, 2012, XLII: 1). لە ساڵی ١٨٨٣ داهاتی تووتن بەرامبەر بە قەرزی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی یەکسان بوو، بەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ دامەزراوەی قەرزی گشتی (دیونی عمومی) کە دامەزراوەی

					شـــەعبان، ١٣١٢)
٨	ئیبراهیم بەگ[٤٨]	ئەنجوومەنی کارگێڕی	پـــــلەی سێیەم	وەرینەگرتووە	٢٢ی ئەیلـــوول، ١٨٩٦ (١٤ی ڕەبیعـــی کۆتـــایی، ١٣١٤)
٩	عەبدوڵا ئاغا[٤٩]	ئەنجوومەنی کارگێڕی	پـــــلەی چوارەم	نیشانی عوسمانی	٢٩ی ئۆغسـتۆس، ١٨٩٨ (١١ی ڕەبیعـــی کۆتـــایی، ١٣١٦)

ئەوانەی لە دەوڵەت ئەرکیان پێ سپێردراوە؛ بە وەرگرتنی نیشان و پلە دەیانتوانی لە ئەرکەکەیاندا پلەکەیان بەرز بکرێتەوە، بەڵام ئەو فەرمانبەرانەی ماوەی ئەرکەکەیان تەواو دەبوو، لەبەر ئەوەی بەبێ کەموکوڕی ئەرکەکەیان ئەنجام دابوو؛ دەیانتوانی لە ئەرکەکەی خۆیان بمێننەوە. لە ئەیالەتی شارەزوور سەلیم ئاغا بەڕێوەبەری سانجەقی

فەرمانگەی ڕەژی تاك لایەنە کاری دەکرد؛ ناوی نرا "سوودی هاوبەشی تاك لایەنەی دوخانی دەوڵەتی عالیەی عوسمانی" (Müşterek Menfaa İnhisar-ı Duhan-ı Devlet-i Aliyye-i Osmaniyye) (Altun, 1995: 15. Akpınar, 2002, XIV: 305). سەرەتای دەستپێکردنی لە ١٣ی مارت، ١٨٨٤ دەستی پێ کرد. کۆمپانیای ڕەژی لە مێژووی ١٤ی نیسان، ١٨٨٤ دەستی بە کاروچالاکییەکانی کرد. بە دەستپێکردنی کار و چالاکییەکانی ڕەژی؛ لە زەویی عوسمانی بەرهەمهێنانی تووتن و کارپێکردنی بەستراوەوە بە تاك لایەنە، ئەویش کۆمپانیا بوو. حکومەتی عوسمانی داهاتی تووتنی لە ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیایەکی ئەوروپی بەجێ هێشتبوو، چاندنی تووتن ساڵانە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ لیرە دەیەکی تووتن لەلایەن ڕەژیی تووتن وەردەگیرا و لە دوا سەردەم بۆ ناردنەدەرەوەی؛ پلە یەکی بەدەست هێنابوو (Öztürk, Keskin, 2013: 6). کۆمپانیای ڕەژی لە گشت ویلایەت و قەزایەك نوێنەری هەبوو، کارگە دامەزرا، لە خەڵکانی ناوچەکان بە سەدان کەس وەکوو فەرمانبەر و کارێکار بەکار هاتن (Öztürk, Keskin, 2013: 11).

[٤٨] BOA, İ.TAL., 104/33.

[٤٩] BOA, DH.MKT., 2386/30.

هەولێـر لە مێـژووی ١٦ی نیشـان، ١٨٥٧ (٢١ی شـەعبان، ١٢٧٣)؛ مـاوەی ئەرکەکەی کۆتایی هـاتبوو، لەسـەر ئەمە موتەسـەرفی شـارەزوور داوای کردبـوو سـەلیم ئاغـای لە شوێنەکەی بمێنێتەوە، چونکە لە کارەکەی سەرکەوتوو بوو (BOA, MVL., 309/40).

4.1.6.2. سزا لە سیستمی کارگێڕی

لە سیسـتمی کـارگێڕیی ئەو کەسـانەی لە کـارگێڕی ئەرکیـان هەبـووە، دزی کردبێت و بەرتیلی وەرگرت بێـت؛ لە ئەرکەکەیـان دوور دەخـرانەوە، لە هەمـان کاتـدا ئەوانەی لە ئەرکەکانیان سەرکەوتوو نەبـوون؛ رێـگە نەدەدرا دووبـارە هەڵبژێـردرێنەوە (ناصر، ٢٠٠٥: ١٥٣)، بۆ نموونە؛ دوای ئەوەی چەتەکـان هێرشـیان کردبـووە سـەر خـاکی شەمامك قائیمقامی هەولێر؛ عەبدوڵا پاشا کە هاوکـاریی ئەحـمەد کوچـك و چەتەکـانی تری دابوو، شوێنی نووستنی بۆ دابین کردبوون، لە مێژووی ٢٦ی تشرینی دووەم، ١٨٩٦ (٢٠ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٤) لە ئەرکەکەی دوور خرابووە و لە شوێن ئەو، قائیمقامی سنجار؛ ئیبراهیم سدقی بەگ دانرا (BOA, ŞD., 2673/51).

بەگوێرەی بەڵگەیەکی تر لە مێژووی ١٢ی کانوونی یەکەم، ١٨٩٣ (٣ی جەمـادی کۆتـایی، ١٣١١)، ناحیەی قوشتەپە کە سەر بە قەزای هەولێر بووە، بەڕێوەبەری ناحیە؛ محەمەد ئاغا لەسەر سکاڵای خەڵك لە ئەرکەکەی دوور خرایەوە و لە شوێن ئەو؛ ئیبراهـیم ئاغـا دانرا (BOA, DH.MKT., 184/29). جگە لەمە لە مێژووی ٢ی تەممووز، ١٨٥٨ (٢٠ی زیلقەعدە، ١٢٧٤)، قەزای هەولێر کە سـەر بە ئەیـالەتی شـارەزوور بـووە، نـووری بەگ کرایە بەڕێوەبەر، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوبراو لە ئەرکەکەی سەرکەوتوو نەبوو؛ بۆیە داوا کرابـوو بە مـووچەی ٣٠٠٠ قـوروش، تـوزچی زادە ئەدهەم ئەفەنـدی لە شـوێنەکەی دابنرێت، بۆ ئەمەش زانیاری درایە ئەنجوومەنی والا و نەزارەتی دارایـی، نـووسراویش بـۆ موتەسەرفیەتی شارەزوور نووسرایەوە (BOA, A.MKT.MVL., 99/23).

لە تەلەگرافێکی والیی موسڵ؛ زانیاری درابووە نەزارەتی ناوخۆ، تێیدا هاتووە لە مێـژووی ١٥ی تشـرینی دووەم، ١٨٩٧ (١٩ی جەمـادی کۆتـایی، ١٣١٥)، لە سـانجەقی دەوڵەت ٧٠٠٠ قوروش ون بووە، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەری دارایی؛ ئەسعەد ئەفەنـدی دوور خرابووەوە (BOA, DH.ŞFR., 217/76).

لە لایەکی تر بۆ پاراستنی ئاسایشـ هەولێـر و سـزادانی ئەو کەسـانەی تاوانیـان ئەنجـام داوە؛ دادگای سەرەتایی هەولێر بوونی هەبووە و لەلایەن نائیبەوە بەڕێوە دەبـرا، جـگە لەمە لەلایەن ئەندام و کاتیبەکانەوە کاروباری دادگای سەرەتایی بەڕێوە چووە، بەڵام بۆ ئەوەی تاوانبار و بێتاوان لە یەکتر جیـا بکـرێتەوە؛ لە دادگـای سـەرەتایی لێکـۆڵینەوە و

بەدواداچوون دەکرا. هەولێریش وەکوو قەزایەك بۆ وەرگرتنی ئەنجام، هەندێك لە لێکۆڵینەوەکانی بۆ ئەیالەتی بەغداد یاخود موسڵ ناردووە. ئەم زانیارییەش ئەوە نیشان دەدات کە هەولێر وەکوو قەزایەك هەر چەندە فەرمانگەی کارگێڕیی زۆری تێدا بووە، بەڵام لە هەندێك خاڵی تایبەت و هەستیار بڕیاری نەداوە، بەتایبەتی پاراستنی ئاسایش و لە بابەتی دادوەری، بۆ وەرگرتنی بڕیار؛ سەردانی ویلایەتی بەغداد یا موسڵی کردووە.

دزینی ماڵی دەوڵەت بە تاوان هەژمار دەکرا، ئەوانەی ئەم تاوانەشیان ئەنجام بدابووایە؛ بۆ وەرگرتنی سزاکەی تاوانبار دەنێردرایە دادگا. لە مێژووی ٧ی تشرینی دووەم، ١٨٨٢ (٢٥ی زیلحیجە، ١٢٩٩)، قائیمقامی هەولێر کە ناوی نەنووسراوەتەوە لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی دە یەك (عشر-)؛ پارەی دەیەکیان دزیوە، دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێن؛ بەگوێرەی یاسا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستەی تۆمەتبارکردن (هیئە اتهامیە) لە هەولێر نەبووە؛ بەڵگەی لێکۆڵینەوەکان بۆ دەستەی تۆمەتبارکردن (هیئە اتهامیە)ی موسڵ نێردراوە. جگە لەمە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؛ والیی موسڵ داوای لە ئەنجوومەنی کارگێڕیی موسڵ کردووە ٣ کەس هەڵبژێرێت و دەستەی تۆمەتبارکردن لە هەولێر دابمەزرێنێت، کاری ئەم دەستەیە لە بارەی تاوانەوە؛ بڕیاردەرکردن یاخود داوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی تر بووە (BOA, ŞD., 2461/20). پشتبەستن بەم بەڵگەیە دەردەکەوێت بۆ دەرکردنی بڕیار و دۆزینەوەی چارەسەرێك لەبەر ئەوەی لە هەولێر دامەزراوەی دەستەی تۆمەتبارکردن نەبووە، بابەتەکە بۆ دەستەی تۆمەتبارکردنی موسڵ نێردراوە. جگە لەمەش لە مێژووی ٨ی ئۆغستۆس، ١٨٩٩ (٣٠ی ڕەبیعی یەکەم، ١٣١٧)؛ نووسراوێك بۆ ویلایەتی موسڵ و نەزارەتی دارایی نێردراوە، لە ناحیەکانی بەرانەتی و دزەیی سەر بە قەزای هەولێری سانجەقی کەرکووك پارەی باج ون بووە، بۆیە کاتیبەکانی باج؛ محەمەد موخڵیس ئەفەندی و ڕەشید ئەفەندی لە ئەرکەکانیان دوور خرابوونەوە، دواتر لە دادگا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیش هەر لە دادگا ئازاد کرابوون، بەڵام دوای ماوەیەکی تر بەڕێوەبەری باجی کەرکووك داواکارییەکی نووسیبوو، تێیدا داوای لە دادگای شووڕای دەوڵەت کردبوو پێداچوونەوە لە بابەتی ناوبراوان بکرێت (BOA, DH.MKT., 2251/21).

داواکاریی لێکۆڵینەوەکان جگە لە ئەیالەتی موسڵ، بۆ ئەیالەتی بەغدادیش نێردرابوو. لە دەوڵەتی عوسمانیدا سزای پیاوکوشتن، سزای سەوڵلێدان بووە (Söylemez, 2007a: 93). والیی بەغداد بڕیارنامەیەکی بۆ ئەنجوومەنی والا ناردووە لە بارەی ڕووداوێکی هەولێر زانیاریی داوە، لە مێژووی ٥ی کانوونی یەکەم، ١٨٤٧ (٢٦ی جەمادی

یەکەم، ١٢٦٣)؛ شەمس خاتوون لەسەر مەسەلەی میرات لەلایەن براکەی بە ناوی مەحموود کوژراوە. دوای لێکۆڵینەوە، هاوسەرەکەی؛ خەلیل و کوڕە بچووکەکەی؛ ئیبراهیم ئازاد کراون، بەڵام بۆ وەرگرتنی بڕیار؛ ئەم داوایە بۆ ئەیالەتی بەغداد نێردرابوو. قازیی بەغدادیش بە پشتبەستن بە بڕیاری فەتواخانە، مەحموود لە میرات بێبەشی کرد و میراتەکە بەتەواوەتی بۆ هاوسەرەکەی؛ خەلیل و کوڕە بچووکەکەی؛ ئیبراهیم مایەوە و بڕیار درا بدرێتە ناوبراوان. لە هەمان کاتدا مەحموود بۆ شەمس خاتوون لە تەرسانەی عامیرە بە سزای سەوڵێدان، ٥ ساڵ زیندانی کرا (BOA, A.MKT.MVL., 6/37).

4.2. ناحیەکانی هەولێر

ناحیە لە قاموس بە مانای لایەنێك، بەشێك، هەرێم، دیوان و کۆمەڵ دێت. لەناو دامەزراوەی کارگێڕی؛ بۆ بچووکترین بەش سنووردار کراوە، بە هەرێمێك ناوی دەرکردووە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لەم بەڵگانەی پەیوەستن بەم دامەزراوەیە، دامەزراوەی کارگێڕی لە ڕێکخستنی خاوەندارێتیی چاکسازییەکە؛ بچووکترین پارچەی دیاری کردووە و بە ڕێگەی پێناسەوە باسی کردووە. زاراوەی ناحیە بە مانای جیاواز و فراوان بەکار هاتووە. لە دەوڵەتی عوسمانیدا بە مانای جوگرافی و کارگێڕی، دەوروبەرێکی بچووك یاخود گەورە، هەروەها هەندێك جار هەرێمێك، هەندێك جارێش هەرێمێکی گەورە دەگەیەنێت (Söylemez, 2007b: 203).

سانجەقەکان لە ڕێکخستنی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانی؛ لقێکی هەمیشەیی لایەنی کارگێڕی بوونە، لە یەك یان چەند قەزایەك پێك هاتووە. هەر چی قەزایەکانە، پلەیەك لە خوارەوەی سانجەقەکانە کە لە ناحیەکان پێك هاتبوو. وشەی ناحیە لە هەمان کاتدا لە تایبەتمەندیی جوگرافیا؛ ناوچەیەکی دیاریکراو دەگەیەنێت، وەکوو زاراوەیەکی کارگێڕی بۆ گوندەکانی دیاریکراو و باسکردنی گرووپی زەویی کشتوکاڵی بەکار دەهات. زۆربەی کات ناحیەکان مەرکەزێکی دیاریکراوی نیە (Ünal, 2011: 509-510). لە ساڵی (١٨٧١)ەوە هەر کێڵگەیەك یا گوندێك ٥٠٠ پیاوی تێدا ژیابێت، ناوی ناحیەی دراوەتێ (Saydam, 2014: 137).

ناحیەکانی هەولێر لە ساڵانی ١٨٨١-١٨٨٢: ئاڵتوون کۆپری، باڵیان، بەشیر، جەباری، چنارە، ساتوقەڵا، خەلەکان، داقوق، داودیە، داواریان، دەربەند، دەرگەلە، دەولە، دەولەکە، دەیرە، ڕانیە بووە (Kılıç, 2011: 82-84)، بەڵام لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ؛ تەنیا ناوی دوو ناحیە هاتووە کە سەر بە هەولێر بووە، ئەوانیش: ناحیەکانی دزەیی و

سـوڵتانیە بـووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1308, 131. Musul VilayetSalnamesi, 1312, 169).

لە بەڵگەکانی عوسمانیدا ناحیەی قوشتەپە بە ناوی ناحیەی دزەیـیش نـاوی هاتووە، چونکە هۆزی دزەیی لە قوشتەپە نیشتەجێ بـوون. کەسـێك بە نـاوی تەوفیـق ئەفەنـدی وەکـوو کـاتیبی بـاج ئەرکی هەبـووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 169)، جـگە لەمە سـاڵی ١٨٩١ وەکـوو کـاتیبی بـاج؛ نـاوی عـومەر ئەفەنـدی هـاتووە (Musul VilayetSalnamesi, 1308: 131). ناحیەی دزەیی لە مێژووی ٨ی ئۆغستۆس، ١٨٩٩ (٣٠ی ڕەبیعی یەکەم، ١٣١٧)، کاتیبی بـاج؛ مـحەمەد مـوخلیس ئەفەنـدی بـووە، بەڵام لەبەر ونبـوونی بڕێـك پـارە؛ لە کـارەکەی دوور خرابـووەوە (BOA, DH,MKT., 2251/21). هەر چـی نـاحیەی سـوڵتانیە کە سـەر بە هەولێـر بـووە، لە ٤٨ گونـد پێـك هاتووە (رسـول، ٢٠٠٥: ٢٤). کـاتیبی هەمـان سـاڵ، حوسـێن ئەفەنـدی بـووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 131). هەروەهـا لە سـاڵی ١٨٩٤، بەڕێـوەبەری نـاحیە؛ سـلێمان ئەفەنـدی و کـاتیبەکەی؛ عەبـدولفەتاح ئەفەنـدی بـووە (Musul VilayetSalnamesi, 1312: 169). لە ناحیەکـانی سـوڵتانیە و قوشـتەپە، ژمـارەی دانیشـتوانی بە کـۆی گشـتی: ١٦,٢٨٩ بـووە. ئەم ژمـارەیە، ٣٦٠٠ مەسـیحی و ئەوەی ماوەتەوەش موسڵمان بوونە. ٣٤٠٠ کـۆچەر و ئەوەشی مـاوەتەوە، نیشـتەجێکراو بـوون (Şemseddin Sami, 1880, II: 821).

ناحیەکـان لەلایەن بەڕێـوەبەرەوە بەڕێـوە دەبـران، ئەم بەڕێـوەبەرەش لەلایەن والییەوە دادەمەزرا و لە نەزارەتی ناوخۆش ڕەزامەندیی لەسەر دەدرا. وا نیشان درابوو کە ئەو کەسەی لە ناحیەکە دەبێتە بەڕێوەبەر؛ دەبێت لە خەڵکی ناوچەکە بێت، جگە لەمە ئەم کەسە تەمەنی لە ٢٥ سـاڵ کەمتر نەبێت و توانای نووسین و خوێندنەوەی هەبێت، هەروەها هاوڵاتیی عوسمانی بێت.

ئەرکی بەڕێوەبەر: کۆکردنەوەی بـاج و جێبەجێکـردنی بڕیارەکـان بە ڕێگـای سەربازی، هاوکـاریکردنی فەرمـانبەران، لەنێـوان خەڵـك و دەوڵەت نـوێنەرایەتی بکـات، کێشەکانی ناحیەکە چارەسەر بکات. لەپـاڵ بەڕێـوەبەری نـاحیە، ئەنجـوومەنی نـاحیەش هەبـووە و خـاوەن قسـەی خۆیـان بـوونە. بەڕێـوەبەری نـاحیە سـەرۆکایەتیی ئەم ئەنجـوومەنەی کـردووە. ئەو گونـدانەی بەو ئەنجـوومەنە بەسـترابوونەوە، هەر دەستەیەکی پیرانیش لە چوار کەس پێك دەهاتن، هەموو ساڵ لە کاتێکی دیاریکراودا ئەم ئەنجووەمەنە کۆ دەبووەوە، تێیدا گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی ناحیەکە دەکـرا (Saydam, 2014: 138).

لە بارەی ناحیەکانی قوشتەپە و سوڵتانیە کە سەر بە هەولێر بوون، بەڕێوەبەر و کارگێڕیی ناحیەکان لە بەڵگەی جیاوازدا زانیاریی جیاوازی داوەتە دەست. بەگوێرەی بەڵگەکان، لە سیستمی کارگێڕیی فەرمانبەرانی دەوڵەت لەنێوان شار، قەزا و ناحیە؛ زوو زوو شوێنی ئەرکەکانیان گۆڕدراوە، بۆ نموونە؛ بەڕێوەبەری ناحیەکانی قوشتەپە و سوڵتانیە شوێنی ئەرکەکەیان گۆڕیوەتەوە. لە مێژووی ٢٣ی تشرینی یەکەم، ١٨٩٠ (٩ی ڕەبیعی یەکەم، ١٣٠٨)، بەڕێوەبەری ناحیەی قوشتەپە؛ سەید عەبدولڕەحمان و بەڕێوەبەری ناحیەی سوڵتانیە؛ محەمەد ئاغا لەنێوان یەکتردا شوێنی ئەرکەکەیان گۆڕیوەتەوە (BOA, DH.MKT., 1774/91). لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵیش لە ساڵی ١٨٩١، ئاماژەی پێ کردووە کە محەمەد ئاغا بەڕێوەبەری ناحیەی قوشتەپە بووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 131). لە ساڵی ١٨٩٤یش لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی قوشتەپە؛ محەمەد ئاغا و لە بەڕێوەبەرایەتیی ناحیەی سوڵتانیە؛ سلێمان ئەفەندی ئەرکیان وەرگرتووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 169).

لە هەولێر لەپاڵ ناحیەکانی سوڵتانیە و قوشتەپە، ناحیەکانی بەرانی و شەمامکیش بوونیان هەبووە. لە مێژووی ٨ی ئۆغستۆس، ١٨٩٩ (٣٠ی ڕەبیعی یەکەم، ١٣١٧)، بەگوێرەی بەڵگەیەکی ئەم مێژووە؛ لە ناحیەی بەرانی، محەمەد ڕەشید ئەفەندی وەکوو کاتیبی باج لە ئەرکەکەی خزمەتی کردووە، بەڵام لەبەر ونبوونی بڕێک پارەی باج؛ لە ئەرکەکەی دوور خرابووەوە (BOA, DH.MKT., 2251/21).

هەر چی ناحیەی شەمامکە، لە مێژووی ٢٦ی تشرینی دووەم، ١٨٩٦ (٢٠ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٤)، سەر بە ئەملاکی هومایۆن، خاوەنەکەی دەوڵەت بووە (BOA, ŞD., 2673/51)، جگە لەمە لە مێژووی ٢٠ی نیسان، ١٨٩٥ (٢٤ی شەوال، ١٣١٢) لە زەویوزاری دەوڵەت بووە، عەبدوڵا ئەفەندی لە خاکی شەمامك باش کاتیب بووە. ئەم کاتانە بایز ئاغازادە ئیبراهیم ئاغا و پیاوەکانی پەلاماری عەبدوڵا ئەفەندی باش کاتیبیان داوە، لەسەر ئەم ڕووداوە ئەو کەسانەی ناویان هاتووە؛ بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە بانگ کراون (BOA, AH.ŞFR., 173/38).

4.3. گوندەکانی هەولێر

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە گوند یاخود لادێیەکان وتراوە قاریە (Karye)، کە لە بنەچەدا وشەیەکی عەرەبییە. لە ڕووی کارگێڕییەوە قەزایەك لە ٤٠-٥٠، هەندێك جارێش لە ٣٠٠ گوند پێك هاتبوو (Saydam, 2014: 135-137). لە سەدەی ١٨ و ١٩، گوندەکانی هەولێر لە ٣٠٠ گوند پێك هاتبوون. لەم گوندانە، ٧٠ی لە دەوروبەری هەولێر کۆ ببوونەوە (رسول، ٢٠٠٥: ٢٤). سەبارەت بەم بەڵگانەی کە

پەیوەستن بەم دوو سەدەیە، ناوی زۆر گوندی هێناوە و لە بارەی ئەم گوندانە؛ ڕووداو و زانیاریی باس کردووە. یەکێك لەم گوندانەش، گوندی گرد مەلا بوو. لە مێژووی ٨ی مایس، ١٨٩٤ (٣ی زیلقەعدە، ١٣١١)، گوندێك بووە زەویی کشتوکاڵیی زۆری تێدا بەدی کراوە، هەر بە هۆکاری ئەم زەوییانەشەوە ناوی هاتووە (BOA, Ş.D., 2634/22).

هەر چی گوندی مەموندان لە مێژووی ١٠ی نیسان، ١٨٩٩ (٢٩ی زیلقەعدە، ١٣١٦)، بەگوێرەی زانیارییەك سەر بە هەولێر بووە (BOA, Y.PRK.DH., 10/97). لە مێژووی ٢٠ی مارت، ١٨٦٧ (١٤ی زیلقەعدە، ١٢٨٣)، ئەم گوندانەی کە لە بەڵگەکاندا ناویان هاتووە و سەر بە هەولێر بوونە؛ لە: گردعازەبان، دوغان، گاییەنج، قورشاغلو، دووسەرە، کولتەپە، قەڵانجوغ، خەرابە دراو، گەزنە، پیرزین، گردەچاڵ، یەدی کزڵار و ماستاوە پێك دێن[٥٠]، بەم شێوەیە ناویان هاتووە کە زەکات و باجی ئەم گوندانە کۆ کراوەتەوە (BOA, MVL., 528/9). گوندی دووسەرە لە بەڵگەی جیاواز و مێژووی جیاواز ناوی دێت. لە مێژووی ١٨ی کانوونی دووەم، ١٨٥١ (١٤ی ڕەبیعی یەکەم، ١٢٦٧)، لەناو هەولێری سەر بە سانجەقی شارەزوور لە گوندی دووسەرە داواکاری بۆ والیی شارەزوور نووسراوەتەوە و داوا کراوە هاوکاریی خەڵکی گوندەکە بکرێت و گوندەکە بپارێزرێت (BOA, A.MKT.UM., 1/46). جگە لەمە گوندی خورخور کە سەر بە هەولێر بووە، لە مێژووی ٩ی مایس، ١٨٦٤ (٢ی زیلحیجە، ١٢٨٠)، لە بەڵگەیەك ناوی هاتووە (BOA, MVL., 771/28). هەروەها لە مێژووی ٣٠ی تشرینی دووەم، ١٨٥٦ (٢ی ڕەبیعی کۆتایی، ١٢٧٣)، گوندەکانی: پیرداود، بەردحوشتر و بەحرکەی سەر بە قەزای هەولێر، داهاتەکانیان سەر بە بنەچەی حەیدەریە، محەمەد سالّح ، محەمەد ئەمین و عیسا ئەفەندی بووە، بەڵام دواتر داهاتی ئەم گوندانە لە ناوبراوان پچڕاوە، داهاتەکان بە خەزێنە بەستراوەتەوە، داوا کراوە هەموو مانگ ٢٦٠٠ قوروش داهاتی ئەم گوندانە بدرێتە محەمەد سالّح، محەمەد ئەمین، هەروەها ئەحمەد، ئیسماعیل و عەبدولڕەحمانی کوڕەکانی عیسای کۆچکردوو، نەزارەتی دارایی بارودۆخەکەی حەواڵەی ئەنجوومەنی والّا کردووە (BOA, A.MKT.MU., 83/23).

هەندێك گوند هەبوو لە لایەنی کارگێڕییەوە باجەکەی بۆ هەولێر و کۆی سانجەق و ناحیەی کۆپری ڕۆیشتووە، یەکێك لەم گوندانەش؛ گوندی چاڵەگەردەلە بووە. لە مێژووی ٢ی تەممووز، ١٨٩٢ (٦ی زیلحیجە، ١٣٠٩)، باجەکە لەنێوان کۆی سانجەق و هەولێر و ناحیەی کۆپری بەش کراوە، هەولێر: ٥٩٦ قوروش باجی سالّانە،

[٥٠] سەیری پاشکۆی ژمارە (٥) بکە.

کۆی سانجەق: ٤٦٠ سەرمەڕ، هەر چی ناحیەی کۆپری: دە یەکەکەیەتی (عشر[٥١])، نزیکەی ٢٠٠٠ قیە گەنم و ١٠٠٠ قیە جۆی وەرگرتووە، لەبەر ئەمە باجەکان لە سێ دەفتەری جیا و بەجیا دەنووسرایەوە، ئەم بارودۆخەش ناڕێکیی دروست کردبوو، بۆ ڕێکخستنی دەفتەرەکان و ڕێکخستنەوەی باجەکان بە گونجاو زانرابوو ئەم گوندە بە هەولێر ببەسترێتەوە (BOA, ŞD., 2162/49).

لە لایەکی تر لە بەڵگەکاندا ئەم گوندانەی ناوی هاتووە و تا ئەمڕۆش بە هەمان ناو و لە هەمان شوێنی جوگرافیدا بوونی خۆی پاراستووە، ئەویش گوندی عەنکاوەیە کە خەڵکەکەی مەسیحین. عەنکاوە، ئەم گوندە سێ فەرسەخ لە هەولێر دوور بووە، ئەم کاتە ٣٠٠ ماڵی مەسیحی تێدا بووە، کارگێڕیی گوندەکە لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە بەڕێوە براوە (المنشی- البغدادی، ١٩٤٨: ٧٧). بەم شێوەیە بەڕێوەبردنی کارگێڕیی عوسمانی بەگوێرەی سیستمی کارگێڕی، ئەو گوندانەی موسڵمان نەبوون لەلایەن کەسێکی ناو گرووپەکە بە ناوی کۆچاباشی (Kocabaş) یاخود لەلایەن پیاوێکی ئایینییەوە بەڕێوە بردراوە (Saydam, 2014: 137). ئەم گوندە لە بەڵگەیەکی مێژووی ١٣ی ئەیلوول، ١٨٦٣ (٢٩ی ڕەبیعی یەکەم، ١٢٨٠)، وەکوو گوندێکی هەولێر بە ناوی گوندی عەنکاوە یا عەنکا ناوی هاتووە (BOA, A.MKT.MHM., 286/64). بەگوێرەی زانیارییەکانی ساڵی ١٨٥٨، لەم ساڵەدا دانیشتووانی عەنکاوە؛ ٥٥ خێزان بووە (پەترۆس، ٢٠٠٩، ١: ٢٤٦).

---

[٥١] دە یەك (عشر)؛ ووشەی دە یەك بە واتای (١٠/١) دێت، لە دەوڵەتی عوسمانی ووشەی عوشر (عشر) بەکارهاتووە کە ووشەیەکی عەرەبیە، باجێکە بە تایبەتی لە دانەوێڵە وەردەگیرێت، دە یەك باجێکە هەر لە سەردەمی ناوەڕاستەوە لە ناو ئیسلام و مەسیحیەکانیەوە ناسراوە، یاساناسانی عوسمانی دە یەکیان بە خەراجی دابەشکراو (haraç-ı mukasseme) هەژمار کردبوو، کە بە مانای دابەشکردنەوە دێت. جوتیار ئەو زەوییەی کشتوکاڵی لەسەر دەکرد خودی خۆی خاوەنی نەبووە، وەکو کرێچیەك وابووە، خاوەنی راستەقینەی زەویەکە دەوڵەت بووە. لەم بارودۆخەدا لە بەرامبەر ئەو زەویەی کە جوتیارەکە کشتوکاڵی لەسەر دەکرد، کرێی دەدایە دەوڵەت، ئەمەش بە مانای دەیەك دێت. لەگەڵ دە یەك وەکو ڕێژەی باج زۆر جار وەکو ڕێژەی ٥/١، ٦/١، ٨/١ دراوە، کە لە هەندێك حالەتدا نیوەی بەرهەمەکە وەرگیراوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی جۆری ئاودانەکە و مەرجەکانی چاندن و جۆری ئەو بەرهەمەی کشتوکاڵی پێ دەکرێت و جیاوازی داب و نەریتی ناوچەکە. دە یەك بە کاش و بە هەمان بەرهەم بە دوو شێوە دراوە، گەنم، جۆ، گەنمەشامی و نۆك کە دەگەڕێتەوە بۆ جۆرەکانی دانەوێڵە و لۆکە یاسا بووە بە بەرهەمەکە دەدرا، بەڵام سەوزە و میوە بەرهەمەکانی باغ و باخچە و بێستان بە پارە دراوە (Ünal, 2013: 160-161).

4.4. هۆزە کۆچەرییەکان

لە سەردەمی عوسمانیدا هۆزە کۆچەرییەکان گرووپێک بوون، بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵەوە خەریک بوون. کۆچەرییەکان ئاژەڵی وەکوو: مەڕ، بزن و مانگایان بەخێو دەکرد، جگە لەمە ئەسپیشیان بەخێو دەکرد و لە شوێنەکانی تر بە بەبازارکردن سەرقاڵ بوون. هەر چی پێداویستیی خۆیان بوو، بەروبوومەکانی ئاژەڵەکانیان دەدا و لەبەرامبەر ئەوەدا گەنم و ئاردیان وەردەگرت. لە بازاڕ؛ پەنیر، ماست و شیریان دەفرۆشت و پێداویستییەکانی تری خۆیان پێ دەکڕی (Halaçoğlu, 1991: 18-19).

هۆزە کۆچەرییەکان لە وەرزی هاوین ئاژەڵ بەخێو دەکەن و لە وەرزی زستاندا بە کشتوکاڵەوە خەریک دەبوون (Tabakoğlu, 2009: 193)، بەڵام هەندێك جار ئەم هۆزانە کێشەیان بۆ دانیشتووانی نیشتەجێبوو دروست کردووە (Halaçoğlu, 1991: 109). لەبەر ئەمە دەوڵەت بۆ ئەوەی زەویی تێکچوو و چۆڵەوانییەکان ئاوەدان بکاتەوە و دووبارە زیندوویان بکاتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی سنووورەکان بپارێزێت؛ سیاسەتێکی نوێی نیشتەجێبوونی پەیڕەو کرد، لەگەڵ ئەم سیاسەتە دەستی کرد بە نیشتەجێکردنی هەندێك هۆزی لەم شوێنانە. بە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە؛ هەندێك ئامانجی هەبوو دەیویست بیهێنیتە دی، یەکێك لەمانەش: داهاتی باج زیاد بکات، چونکە ئەم هۆزە کۆچەرییانە باجیان نەدەدایە دەوڵەت و گرووپی چەتەییان دروست کرد زیانیان بە دەوروبەری خۆیان دەگەیاند، لە لایەکی تر دەیویست سنووورەکان بپارێزێت، بۆ ئەمەش هۆکارێك هەبوو تا کۆتایی بەم بارودۆخە بێنێت (Tabakoğlu, 2009: 195).

ئەو هۆزە کۆچەرییانەی کە زیانیان بە چواردەوری ئەم دانیشتووانانە دەدا کە نیشتەجێ بوون، بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەت ئەم هۆزە کۆچەرییانەی بە گۆڕینی شوێنیان لە شوێنێکی تر دووریانی دەخستەوە؛ نیشتەجێی دەکردن (Söylemez, 2007a: 93). یەکێك لەم هۆزانەش؛ هۆزی هەمەوەند بووە، ئەم هۆزە لەژێر ناونیشانی چەند ناوێك ٦-٧ فرقە و ٣٠٠-٤٠٠ ئەسپسوار لە کۆنەوە لە سانجەقی سلێمانی؛ قەزای بازیان دەژیان. کاری چەتەیی و کڕین و فرۆشتنی چەکیان کردووە، بە هاندانی ئێران؛ هێرش و پەلاماری هۆزەکانی تریان داوە، لەبەر ئەم هۆکارە ئەم هۆزە لە ئێران نیشتەجێ بوون، بەڵام لەوێش بەهێمنی دانەنیشتن، بەڵکوو کاروچالاکییان بەردەوام بوو. دوای ماوەیەك، لە مێژووی ٢٤ی شوبات، ١٨٨٧ (٣٠ی جەمادی یەکەم، ١٣٠٤)،

هەندێك لە سەرکردەکانی ئەم هۆزە چەکیان فڕێ دا و خۆیان ڕادەستی دەوڵەت کرد، دەوڵەتیش ئەمانە و خێزانەکانیانی بە کەفالەت لە ئێرانەوە هێنایەوە و لە زەویی چۆڵەوانیی دەوروبەری هەولێر نیشتەجێی کردن، بە کشتوکاڵەوە خەریکی کردن. هەر چی سەرکردەکانی بوو، ئەوا لە ویلایەتەکانی موسڵ و دیاربەکر هەندێك ئەرکی پێ دان، واتە بە مەرجی نیشتەجێکردن و خەریکبوون بە کشتوکاڵ و هەروەها سەرکردەکانیان ئەرك وەربگرن و خزمەت بکەن، ئینجا ڕازی دەبێت بگەڕێنەوە. بەڵام والیی موسڵ تەلەگرافێکی بۆ بابی عالی نووسییەوە، تێیدا هاتبوو؛ ئەگەر ئەم هۆزانە ملکەچی دەوڵەت نەبن، داوای کردبوو دووبارە بیانگەڕێننەوە ئێران (BOA, A.MKT.MHM., 493/53). کە دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەمانە لە دەوروبەری هەولێر جموجۆڵیان هەبووە، لێرە کێشەیان دروست کردووە و بەردەوام بوون لە گەیاندنی زیان بە خەڵك، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە لە ساڵی ١٨٨٧ لە هەولێر بوونیان هەبووە. لە لایەکی تر لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتی نیشتەجێکردن لە سەدەی ١٩؛ چەتەگەریی ئەم هۆزە زیاد و پەرەی سەند، چونکە لە بەڵگەیەکی مێژووی ١٧ی کانوونی دووەم، ١٨٩١ (٦ی جەمادی کۆتایی، ١٣٠٨)، کاتێك فەرمانبەرێك بۆ سەر کارەکەی دەڕوات؛ لەلایەن چەتەکانی هەمەوەند ڕێی لێ گیراوە و پارەوپوول و کەلوپەلی تاڵان کراوە، ئەم کەسە لە بارودۆخێکی خراپ بووە، بۆیە داوایەکی بۆ نائیبی هەولێر؛ سەید ئەحمەد ئەفەندی نووسیوە و بارودۆخی بۆ ڕوون کردۆتەوە، بۆ وەرگرتنی ئەنجام و لێکۆڵینەوەکەشی؛ بۆ والیی ویلایەتی موسڵ ناردووە (BOA, DH.MKT., 1800/36).

5. سیستمی پەروەردە و خوێندن لە هەولێر

5.1. خوێندنی مەسجید، تەکیە و زاویەکان

لە دەوڵەتی عوسمانیدا ناوەندی خوێندن و فێرکردن، مەدرەسەکان بوون. مەدرەسەکان دەزگایەك بوون، چالاکییەکانیان لە مەسجید و جامیعەکان[٥٢] ئەنجام دراوە. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان بۆ کردنەوەی مەدرەسە لە پێشبڕکێیدا بوون. هەر چی ئامانجی ئەمانە لەم پێشبڕکێیەدا، هەوڵیان دەدا

[٥٢] جامیع: شوێنی خواپەرستیی موسڵمانەکانە و لە مەسجید گەورەترە. جامیع لە دوو مناڕە زیاتری هەیە، جگە لەمە مینبەری تێدایە و وتاری تێدا دەخوێنرێت و نوێژی هەینی و جەژنی تێدا دەکرێت، زیاتریش لەلایەن سوڵتانەکانەوە دروست کراوە و ناوی سوڵتانەکانیان هەڵگرتووە (Şemseddin Sami, 1989:466).

نیشانی بدەن کە حەزیان لە کاری خێرخوازییە و لە لایەنی ئایینەوەش نییەتپاکی و دڵپاکیی ئەوانی دەسەلماند. لە هەمان کاتدا کتێبخانە لە مەدرەسەکان دانرابوون و لەم لایەنەوە مامۆستاکان هاوکاریی فێرخوازانیان دەکرد (اسماعیل، ١٩٨٤: ١٠).

هەر چی شوێنێکی تری فێرگە، مەسجید و جامیعەکان، تەنیا شوێنی خواپەرستی و نزیکبوونەوە لە خوا و شوێنی نوێژ نەبووە، لە هەمان کاتدا شوێنی فێرکردن و خوێندن بووە. جامیعەکان و مەدرەسەکان لە بڵاوکردنەوەی زانست و پەروەردە، ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕابوو. لە مەدرەسەکان زانستی عەقڵ و نەقل، لەپاڵ ئەمەشدا بەگوێرەی مەزهەبی سوننی؛ فەرموودەکانی خوا و پێغەمبەر، تەفسیری قورئان، ڕێگای ڕێبازەکانی ئایین، زانستی کەلام و زانستی زمانەوانی دەخوێنرا. زانستی فەلسەفە لە دەرەوەی جامیع و مەسجیدەکان دەخوێنرا، تەفسیر و ڕێبازی ئایینییش لەناو جامیع و مەسجیدەکان دەخوێنرا (Halaçoğlu, 1995: 137).

لە هەولێر لە سەرەتای قۆناغەکاندا ئەو وانانەی لە مەدرەسەکان دەخوێنرا، قۆناغی یەکەم؛ قۆناغی نووسین بوو، ئەم قۆناغەش لە تەمەنی ٦ ساڵیدا دەستی پێ دەکرد. لەم قۆناغەدا فێرخواز لە مەسجیدێك یاخود لە جامعێك وانەی پێتەکانی وەردەگرت و بۆ ئەوەی بتوانێت بنووسێت، وەکوو نموونە قورئانێکی لەگەڵ خۆی دەبرد. ئەو کەسەی ناوی مەلا[٥٣]ی لێ دەنرا؛ وانەی بە فێرخوازەکان دەدا، قورئانی بە فێرخوازەکان ئەزبەر دەکرد. ئامانجی ئەم قۆناغە ئەزبەرکردنی قورئان بوو، بۆ ئەوەی فێرخواز بەئاسانی قورئانەکە ئەزبەر بکات و فێری خوێندن و نووسین دەکرا. ئەم قۆناغە ماوەی سێ ساڵی دەخایاند. هەر چی قۆناغی دووەمە؛ قۆناغی سوختە بوو، لە تەمەنی ٨-٩ ساڵی دەستی پێ دەکرد، ڕەوانبێژی و سەرف و نەحوو دەخوێنرا. لە تەمەنی ١٠-١٢ ساڵیش ئەم قۆناغە تەواو دەبوو. قۆناغی سێیەم؛ قۆناغی پەیوەندیبەستن بوو، ئەم قۆناغە دوو ساڵ بوو، تێیدا نەحوو دەخوێنرا. قۆناغی چوارەم؛ قۆناغی ئامادە بوو، ئەم قۆناغە پێنج ساڵ بوو، نەحوو و سەرف، جگە لەمە ڕێبازەکانی سویوتی و شافعیی سەید عەبدوڵا، هەروەها ڕێبازی ئایین و شیکردنەوە دەخوێنرا. ئەگەر فێرخواز ئەم قۆناغانە تێپەڕێنێت، دەیتوانی ببێتە مامۆستا. ئەویش لەلایەن شێخەوە ڕێگەی پێ دەدرا پیشەی مامۆستایەتی بکات و وانە بە فێرخوازان بڵێتەوە. دوای وەرگرتنی ئەم مۆڵەتە، شێخ بۆ فێرخوازێك و چەند فێرخوازێك بۆنەیەکی ساز دەکرد و پیاوانی زانستی تریش بەشداریان لەم بۆنەیە دەکرد.

---

[٥٣] نازناوێکە لە پایەی مەولەویەت دراوەتە زاناکان (Ünal, 2011: 307).

ئەو کاتەی خوێندنگە سەربەستەکان دامەزران، لەپاڵ مەدرەسەکان؛ جامیع و مەسجیدەکان لە کاری فێرکردن بەردەوام بوون، لەوانە: لەناو قەڵا جامیعی گەورە هەبوو، وانە لەلایەن وتاربێژی[٥٤] جامیعەکە دەوترایەوە، لەم سەردەمە لە شێخە گەورەکان؛ کوچك ئاغازادە عومەر ئەفەندی لە سەدەی ١٩ لەناو مەدرەسەکانی قەڵا و مەدرەسەی جامیعی گەورە وانەی وتۆتەوە. دوای مردنی کوچك ئاغازادە عومەر ئەفەندی، لە هەمان فێرگە لەلایەن کورەکەی بە ناوی ئەبو بەکر ئەفەندی وانە وتراوەتەوە، لەم مەدرەسەیە تا ساڵی ١٩٥٠ بەردەوام بوو (اسماعیل، ١٩٨٤: ١٧-٢١). لە مەدرەسەیەکی تر بە ناوی مەلا گراوی لەپاڵ مەدرەسەی جامیعی گەورە بوو، بە مەدرەسەی ئەحمەدیەش ناسراو بوو. جگە لەمە مەدرەسەی ئیبراهیم دۆغرەمەچی، لەلای دەرگای قەڵا لەناو مزگەوتی بچووك شوێنی گرتبوو.

لە دەرەوەی قەڵاش مەدرەسە بوونیان هەبووە، یەکێك لەوانە مەدرەسەی خانەقا بوو، ئەم مەدرەسەیە لەپاڵ تەکیەی نەقشبەندی بوو. لە سەرەتای سەدەی ١٩؛ مەدرەسەی خانەقا دامەزرابوو، لێرە هیدایەتوڵا ئەربیللی وانەی وتۆتەوە. هەر چی مەدرەسەی حەیدەرییەیە، دەکەوێتە پشت جامیعی شێخەڵا. لەم مەدرەسەیەدا لەلای زاناکانی حەیدەرییە وانە دەوترایەوە، مەدرەسەی مەلا محەمەد ئەمین بێتواتەیی لە جامیعی حاجی عەبدولقادر ئەلدەباجی بوو. ئەم مەدرەسەیە شوێنەکەی دەکەوتە باشووری ڕۆژئاوای قەڵا. مامۆستای ئەم مەدرەسەیە مەلا محەمەد ئەمین کوڕی شێخ محەمەد بوو، ناوبراو ئیمام و وتاربێژی جامیعەکە بوو. دوای ئەویش، کوڕەکەی بە ناوی مەلا عەبدوڵا وانەی وتۆتەوە. مەدرەسەی جامیعی شێخ نوورەددین دەکەوتە گەڕەکی تەعجیل، ئەم مەدرەسەیە تا ئەمڕۆش بوونی خۆی پاراستووە کە حاجی ساڵح کوڕی عەبدوڵا مامۆستای جامیعەکە بوو. مەدرەسەی موفتی لەپشت جامیعی بچووك بوو، کەوتبووە ناو گەڕەکی تەعجیل، لە هەمان کاتدا لەنزیك جامعی شێخ نوورەددین بوو. مەلا ئیسحاق، دوای ئەویش کوڕەکەی؛ عەبدولڕەحمان موفتی وانەی وتبووەوە. مەدرەسەی جامیعی محەمەد پاشا لە باشووری ڕۆژئاوای قەڵا بوو، ئەم جامیعە تا ئەمڕۆش لە گەڕەکی عەرەبان بوونی خۆی پاراستووە. هەر چی مەدرەسەی شێخ محەمەد کوڕی مستەفا نەقشبەندی، دەکەوتە ڕۆژئاوای هەولێر. مەدرەسەی جامیعی

---

[٥٤] وتاربێژ: ئەو کەسەیە لە ڕۆژانی هەینی لە جامیعەکاندا وتاریان خوێندۆتەوە. وتار، سیمبولی فەرمانڕەواییکردنی فەرمانڕەوایە. وتاربێژ لە جامیع، بەرزترین پلەی پیاوی ئایینییە (Ünal, 2011: 307).

قەیسەرییش لەناو بازاڕی قەیسەری بوونی هەبووە و تا ئێستاش ئەم جامیعەیە بوونی خۆی پاراستووە (اسماعیل، ١٩٨٤: ٢١-٢٣).

لە دەرەوەی مەسجید و جامیعەکان؛ ناوەندی تەریقەتەکان کە لە تەکیە و زاویەکان پێك هاتبوون، ئەرکی پەروەردە و خوێندنیان لەئەستۆ گرتبوو، هەمان پیشەیان ئەنجام داوە (Pakalın, 1993, III: 445). لە دەرەوەی خوێندنێکی کلاسیك لێرە لەپاڵ زانستی ئایین، زانست و زانیار یاخود موزیکیش دەخوێنرا (Saydam, 2014: 191). بە هەمان شێوە لە سەدەی ١٨ و ١٩، تەکیە و زاویەکانی هەولێر لە بابەتی پەروەردە و فێرکردنەوە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە، بۆ نموونە؛ لە قەزای هەولێر لە گەرەکی خانەقا جامیع و تەکیەی خالدیە هەبووە، لە مێژووی ١٠ی تشرینی دووەم، ١٨٩٤ (١١ی جەمادی یەکەم، ١٣١٢)، شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی زانست بووە و لەم تەکیەدا وانەی وتۆتەوە. بە هۆی ڕووخانی ئەم تەکیە و وێرانبوونی، داوای کردووە دەوڵەت نۆژەنی بکاتەوە. هەروەها بۆ دابینکردنی بڕێك مووچەی مانگانە بۆ شێخ عەبدولڕەحمان ئەفەندی، نووسراوێك بۆ ویلایەتی موسڵ ڕۆیشتووە (BOA, HD.MKT., 306/7).

وەکوو موسڵمانەکان، ناموسڵمانەکانیش لە پەروەردە و دامەزراوەی ئایینی هاوکارییان وەرگرتووە و بەم شێوەیە ببووە دامەزراوەیەکی گرنگ، بەتایبەتی ناموسڵمانەکان لە دەوڵەتی عوسمانی ڕێگەیان پێ درابوو دامەزراوەی پەروەردەیی بکەنەوە (Saydam, 2014: 201)، بۆ نموونە؛ لە گوندی عەنکاوەی سەر بە هەولێر لە سەدەی ١٨ کەنیسەی مارگۆریس کرایەوە، لەم لایەنەوە کار و چالاکیی گرنگی ئەنجام دابوو. یەکەم بەڕێوەبەری ئەم کەنیسەیە لە ساڵی ١٨٦٥ پەترۆس شابو بووە، جگە لەمە لە ساڵی ١٨٧١ بۆ وتنەوەی وانە لەم کەنیسەیە لە موسڵەوە؛ ئەبلەهاد، فاتح و کورەکانی مەنسور عەزیز هاتبوونە عەنکاوە (پاترۆس، ٢٠٠٩، ١: ٢٤٦).

5.2. مەدرەسەکان

وشەی مەدرەسە لە زمانی عەرەبی بە مانای ئەو شوێنەیە دێت کە وانەی تێدا دەخوێنرێت، کۆیەکەشی: مەدارسە (Pakalın, 1993, II: 436). ئەو شوێنانەی بە ناوی مەدرەسەکان وانەی تێدا خوێنراوە؛ چ لە ڕووی کارگێرییەوە، چ لە ڕووی ڕێکخستنەوە بووە نموونە بۆ ئەو مەدرەسانەی کە دواتر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە

دامەزرا (Halaçoğlu, 1995: 129). بە شێوەیەکی گشتی ئەم زاراوەیە لە دەوڵەتی عوسمانی و ئیسلامیدا بۆ زانکۆش بەکار هاتووە.

مەدرەسەکانی پێشووتر بە مەسجید و جامیعەکان بەسترابوونەوە، بەڵام کە جامیعەکان پڕی فێرخواز بوون؛ ئەم بارودۆخە کاریگەریی کردە سەر خواپەرستی، لەبەر ئەمە بە پێویست دانرا فێرگەی ئازاد بونیاد بنرێت، بڕیار درا جامیع و مەدرەسە وەکوو دوو دامەزراوەی جیاواز جیا بکرێنەوە. کەچی بە دامەزراندنی مەدرەسەکان؛ کاریگەریی نەکردە سەر خوێندنی جامیع و مەسجیدەکان لەپاڵ مەدرەسەکان، ئەوانیش لەسەر وانەوتنەوە بەردەوام بوون. هەر مەدرەسەیەك سەر بە وەقفێك بوو، لەلایەن ئەم وەقفانەوە پێداویستیی ئەم مەدرەسانە دابین دەکرا و ئەم بابەتانە هەڵدەبژێردرا کە پێویست بوو بخوێنرێت و تایبەتمەندییەکانی مامۆستا و فێرخواز دیاری دەکرا (Ünal, 2013: 118). جگە لەمە لە ناوەندی فێرگە بۆ کار و چالاکیی پەروەردە و فێرکردن، وانەخانەیەك یاخود ژوورێك تەرخان کرابوو. بۆ پێداویستیی فێرخواز؛ حوجرە هەبووە وەکوو ژووری نووستن و مانەوە بووە، هەروەها پێداویستیی خواردن و خواردنەوەش لە چێشتخانە هەبووە کە پێی دەوترا خواردنخانە، کە گشت پێداویستیی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و خەرجیی لە داهاتی وەقف دابین دەکرا (Ünal, 2013: 128-129).

لە هەولێریش باسی مەدرەسە گرنگەکانی ئەو سەردەمانە کراوە، جگە لەمە لە هەولێر لە ساڵانی ١٨٩٤-١٨٩٥ بە هەژمار؛ ١١ مەدرەسە هەبووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 319اسماعیل، ١٩٨٤: ١٩). مەدرەسەی موجاهیدیە لە ساڵی ١١٦٤، لەلایەن موجاهیددین کایماز نائیبی میری هەولێر زەینەددین عەلی کوچك دامەزرا. مەدرەسەی موزەفەرەددینیش دامەزراوەیەکی تری گرنگە، لەم فێرگەیە باوکی مێژوونووس ئیبن خەلەکان وانەی وتۆتەوە (ابن خلکان، ١٩٩٨، ١: ١٢٤). ئەبو فازڵ ئەحمەد ئیبن شێخی عەلامە کەمالەددین شەرافەددین دوای ئیبن خەلەکان، باشترین کەسە شارەزایی لە ڕێبازی شافعی هەبێت. لە ساڵی ١٢١٤ شەرافەددین هاتۆتە هەولێر و وانەی وتۆتەوە (ابن خلکان، ١٩٩٨، ١: ١٢٣-١٢٤). هەر چی مەدرەسەی قەڵایە لەلایەن سەرفەتەکین لە ساڵی ١١٣٩ ناوی خۆی پێ داوە، بۆ شافعی ئەبو عەباس خضر بن ناسر بن عەقلی ئەربیلی دروست کرا (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٢: ٢٠١؛ اسماعیل، ١٩٧٠: ١٧٨-١٨٢). لەم فێرگەیەشدا شافعی ئەبو عەباس خضر بن ناسر بن عەقلی ئەربیلی

وانەی وتۆتەوە، دوای مردنی ئەربیللی نەوەکەی چۆتە شوێنی، بەڵام لەبەر پێداگریی موزەفەرەددین کوکبورو چۆتە موسڵ (ابن خلکان، ١٩٩٨، ٢: ٢٠١).

پێش سەدەی ١٨ ئەم مەدرەسانەی بوونیان هەبووە، دواتریش بەردەوام بوون، بەڵام لەمە زیاتر بەڵگە و زانیاریی تر لەبەر دەستدا نییە. بێ ئەوەی ناوی مەدرەسەکان دیاری بکرێت، زانراوە فێرکردن و پەروەردە لەناو قەڵا بەردەوام بووە. یەك لەدوای یەکیش بە بوونی مامۆستاکان بەردەوام بووە. لە ناوەڕاستی نیسانی ١٧٦٤ (سەرەتای شەوال، ١١٧٦)، لە سانجەقی هەولێر و ناوەوەی؛ ئەبو بەکر ئەفەندی لەناو قەڵای هەولێر وانەی وتۆتەوە، دوای مردنی مەلا عوسمان چووبووە شوێنی و لەم ئەرکە بەردەوام بووە (BOA, AE.III.MUSTAFA., 8079).

5.3. مەکتەبەکان

مەکتەب بە مانای قوتابخانە دێت، مەکتەب لە سەردەمی ئیسلام و بەتایبەتی لە سەردەمی عوسمانییەکان ئەو شوێنە بووە وانە بە منداڵان وتراوە. لە سەردەمی عوسمانییەکان لە سەدەی ١٨، مەکتەب لەسەر شێوازی ڕۆژئاوا دامەزرا. ژمارەی مەکتەبەکانی ئەم جۆرەی ڕۆژئاوا، لەم سەردەمەدا زیادی کرد. لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز، ڕێکخستن و ڕێکوپێکیی ئەم جۆرە پەروەردەیە جێگیر کرا. لە ساڵی ١٨٦٩، نیزامنامەی مەعاریفی گشتی قەبوڵ کرا. ئەم نیزامنامەیە لە خوێندن بوو بە یاسا و وەکوو سیستمی لێ هات، ئەم نیزامنامەیە لەگەڵ کارگێڕیی پەروەردە و فێرکردن بە بڕیارێکی یاسایی بەستەوە و ڕێکی خست. ئەم نیزامنامە و خوێندن بەم شێوازە ڕێك خرا:

- مەکتەبی سبیان (ئامادەکردن)
- روشدیە (سەرەتایی)
- ئیعدادیە (خوێندنی ناوەندی)
- سوڵتانیە (دواناوەندی)
- خانەی هونەری (دار الفنون) (زانکۆ) (Ünal, 2013: 132-133).

هەر چی پڕۆگرامی مەکتەبەکانە، ئەو وانانەی کە لە مەکتەبەکان دەخوێنرا بە شێوەیەکی گشتی: خوێندنەوە، نووسین، ڕێزمان، قورئان، فەرموودەی پێغەمبەر، هۆنراوە و ماتماتیك بوو، جگە لەمە بەگوێرەی توانا و لێهاتوویی فێرخوازەکان وانەیان پێ دەدرا (Bozkurt, 2004, XXIX: 6). بەم شێوەیە سیستمی خوێندنی ئەم جۆرە مەکتەبانە کە لە دەوڵەتی عوسمانی پەیڕەو کران؛ یەکسەر وەکوو هەر شوێنێکی تر لە هەولێریش پەیڕەو کرا، مەکتەبی سبیان یەکێك بوو لەم دامەزراوانە. لەبەر ئەوەی لە سەردەمی

عوسمانییەکان بینایەکانی مەکتەبی سبیان لە بەرد بوو، پێشی- دەوترا مەکتەبی بەردی، بەڵام لەنێو خەڵك هەروەها لە کەلتووری مێژوویی کە لە سەرچاوەکان باسی دەکەن؛ پێی دەوترا مەکتەبی سبیان. جگە لەمە مەکتەبخانە لە هەر گەڕەکێکدا هەبووە، بۆیە بە ناوی تریش ناوی دەهات و پێی دەوترا مەکتەبی گەڕەکەکان (Kocar, 1974: 7). مەکتەبەکانی سبیان لە تۆمارەکانی مێژووی ١٨٤٦، بە چوار ساڵ هەژمار کرا. جگە لەمە لە نیزامنامەی مەعاریفی گشتیی مێژووی ١٨٦٩دا، لە مەکتەب یاسای بەردەوامبوونی ناچاری پەیڕەو کرا، کە بۆ کوڕان لە تەمەنی ٧ ساڵی و بۆ کچان لە تەمەنی ٦ ساڵیدا دەستی پێ دەکرد (Baltacı, 2004, XXIX: 7). بەگوێرەی نیزامنامەی عوسمانی، هەر گوندێك و گەڕەکێك یاخود لە دوو گوند و گەڕەکدا مەکتەبێکی سبیان بوونی هەبوو (Saydam, 2014: 466). لە هەولێر لە ساڵی ١٨٩٤، ٦ مەکتەبی سبیان هەبووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 319). لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە ساڵی ١٨٤٦ بەگوێرەی بەڕێوەبردن لە مەکتەبەکانی سبیان؛ ئەلفابێ، قورئان، زانستی تەجوید، زمانی تورکی، پوختەی نامەکانی "اخلاقی ممدوحه" دەخوێنرا (Baltacı, 2004, XXIX: 7).

هەر چی مەکتەبی سەرەتایی بوو، ئەوا لەدوای تەنزیمات دەستی بە کار و چالاکییەکانی کرد، لە پڕۆگرامەکانی: ئەلفابێ، قورئانی کەریم، تەجوید، زانست، ڕەوت، سەرفی عوسمانی، ڕێنووس، خوێندنەوە، مێژووی کورتکراوەی عوسمانی، کورتکراوەی جوگرافیای عوسمانی، بیرکاری و خۆشنووسی دەخوێنرا (Baltacı, 2004, XXIX: 7). لە هەولێریش بایەخ بەم جۆرە مەکتەبانە درابوو، بۆ ئەوەی ئەم مەکتەبانە بونیاد بنرێت و منداڵەکان لەم مەکتەبانە بخوێنن. لە مێژووی ٢ی کانوونی یەکەم، ١٩٠٠ (٩ی شەعبان، ١٣١٨)، لە شارۆچکەی هەولێر لەلایەن خەڵکەوە پارە کۆ کراوەتەوە و مەکتەبێکی سەرەتایی دروست کراوە (BOA, MF.MKT., 541/16).

لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی؛ مەکتەبی هاوچەرخ بونیاد نرا و گشت ئەم مەکتەبانە لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرا، یەکێك لەم مەکتەبانەش مەکتەبی روشدیە بوو. دەوڵەتی عوسمانی ڕێگەی دابوو زمانی بیانی بخوێنرێت، بۆ ئەوەی قوتابی بۆ قوتابخانەکانی سەربازی ئامادە بکات، بە پێویست زانرا خوێندنی ناوەندی دابنرێت، ئەم قوتابخانانە بە ئامانجی ئامادەکردنی فێرخواز و پێگەیاندنی فەرمانبەری باش لەلایەن پاشاوە دامەزرا، کە بۆ مێردمنداڵانی سەردەم قوتابخانەیەکی هەمیشەیی بوو. لە ساڵی ١٨٣٨ ئەنجوومەنی کاروباری نافیعە و ئەنجوومەنی ئەحکامی دادوەری بڕیاری دامەزراندنی مەکتەبی روشدیە درا (Kocar, 1974: 40)، هەروەها بە پشتبەستن بە نیزامنامەی عوسمانی لە ساڵی ١٨٤٧ مەکتەبی روشدیە کرایەوە (Saydam, 2014: 466).

بەگوێرەی مادەی ١٨: "ئەگەر شارۆچکەیەك لە ٥٠٠ ماڵ زیاتر بێت، خەڵکەکەشی هەموو موسڵمان بن، واتە تەنیا موسڵمان یاخود تەنیا کرستیان بن، ئەوا تەنیا بۆ یەکێکیان قوتابخانە دەکرێتەوە. ئەگەر خەڵکی ئەم شارۆچکەیە کرستیان و موسڵمانەکان بەتێکڵاوی بژین، بۆ موسڵمانەکان بەجیا و بۆ کرستانییەکان بەجیا دوو مەکتەبی روشدیە دەکرێتەوە. بەم شێوەیە ئەگەر موسڵمان و کرستانییەکان بەتێکەڵاوی لە شارۆچکەیەك بژین، کامە لایەن خەڵکەکەی لە ١٠٠ ماڵ زیاتر بێت؛ بۆ ئەم لایەنەی خەڵك مەکتەبی روشدیە دەکرێتەوە. ئایین لە ڕیزبەندیی بابەتەکانی خوێندنە. هەر کۆمەڵگایەك بە زمانی خۆی دەخوێنی. ئەو منداڵانەی موسڵمان نین، وانە ئایینییەکان لەسەر ئەو مەزهەبە دەخوێنرێت کە گەورەکان پەسەندیان کردووە و لەناو پڕۆگرامی خوێندن دادەنرێت" (Kocar, 1974: 93). بەم شێوەیە لە شارۆچکەکان بڕیار لەسەر کردنەوەی مەکتەب درا، پێداویستیی ئەم مەکتەبانە لەلایەن دەوڵەتەوە دابین دەکرا. خوێندن ٤ ساڵ بوو، جگە لەمە دوو مامۆستای هەبوو (Saydam, 2014: 467). هەروەك چۆن مەکتەب لە شوێنەکانی تر کرایەوە، لە هەولێریش کرایەوە. لە ساڵی ١٨٩١ و ١٨٩٤، تەنیا یەك مەکتەبی روشدیە هەبووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1308: 131. Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 169). تەنانەت لە هەولێر لەلایەن خەڵکەوە پارە کۆ دەکرایەوە و مەکتەبی روشدیەی پێ نۆژەن دەکرایەوە. بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەم مەکتەبە لە ئەنجوومەنی کارگێڕی لەلایەن نائیب، موفتی، کاتیبی تۆمارکردن و بەڕێوەبەری دارایی؛ دەرخستە نووسراوەتەوە. لە مێژووی ١٩ی حوزەیران، ١٩٠٠ (٢٠ی سەفەر، ١٣١٨)، شارەوانیی هەولێر بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەم مەکتەبە روشدیەیە کە بە هۆی باران بارینی بەخورەوە ڕووخاوە؛ ٨٨٥٠ قوروشی خەرج کردووە (BOA, MF.MKT., 502/20). هەمان زانیاری لە بەڵگەیەکی تر باسی بابەتەکەی کردووە و تێیدا هاتووە هەمان ساڵ، ٢ی کانوونی یەکەم (٩ی شەعبان)، والیی موسڵ نووسراوێکی بۆ نەزارەتی مەعاریف نووسیوە، کە خەڵکی هەولێر پارەی کۆ کردۆتەوە و بەم پارەیە مەکتەبی روشدیە نۆژەن کراوەتەوە، لە هەمان کاتدا بەم پارەیە مەکتەبێکی سەرەتایی دروست کراوە، هەردووکیان بەیەکەوە کراوەتەوە (BOA, MF.MKT., 541/16). جگە لەمە وانەی خۆشنووسی لە پڕۆگرامی مەکتەبەکاندا دەخوێنرا. لە مەکتەبی روشدیەی هەولێر لە مێژووی ١٣ی حوزەیران، ١٨٩٧ (١٢ی موحەررەم، ١٣١٥)، وانەی خۆشنووسی (نووسین) خوێنراوە. لەم ساڵەدا لەبەر ئەوەی ماوەیەك لە مەکتەبی روشدیەی هەولێر موعەلیمی خۆشنووسی نەبووە، بۆیە بریکاری بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ نووسراوێکی کردووە بۆ ئەوەی موعەلیمی خۆشنووسی؛ محەمەد

ڕەشید ئەفەندی لەم مەکتەبە دەست بە ئەرکەکەی بکات، بەشداریی تاقیکردنەوەی کردووە، ئینجا دەستی بە ئەرکەکەی کردووە (BOA, MF.MKT., 363/48).

لە دەوڵەتی عوسمانیدا لەم فێرگانەدا فێرخواز بەڕێز دادەنیشت، فێرخوازی پۆل بەش بەش جیا دەبوونەوە، هەر بەشێك بەجیاجیا وانەیان پێ دەوترا. لە هەمان کاتدا فێرخوازان بە نەزارەتی ئەوقاف بەسترابوونەوە و مووچەیان پێ دراوە، هەروەها بە یاسایەکیش بڕیار درابوو کە ئەو ئەفەندییانەی لە فەرمانگەکانی دەوڵەت دەبوونە فەرمانبەر؛ مەرج بوو دەرچووی ئەم مەکتەبانە بن (Kocar, 1974: 43).

مەکتەبێکی تر کە گرنگ و بەبایەخ بوو، ئەویش مەکتەبی دارولشەفەقە بوو. ئەم ماوەیەی کە ئەسعەد پاشا لە پاریس بووە، لە فێرگەکانی ئەوێ گەڕاوە و بینیویەتی ئەوانەی بێکەس و دەستکورتن، هەروەها بۆ منداڵی کوڕ فێرگە هەبووە، وا بیری کردۆتەوە کە لە ئەستەنبوڵیش مەکتەبێکی ئاوا دروست بکرێت، بۆیە دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ؛ بیرۆکەی دامەزراندنی دارولشەفەقەی ئیسلامیی داوەتە کۆمەڵەی وانەبێژی. لەلایەن کۆمەڵەی وانەبێژی ئیسلامی لە ساڵی ١٨٦٩ دەست کرا بە دروستکردنی بینایەکەی، لە ساڵی ١٨٧٣ دروستکردنی بینایەکە تەواو بوو، لە هەمان ساڵیشدا خوێندن لە دارولشەفەقە دەستی پێ کرد (Kocar, 1974: 73). ئەم مەکتەبە باس کراوە لە هەولێریش هەبووە، لەم مەکتەبە تەنیا منداڵی هەژار و بێکەس وەردەگیران. لە مێژووی ١٠ی کانوونی یەکەم، ١٨٩٠ (٢٧ی ڕەبیعی کۆتایی، ١٣٠٨)، یەکێك لە دانیشتووانی قەزای هەولێر بە ناوی عەبدولعەزیز کوڕی یونس لەبەر ئەوەی بێکەس و هەژار بووە؛ نووسراوێك بۆ بەڕێوەبەرایەتیی مەکتەبی دارولشەفەقە نووسراوەتەوە و داوا کراوە لە مەکتەبی دارولشەفەقەی هەولێر وەربگیرێت، لە ئەنجامدا لە دارولشەفەقە وەرگیراوە و ئاگاداری لە موسڵەوە بۆ هەولێر نێردراوە (BOA, DH.MKT., 1790/133).

5.4. کادیری پەروەردە

5.4.1. مودەریسەکان

لە دەوڵەتی عوسمانی مودەریس ئەو کەسەیە کە وانە بە فێرخوازان دەڵێتەوە، بەڵام ئەم وشەیە لەگەڵ زاراوەی موعەلیم مانایەکی جیاوازی دەبەخشی (Pakalın, 1993, II: 598). لە مەدرەسەکان مودەریسەکان وانەیان دەوتەوە، تەنانەت لە جامیعەکانیش وانەیان دەوتەوە (Söylemez, 2013: 93). لە سەردەمی فاتح، پلەی مەدرەسە و پیشەی مودەریس یەکسان بوون (Ünal, 2011: 495). لە هەر مەدرەسەیەکدا مودەرسێك بووبێ هەبووە، بۆ ئەوەی کەسێك ببوایە مودەریس؛ مەرج

بوو لە جامیع یاخود لە مەدرەسە گشت بابەتەکانی بخوێندبووایە و خوێندنی تەواو بکردبووایە. جگە لەمە بۆ ئەوەی پیشەی مودەریس ئەنجام بدات، پێویست بوو مۆڵەتی پیشەی مودەریسی وەربگرتبووایە. دوای وەرگرتنی ئەم بەڵگەیە، ئینجا دەیتوانی لە مەدرەسەیەك ببایە مودەریس (Ünal, 2013: 125). مودەریس تەنیا پیشەی مودەریس نەبووە، لە هەمان کاتدا کاری بەڕێوەبەرایەتییشی- کردووە، بەڕێوەبەر کەسێك بووە کاروباری مودەریس و فێرخوازی ڕێك خستووە و لە ڕووی کارگێڕییەوە کاروبارەکانی ڕێك خستووە (Pakalın, 1993, II: 598).

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە قەزای هەولێر ئەرکی مودەریس بوونی هەبووە، یەکێك لەوانە: داود ئەفەندی لە هەولێر پیشەی مودەریسی کردووە و بۆ ئەم خزمەتەش هاوکاریی لە دەوڵەت وەرگرتووە. بۆ زانیاریی زیاتر لە بەڵگەیەکدا هاتووە لە مێژووی ٢٠ی مارت، ١٨٦٧ (١٤ی زیلقەعدە، ١٢٨٣)، مودەریس داود ئەفەندی موچەی مودەریسی نەبووە، لە هەمان کاتدا زەکات و باجەکانی گوندەکانی گردعازەبان، دوغان، گاینج، قورشاغلو، دووسەرە، کولتەپە، قەڵانچوغ، گەزنە، پیرزین، خەرابەدراو، گردەچاڵ، یەدی کزڵەر و ماستاوەی سەر بە قەزای هەولێر کۆ کراوەتەوە، بۆیە داوای کردووە دوای کۆکردنەوەیان؛ زەکات و سەدەقەکەی بدرێتە ناوبراو (BOA, MVL., 528/9).

لەبەر ئەوەی مەدرەسەکان سەر بە وەقفێکی دیاری کراو بوونە، بۆیە مودەریس یاخود موعەلیمەکان ناچار بوون لەسەر مەرجەکانی وەقف کارەکان بەڕێوە ببەن و خۆیان لەگەڵ مەرجەکان بگونجێنن (Saydam, 2014: 461). وانەکان لەلایەن وەقفەکە دیاری دەکرا، جگە لەمە موچەکان بەگوێرەی داهاتی وەقفەکە دابین دەکرا و دیاری دەکرا (Bozkurt, 2006, XXXI: 468). لە هەمان کاتدا دیاریکردنی ژمارەی فێرخوازیش لە کارە تایبەتمەندەکانی وەقف بوو. ژمارەی فێرخواز بەگوێرەی توانای مەدرەسەکە دیاری دەکرا و بەگوێرەی ئەو مەرجانەی کە لە وەقف دادەنران و دیاری دەکران بەیەکەوە لە گشت مەدرەسەکانی عوسمانی، تەنانەت گەورەترینیان ژمارەی فێرخواز نەدەگەیشتە ٢٠ فێرخواز (Ünal, 2013: 128)، بۆ نموونە؛ لە ساڵی ١٨٩٤ لە مەکتەبی روشدیەی هەولێر ژمارەی فێرخوازی، لە ١٨ فێرخواز پێك دەهات (Musul VilayetSalnamesi, 1312: 169).

5.4.2. موعەلیمەکان

بە مامۆستای مەکتەبەکان وتراوە موعەلیم (Baltacı, 2004, XXIX: 6) و ئەو کرێیەی دەدرایە موعەلیمەکانیش؛ سنووردار کرابوو، بە توانای دارایی بەخێوکەری منداڵ بەسترابووەوە. منداڵانی پیاوە گەورەکانی دەوڵەت و دەوڵەمەندەکان لە کۆشک و قۆناغەکان وانەیان پێ دەوترا، بەمەش کرێی ئەو موعەلیمانەی کە ئەم ئەرکەیان هەبووە؛ زۆر بەرز بوو، بۆ ئەوان زاراوەی موعەلیمی سبیان بەکار هاتووە. کرێی موعەلیمەکانی سبیان ماوە ماوە بە گۆڕاوی و ناجێگیر مایەوە (Bozkurt, 2004, XXIX: 6). لە هەولێر لە ساڵی ١٨٩٤ دوو موعەلیم لە مەکتەبی روشدیە ئەرکیان هەبووە، موعەلیمی یەکەم؛ عەبدولحەکیم ئەفەندی و موعەلیمی دووەم؛ عەبدولقادر ئەفەندی لەم مەکتەبە وانەیان وتۆتەوە، ژمارەی فێرخوازی ئەم مەکتەبە ١٨ فێرخواز بووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 196). جگە لەمە لە مێژووی ١٣ی حوزەیران، ١٨٩٧ (١٢ی موحەررەم، ١٣١٥)، موعەلیم محەمەد رەشید ئەفەندی بۆ خزمەتی موعلیمایەتی لە مەکتەبی روشدیە ئەرکی وەرگرتووە (BOA, MF.MKT., 363/48).

5.5. تایبەتمەندییەکانی کادیرەکان

لە دەوڵەتی عوسمانیدا کادیرەکانی پەروەردە یاخود کارمەندانی وانەوتنەوە لە چاوی کۆمەڵگای عوسمانیدا پلەوپایەیەکی بەرزیان هەبووە و خاوەن تایبەتمەندییەکی بەرز بوونە (İpşirli, 1994, I: 262). ئەگەر کەسێك مەدرەسەی "سلێمانی" یاخود مەدرەسەی "ساحنی سەمانی" تەواو بکردبووایە، ئەوا وەکوو موودەریس دەستی بە ئەرکەکەی دەکرد، چاوەڕێی هیچ مۆڵەتێکی نەدەکرد تا دەستبەکار بێت، بەڵام لە سەدەی ١٦ بە هۆی زیادبوونی دەرچووانی مەدرەسەکان بۆ ئەوەی دەرچووان کاری موودەریسی بکەن؛ ناچار بوون چاوەڕێ بکەن و تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن (Saydam, 2014: 461)، بەتایبەتی کاتێك رێژەی دامەزراندن لە مەدرەسە ئاستبەرز و گرنگەکان زیادی کرد، بۆ ئەوەی لە مەدرەسەیەکی ئاوا ببیتە موودەریس؛ کەسەکان ناچار بوون تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن (İpşirli, 1994, I: 261). ژمارەی موودەریسەکان هێندە بەرز ببوو، کە لە سەدەی ١٨ لە وڵات هیچ شوێنێکی بەتاڵ نەمابوو تا تێیدا دابمەزرێن. لە ساڵی ١٧٨٥ ئەوەی بیویستبووایە ببێتە موودەریس، دەبووایە لەلای شێخولئیسلام تاقیکردنەوە ئەنجام بدات (Özkaya, 1985: 232).

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە هەولێر ئەوانەی ئەرکی مودەریس یاخود موعەلیمیان هەبووە؛ بیانویستبووایە پلەیان بەرز بکەنەوە یاخود لە مەکتەبەکان دابمەزرێن، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی مەکتەبی روشدیە ئاستێکی بەرزی هەبووە، بیانویستبووایە لەم مەکتەبە ئەرك وەربگرن؛ تاقیکردنەوەیان ئەنجام دەدا. لەناو ویلایەتی موسڵ، قەزای هەولێر، موعەلیمی دووەم؛ عەبدولقادر ئەفەندی لە مێژووی ٢٢ی تەممووز، ١٨٩٨ (٣ی رەبیعی یەکەم، ١٣١٦)، بۆ ئەوەی پلەکەی بەرز بکاتەوە بۆ موعەلیمی یەکەم و لە مەکتەبی روشدیە دابمەزرێنن؛ تاقیکردنەوەی ئەنجام دابوو، بەڵام لەم تاقیکردنەوە سەرکەوتوو نەبوو (BOA, MF.MKT., 408/54).

لە هەمان کاتدا لە مەکتەبەکان دوای مردنی یاخود خانەنشینبوونی موعەلیم یاخود مودەریس؛ شوێنەکەی بەتاڵ دەبوو، کەسێکی تر دەچووە شوێنەکەی. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش؛ داواکارییەکی بۆ قازی یاخود نائیب دەنووسی، دواتر لە شێخولئیسلام مۆڵەتی دامەزراندنی وەردەگرت (Özkaya, 1985: 231). لە مێژووی ٢٢ی تەممووز، ١٨٩٨ (٣ی رەبیعی یەکەم، ١٣١٦)، موعەلیمی یەکەم؛ عەبدولحەکیم ئەفەندی لە کاتی خانەنشینبوونی موعەلیمی دووەم؛ عەبدولقادر ئەفەندی لەگەڵ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام داواکار بوو بچێتە شوێنی ناوبراو (BOA, MF.MKT., 408/54). هەر چەندە لە بەڵگەکاندا باس کراوە، کەچی لە سەرچاوەکانی تردا پێچەوانەی ئەم زانیارییە باس دەکرێت، بۆ نموونە؛ بەگوێرەی سالنامەی ویلایەتی موسڵ پێش ساڵی ١٨٩٨دا، واتە لە ساڵی ١٨٩٤ موعەلیمی دووەم؛ عەبدولقادر ئەفەندی لە مەکتەبی روشدیە بوونی هەبووە (Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 196).

لە بارەی گۆڕینی شوێنی موعەلیمەکانیش؛ زانیاری بەرچاو دەکەوێت، بەگوێرەی ئەوە مامۆستایان خاوەنی ئەم مافە بوون؛ دەیانتوانی داوای گۆڕینەوەی شوێنەکانیان بکەن، بۆ نموونە، لە هەولێر موعەلیمی یەکەم؛ عەبدولحەکیم ئەفەندی لە مێژووی ١٤ی حوزەیران، ١٨٩٩ (٤ی سەفەر، ١٣١٧)، لە مەکتەبی روشدیەی هەولێر و مەعەلیمی یەکەم؛ عەلی ئەفەندی لە ڕواندز هەردووکیان داواکارییان پێشکەش کردووە و داوایان کردووە شوێنەکانیان بگۆڕدرێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەری مەعاریف بەمە ڕازی نەبوو، چونکە بەگوێرەی یاسا عەبدولحەکیم ئەفەندی خەڵکی ڕواندز نەبووە و مووچەکەی جیاواز بووە، هەر چی عەلی ئەفەندی مووچەکەی ٦٠٠ قوروشی وەرگرتووە، لە هۆکارێکی تر عەبدولحەکیم ئەفەندی بۆ خانەنشینکردنی؛ نووسراوی خانەنشینکردنی ناردبووە ویلایەتی موسڵ، لەسەر ئەم سێ هۆکارە گۆڕینەوەی

شوێنەکانیان جێبەجێ نەکرابوو (BOA, MF.MKT., 466/26). بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی موعەلیمەکان ببنە خاوەنی تایبەتمەندیی تر، دوای ئەوەی ماوەیەك خزمەتیان دەکرد؛ دەیانتوانی خانەنشین بکرێن، بەم ئامانجەوە کاغەزی خانەنشینکردنی عەبدولحەکیم ئەفەندی لە مێژووی ٦ی نیسان، ١٨٩٧ (٤ی زیلقەعدە، ١٣١٤)، بۆ بریکاری بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی ویلایەتی موسڵ نێردرابوو (BOA, MF.MKT., 344/6).

مووچەی موەدەریس یاخود موعەلیمەکان پەیوەست بوو بە پلەی مامۆستا و ئاستی مەدرەسە و داهاتی وەقف (İpşirli, 2006, XXXI: 470). ئەو ئەندامەی نۆرەی نۆبەتەکەی دەهات، ئەگەر مەدرەسەکانی لە نزمترین ئاستی (بیستی) دابەزرابووایە؛ موەدەریسێك بە ڕۆژانە ٢٠-٢٥ ئاقچە دادەمەزرا، بەڵام دواتر ئەو موەدەریسەی کە لە مەدرەسەی بیستی دادەمەزرا؛ بەنۆبەت پلەکەی بەرز دەبووەوە بۆ سیی، چلی، پەنجایی، شەستی و پلەی بەرزتر پلەکەی بەرز دەبووەوە. لە سەردەمی فاتیح پلەی موەدەریسەکان ٥ ئاقچە، لە سەردەمی دوای ئەویش بۆ ١٠ ئاقچە بەرز ببووە. لە یەکەم پلە تا دوا پلەی ڕێگای زانستی، بە ٢٥-٣٠ ساڵ وەردەگیرا، بەم ڕێگایە دەوترا قۆناغی پلەکان، هەر چی نزمترین ئاست تا بەرزترین ئاستی مەدرەسەکان بۆ موەدەریس؛ دەوترا سووڕانەوەی موەدەریس (Ünal, 2013: 126)، بۆ نموونە؛ لە مێژووی ١٤ی حوزەیران، ١٨٩٩ (٤ی سەفەر، ١٣١٧)، لە هەمان پلە عەبدولحەکیم ئەفەندی موعەلیمی پلە یەك لە هەولێر؛ ٤٥٠ قوروشی وەرگرتووە، هەروەها موعەلیمی پلە یەك عەلی ئەفەندی لە ڕواندز؛ ٦٠٠ قوروشی وەرگرتووە (BOA, MF.MKT., 466/26). جگە لەمە لە هەولێر لە مێژووی ٤ی کانوونی یەکەم، ١٨٩٤ (٥ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٢)، عەبدولمەجید ئەفەندی کە بە بڵاوکردنەوەی زانست سەرقاڵ بووە، مووچەی ٢٠٠ قوروشی وەرگرتووە (BOA, DH.MKT., 314/24). دیسان لە مێژووی ١ی حوزەیران، ١٨٩١ (٢٣ی شەوال، ١٣٠٨)، لە نووسراوێکدا کوچك ئاغازادە عومەر ئەفەندی دانیشتووی هەولێری سەر بە ویلایەتی موسڵ پلەکەی بەرز بۆتەوە، مووچەیەکی ١٠٠٠ قوروشی بۆ دابین کراوە (BOA, İ.MMS., 121/5191).

لە هەمان کاتدا دەوڵەت لەبەرامبەر مووچە واتە لەجیاتیی مووچە؛ زەویی کشتوکاڵی بۆ موەدەریسەکان تەرخان کردووە، ئەوانەی بە وانەوتنەوە خەریك بوونە، بەگوێرەی داهاتی زەوییەکە؛ مووچەکەی وەرگرتووە. جگە لەمە دوای مردنی کەسەکە کە زەوییەکە بێ خاوەن دەمایەوە، دەدرایە کەسێکی تر. لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی

ساڵی ١٧٦٤ (سەرەتای شەوالی ١١٧٦) لە سانجەق و ناو هەولێر؛ ئەبو بەکر ئەفەندی لە قەڵای هەولێر مامۆستایەتیی کردووە، لەبەرامبەر ئەو خزمەتەیدا دەوڵەت مەزرەعە گوندی پیری میر یوسف بەگی پێ داوە. داهاتی ئەم تیمارە، ٥٤٨٨ ئاقچە بووە. دوای مردنی ناوبراو؛ ئەم زەوییە کشتوکاڵییە بێ خاوەن ماوەتەوە، بۆیە داوا کراوە بدرێتە مەلا عوسمان (BOA, AE.III.MUSTAFA., 106/8079). لە لایەکی تر لەبەر ئەوەی مامۆستاکان مووچەکانیان کەم بووە، داوایان کردووە مووچەکانیان زیاد بکرێت. لە مێژووی ٤ی کانوونی یەکەم، ١٨٩٤ (٥ی جەمادی کۆتایی، ١٣١٢)، لە هەولێر عەبدوڵمەجید ئەفەندی بە بڵاوکردنەوەی زانست خەریک بووە، مووچەکەی ٢٠٠ قوروش بووە، بۆیە عەبدوڵمەجید ئەفەندی دوای هاوسەرگیری؛ بژێویی ژیانی باش نەبووە، لە داواکارییەك داوای لە ویلایەتی موسڵ کردووە مووچەکەی بەرز بکرێتەوە (BOA, DH.MKT., 314/24).

لە مێژووی ١٥ی کانوونی دووەم، ١٨٩٥ (١٨ی رەجەب، ١٣١٢)، لەلایەن ئەنجوومەنی کارگێڕیی لیوای کەرکووك؛ داواکاریی بۆ ویلایەتی موسڵ ناردووە، هەروەها لە مێژووی ٢٧ی کانوونی دووەم، ١٨٩٥ (٣٠ی رەجەب، ١٣١٢)؛ والیی موسڵ نووسراوی بۆ نەزارەتی ناوخۆ کردووە، عوسمان ئەفەندی زادە محەمەد ئەفەندی کە لە هەولێر سەرقاڵی وانەوتنەوە بووە، داوای کردووە لە خەزێنەی دارایی یاخود لە وەقف؛ ٣٠٠ قوروش مووچەی بۆ ببڕێتەوە (BOA, DH.MKT., 223/43). لە لایەکی تر دوای مردنی ئەوانەی بە وتنەوەی وانە خەریك بوونە، بڕێك مووچە بۆ منداڵەکانیان بڕاوەتەوە. لە مێژووی ٣٠ی مارت، ١٨٦٩، (١٦ی زیلحیجە، ١٢٨٥)، دوای مردنی ئیلیاس ئەفەندی داواکاری نێردراوە کە ٧٥ قوروش بۆ منداڵەکانی ببڕێتەوە، بۆ ئەمەش ویلایەتی بەغداد بڕیارنامەیەکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی دارایی ناردووە (BOA, A.MKT.MİTM., 440/16). یاخود ئەگەر منداڵەکان هەمان پیشەی باوکیان کردبێت، مووچەی باوکیان بۆ منداڵەکانیان بڕاوەتەوە. لە ساڵی ١٨٩٢ دوای مردنی کوچك ئاغا زادە عومەر ئەفەندی لە مێژووی ٢٤ی تشرینی یەکەم، ١٨٩٢ (٢ی رەبیعی کۆتایی، ١٣١٠)، بڕیارنامەیەك بۆ ویلایەتی موسڵ کراوە و داوا کراوە مووچەی ١٠٠٠ قوروشی کوچك ئاغازادە عومەر ئەفەندی بۆ کوڕەکەی؛ ئەبو بەکر ئەفەندی ببڕێتەوە (BOA, DH.MKT., 2014/4).

6. پێکهاتەی ئابووریی هەولێر (لە سەدەی ١٨-١٩)

6.1. بەڕێوەبردنی زەویوزار و شێوازی تیمار

6.1.1. زەویوزاری میری

لە دەوڵەتی عوسمانیدا شێوازی بەڕێوەبردنی زەویوزار بە شێوازی موڵك، میری و وەقف بووە، پێشەکی بە شێوەی سێ جۆر بەڕێوە دەچێت. بەگوێرەی ئەوە زەویوزاری میری بە "زەویوزاری میری" ناسراوە، کشتوکاڵکردن و کڕین و فرۆشتنی لەژێر دەسەڵاتی میریدایە و ئەو زەویوزارانەیە کە مووڵکی دەوڵەتن. لە دەوڵەتی عوسمانی ئەو جۆرە زەویوزارانە سەر بە سوڵتانە، لە هەمان کاتدا بەربڵاوترین جۆری زەویی، جگە لەمە بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە زەوییانە نافرۆشرێتە ئەو کەسەی کە زەویەکە بەڕێوە دەبات، دەستی بەسەردا ناگیرێت، کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت و نابێتە وەقف.

زەویوزاری میری دەبێتە دوو بەش: ئەوانیش زەویوزاری بە تاپۆ و زەویوزاری بە موقاتەعەیە. مافی بەڕێوەبردنی زەویوزاری بە تاپۆ، پێشەکی وەکوو شوێنگرەوە کرێیەك وەردەگیرێت کە پێی دەوترێت رسوماتی تاپۆ، دوای ئەمەش بە شێوەیەکی فەرمی بە رێککەوتنی کڕیدان بەکار دەخرێت و بۆ خەڵکی گوند (رعیە) بەجێ دەهێڵرێت. کڕێچی بە بەکارخستنی ئەو زەویە و ئەوەی دەستی دەکەوێت لە بەروبوومەکە، ناچارە لەسەر شێوازی دەیەك (عشر[٥٥]) باجی دەیەك بداتە دەوڵەت یاخود بداتە ئەو سپاهیەی کە دەوڵەت دایمەزراندووە (Ünal, 2013: 144).

---

[٥٥] عوشر (عشر): وشەیەکی عەرەبییە، واتە لە دەی؛ یەکی (دە یەك) وەردەگیرێت، باجێکە لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەتایبەتی لە دانەوێڵە وەرگیراوە. ئەم کەسەی کە زەویەکەی کێڵاوە؛ خاوەنی زەویەکە نییە، وەکوو کرێچییەکی کاتییە، بەڵکوو خاوەنی ڕاستەقینەی زەویەکە؛ دەوڵەتە، لەم بارودۆخەدا ئەو کرێچییەی کە زەویەکەی کێڵاوە و کشتوکاڵی لێ کردووە؛ لەبەرامبەر ئەوەدا دەبووایە کرێ بداتە دەوڵەت. دەیەك (عشر) لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەگوێرەی شوێنەکان ڕێژەکەی دەگۆڕا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ: مەرجەکانی وەرگرتنی زەوی، ئاودان و چاندنی بەگوێرەی جۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکە و دابونەریتی ناوچەکە جیاواز بووە. دەیەك (عشر) بە دوو جۆر بە پارە و بە بەروبووم وەرگیراوە: گەنم، جۆ، گەنمەشامی، نۆك، ئەم جۆرە دانەوێڵانەی کە تەمەنیان درێژ تر بووە، هەروەها لۆکە و ئەم جۆرە بەروبوومانە بە یاسا بەروبوومەکە وەرگیراوە. لەبەرامبەر ئەوەدا وەکوو سەوزە و میوە بەروبوومی باغ، باخچە و بێستان بە شێوەی کاش پارە و باج وەرگیراوە، بەڵام زۆربەی کات سپاهییەکان لە دانەوێڵەش بە ڕۆژانە لەسەر "نرخی ڕۆژ" پارەیان وەرگرتووە، چونکە سپاهی نەیدەتوانی بەروبوومەکە وەربگرێت و ببیاتە بازاڕ، لەوێ بیفرۆشێت و پارەکە وەربگرێت. لە دەرەوەی دانەوێڵە؛ بەروبوومەکانی باغ، باخچە و بێستان مەحاڵ بوو وەکوو خۆی بەروبوومەکە وەربگیرێت، چونکە سەوزە و میوە وەکوو دانەوێڵە بەروبوومێك نەبوون زیاتر بەرگە بگرن و

هەر چی زەویوزاری تیمارە، ئەوا ئەو جۆرە زەوییانەن کە لە دەوڵەتی عوسمانی زۆر بە فراوانی و بەربڵاوی بەکار هاتووە. بەگوێرەی ئەو تیمارەی کە هەبووە؛ بەشێکی بۆ سەرباز و فەرمانبەر تەرخان کرابوو، ئەمەش لەبەرامبەر ئەو خزمەتە تەرخان دەکرا کە لە دەوڵەت ئەنجامیان دەدا، تاوەکوو بژێویی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، یاخود بۆ ئەو کەسانە تەرخان دەکرا کە پێشووتر خزمەتیان هەبووە. زەویوزارەکانیش وەکوو سەرچاوەی باج لە شوێنی دیاریکراو، بە ناو و هەژماری ئەوانەوە دەخرایە ژێر دەسەڵاتیانەوە. ئەوەی سەڵانە باجەکەی ٢٠٠٠٠ ئاقچە بووبێت، دراوەتە سەرباز (Barkan, 1993: 286).

شێوازی تیمار لە سەردەمی عوسمان غازی دەستی پێ کردووە، هەموو زەوییەکانی میری بۆ سێ بەش جیا کرابوونەوە، ئەوانیش لە سێ بەش: تیمار، زەعامەت و تایبەت پێک هاتبوون. ئەو زەوییانەی داهاتەکەیان لە ٣٠٠٠ ئاقچە تا ٢٠٠٠٠ ئاقچە بوو؛ پێی دەوترا تیمار، لە ٢٠٠٠٠ ئاقچە تا ١٠٠٠٠٠ ئاقچە پێی دەوترا زەعامەت، لە ١٠٠٠٠٠ بە سەرەوە پێی دەوترا تایبەتی. زەعامەت دەدرایە پلە ناوەندەکان وەکوو فەرمانبەرانی دەوڵەت و ئەفسەرە سپاهیەکان، جگە لەمە دەدرایە کاپیکولو (KapIkulu)، چاوش، موتەفەریقە و دەرگەوان و کاتیبی دیوانەکان. هەر چی تیماری تایبەتی بوو، ئەوا دەدرایە پاشا، شازادە، سەدری ئەعزەم، وەزیرەکان، دایکی سوڵتان، خوشک و کچەکانی پاشا و میری میران، هەروەها دەدرایە پیاوانی دەوڵەتیش وەکوو بەگی سانجەق (PakalIn,1993, III:498-499).

تیماریک یاخود ئەو بەشەی کە زەعامەت پێک دەهێنێ، پێی دەوترێت کلچ (kIlIÇ[٥٦]). لە سیستمی تیمار؛ هەر کلچێک دەدرێتە سپاهیەک، هیچ کەسێک بۆی نەبوو دوو کلچ

تەمەنیان درێژ بێت، لەبەر ئەمە ناچار بوون مامەڵەکە بە پارە ئەنجام بدەن (Ünal, 2013: 160-163).

[٥٦] ئەو تیمارانەی کە لە ١٠٠٠ ئاقچە یاخود تا ٢٠٠٠ ئاقچە بووە، خاوەن تیمارەکە ناچار بووە بە چەکەوە بەشداریی جەنگ بکات. یەکەم داهات کە لە ٣٠٠٠ ئاقچە پێک هاتووە، بۆ پێداویستیی خۆیان تەرخان کراوە (Saydam, 2014: 338). جگە لەمە لە دەرەوەی ئەم ٣٠٠٠ ئاقچەیە؛ هەر ٣٠٠٠ ئاقچەیەک زیاد بێت، ئەوا دەبووایە جەبەلو (سەربازێکی بە سوارە) بەخێو بکات. بۆ نموونە؛ ئەگەر تیمارێک داهاتەکەی ٩٠٠٠ ئاقچە بێت، ئەوا خاوەنی تیمارەکە یەکەم ٣٠٠٠ ئاقچەکە بۆ خۆی دەبات، ئەوەی دەشمێنێتەوە کە ٦٠٠٠ ئاقچەیە؛ پێویست بووە دوو جەبەلو لەگەڵ خۆی بباتە جەنگ. ئەوەی خاوەنی ٥٠٠٠ ئاقچە بووبێت، دەبووایە غولامێک لەگەڵ یەک جەبەلو و جادرێک بباتە شەڕ. واتە خاوەنی تیمار بۆ هەر ٣٠٠٠ ئاقچەیەک؛ یەک جەبەلو، هەر چی خاوەنی زەعامەت بۆ هەر

بەڕێوە ببات. لەدوای کلچ، بەشەکە دەبووە ئیفراز و ئەوەی کاری لەسەر تیماڕێک یاخود زەعامەتیش دەکرد؛ بەم داهاتانە گەورە دەبوو، دەگۆڕا بۆ ئیفراز (Ünal, 2011: 399). لە تیمارەکان بڕی کلچ بەگوێرەی ئەیالەتەکان جیاوازیی هەبووە. لە ئەیالەتەکانی رومەلی، بودین، بۆسنە، ئەنادۆڵ و تەمەشوار؛ تیماری کلچ ٣٠٠٠ بوو، لە میری میرانی قارەمان، مەراش، روم، دیاربەکر، ئەرزروم، شام حەلەب، بەغداد، شارەزوور و قبرس؛ ٢٠٠٠ ئاقچە بووە (Ünal,2013:192). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا قەزای هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بوو، تیماری کلچ بڕەکەی ٢٠٠٠ ئاقچە بووە.

لە هەولێریش سیستمی تیماری سیپاهی پەیڕەو کراوە، بۆ نموونە؛ میری ئاڵای کەرکووک؛ محەمەد سەعید بەگ بەرامبەر ئەو شتانەی پێشکەشی سەڵتەنەتی کردووە. لە مێژووی ١٨٢٠، حوزەیران، لە سانجەق و ناحیەی هەولێر مەزرەعە بە ناوی پەرتەوی و ئەوانی تر؛ ١٠٨٦١ ئاقچە تیماری هەبووە، هەروەها لە ساڵی ١٧٠٤ لەژێر ناوی کەسێک بە ناوی ئەحمەد تۆمار کراوە، ئا لەو کاتەوە بەبێ خاوەن بووە و ڕاگەیەنراوە کە زەوییەکە بەتاڵە. لەبەر ئەوە داوا کراوە بدرێتە محەمەد کوڕی عەلی کە لە مولازمی بلۆکە و ئۆچاق زادەیە و لە ئەسپ سواریدا لێهاتووە و دەتوانێت کەلوپەلی جەنگ بەکار بهێنێت و کەسێکی لێهاتوو و بەتوانایە، لە هەموو لایەک شایەنی ئەو ئەرکەیە، بۆیە داوا کراوە پێی بدرێت (BOA, C. T., 4278).

لە کەسێک زیاتر دەیتوانی تیمار وەربگرێت، ئەم جۆرە تیمارەش پێی دەوترا بەنۆبەت، خاوەنەکانی ئەم جۆرە تیمارە بەنۆبەت دەچوونە جەنگ، هەندێک جاریش بەهاوبەشی تیمارەکان بەڕێوە دەبرا، تیماری هاوبەش دەتوانرا لە کەسێک زیاتر بەڕێوەی ببات، لەم جۆرە تیمارە هاوبەشانە دەبووایە هەموویان بەشداریی جەنگ بکەن (Ünal,2011:687). ئەم جۆرە تیمارەش لە هەولێر بەرچاو کەوتووە، لە سانجەق و ناحیەی هەولێر لە مەزرەعە بە ناوی یەدی کزلەر تیماری ٣٠٠٠ ئاقچە، لە مەزرەعەی دوزتەپە[٥٧] تیماری ٣٠٠٠ ئاقچە و مەزرەعەی مارشەقە تیماری ٣٠٠٠ ئاقچە؛ لە کاتێکی

٥٠٠٠ ئاقچەیەک؛ ناچار بوو جەبەلویەک لەگەڵ خۆی ببات شەڕ. سیپاهی بە تیمار لە کاتی شەڕدا ناچار بووە هەموو پێداویستییەکانی خۆی لە خواردن و خواردنەوە و پێداویستییەکانی تر هەوە دابین بکات و لەگەڵ خۆی ببات (Halaçoğlu, 2002, IX: 809).

[٥٧] دوزتەپە: ئەم گوندە سەر بە ناحیەی شەمامک بووە، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای و ١٥٣٠٠ کیلۆمەتر لە هەولێر دوورە.

نادیارەوە کە نازانرێت چ ساڵێکە خاڵی و بێ خاوەنە، بۆیە بڕیارێتە کەسانێك بە ناوی وەیس و ئیبراهیم کە کەسانێکی لێهاتوو و بەتوانان، بەڵام بە مەرجێك لەژێر ئاڵای بەگی هەولێر بچنە جەنگ. لە مێژووی ١٣ی تشرینی دووەم، ١٧١٣ (٢٤ی شەوال، ١١٢٥)، پێیان دراوە و بۆ ئەمەش نامەی وەرگرتن نووسراوەتەوە، لە نائیبی هەولێریش داوا کراوە نووسراویان پێ بدرێت تا پاکانەی ئەستۆ وەربگرن (BOA, C.T., 6880).

جگە لەمە لە مێژووی ١٤ی شوبات، ١٧٥٤ (٢٠ی ڕەبیعی کۆتایی، ١١٦٧)، لەو نووسراوەی کە سلێمان بەگ؛ والیی بەغداد و بەسرە بۆ سەڵتەنەتی ناردووە، سانجەقی هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی شارەزوورە لە ناحیەی پیرداود ٨٠٠٠ ئاقچەیە و تیماری دوزتەپە ٦٠٠٠ ئاقچەیە، ماوەیەکی دوورودرێژە بێ خاوەنە، بۆیە بدرێتە سلێمان کوڕی خالید، هەروەها خۆیشی داوای کردووە پاکانەی پێ بدرێت (BOA, C. T., 6929).

جگە لە سپاهییەکان؛ ناوە ناوە تیمار دەدرایە کەسانێکیش کە لە خزمەتی تردا دەست و پەنجەیان دیار بووە، لەوانە: بانگخواز، وتارخوێن، مودەریس، ئەوانەی لە لایەنی دینی و زانست خزمەتیان دەکرد، وەکوو مووچەکە لەبەرامبەر ئەرکەکانیان ئەو زەویوزارانەیان پێ دەدرا تا بتوانن بژێویی ژیانی خۆیانیان پێ دابین بکەن، ئەمەش بەگوێرەی پلەی ئەرکەکانیان پێیان دەدرا. لەم جۆرە تیمارانە دوای مردنی ئەو کەسەی کە تیمارەکەی بەرێوە دەبرد، ئەگەر کوڕی هەبووایە و هەمان کاری باوکی ئەنجام بدابووایە، ئەوا تیمارەکە دەگوازرایەوە بۆ کوڕەکەی (Ünal, 2011: 688). لە سانجەقی هەولێر لە گوندی پیر یوسف بەگ؛ تیماری ٥٤٨٨ ئاقچەیی بوونی هەبووە، لە مێژووی ١٧٦٤ لە ناوەڕاستی مانگی نیسان (سەرەتای شەوال، ١١٧٦) لەلایەن ئەبو بەکر ئەفەندی کە کاری مودەریسی- کردووە؛ بەرێوە دەبردرا. ئەم کەسایەتییە بە ئەرکی مودەریسییەوە خەریك بووە، بەڵام ئەبو بەکر ئەفەندی لە ساڵی ١٧٦٤ کۆچی دوایی دەکات، بۆیە داوا کراوە تیمارەکە وەکوو خۆی بدرێتە کوڕەکەی مەلا عوسمان کە بە هەمان شێوە بە ئەرکی مودەریسییەوە خەریك بووە (BOA, AE.III.Mustafa., 106/8079).

لە دەوڵەتی عوسمانیدا ماوەیەکی دوورودرێژ سیستمی ئیلتیزام پەیڕەو کرا، دواتر لەگەڵ فەرمانی تەنزیمات بەیەکەوە هەڵگیرا، بەڵام دوای ماوەیەکی تر دووبارە پەیڕەو کرایەوە. ئەو سیستمە لە هەولێریش پەیڕەو کرابوو. پشتبەستن بەو بەڵگانە لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی کەرکووك، گوندەکانی گردمەلا و قوشتەپە کە لەلایەن میری چەسپێنراوە؛ بێ خاوەن ماوەتەوە، بڕیار دراوە بە زیادکردن بە شێوەی ئیلتیزام بدرێتە

کەسێك، لەم بابەتەدا لە بەڕێوەبەرایەتیی دەفتەری خاقانی بەغداد نووسراو هاتووە حەواڵەی نەزارەتی ئەنجوومەن کراوە.

لە بارەی زەویوزاری تیماری هەولێر، پێشووتر شووڕای دەوڵەت و ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان بە ڕەزامەندیی سەڵتەنەت ئەو بڕیارەی کە داویانە لە مێژووی ١٧ی تەممووز، ١٨٩٢ (٢١ی زیلحیجە، ١٣٠٩)؛ زەویوزاری وڵات زۆربەیان لەلایەن میریيەوە دەستی بەسەر داگیرا، ئەو زەویوزارانەش هەموو ساڵ بە ڕێگەی کرێ و بە شێوەی کشتوکاڵ لەلایەن داواکارەکانیان کشتوکاڵی لەسەر کراوە. لەبەر ئەو هۆکارە، بە فەرمانی پاشا قەدەغە کرا بە ڕێگەی شوێنگرەوە یاخود بە ڕێگەی زیادکردن بە ئیلتیزام پێیان بدرێت، بەڵام وڵاتی عێراق بە ناوی (خطی عیراقیە) (Hatta-I Irakiye) ناو هێنرا، لەناو سنووری هەرێمەکەدا؛ شارەزوور و هتد...، لە دەرەوەی ئەو سنوورە هێڵرایەوە، دانیشتووانەکەی پەرشوبڵاو بوونەوە، هەندێك لەو گوندانەی خاڵی بوون و بۆ مێری بەجێ هێڵدرا و ڕێگە درا ئەو گوندانە بە شێوەی ئیلتیزام بدرێتە خەڵك. یەکێك لە ئەو گوندانە گوندی قوشتەپە بوو لە هەولێر، ئەم گوندە لە کۆنەوە شوێنی نیشتەجێبوونی باوباپیران بووە، زەویوزارەکەشی بۆ کشتوکاڵ و کێڵگە بەکار هاتووە و خەڵکەکەی بە کشتوکاڵ و کاری کێڵگەوە سەرقاڵ بوونە، لە لایەکی تریش فەرمانبەری دەوڵەت بوونە. خەڵکی قوشتەپە هەموو ساڵێك بە شێوەیەکی ڕێکوپێك باج و دەیەکیان داوە، هەروەها زەویوزاری مردووەکانیش لەلایەن میراتگرەکانەوە بەڕێوە دەبرا. دیسان لە هەولێر لە گوندی گردمەلا لەلایەن خەڵکی گوندەوە باج و دەیەك دراوەتە دەوڵەت. ئەمڕۆ زەوییەکانی بە دەیەك بەستراونەتەوە، بۆیە دوای حەواڵەکردنیشی- ئەو بەروبوومەی کە دەستە دەکەوت؛ دە یەك لە بەروبوومەکە وەردەگیرا، هەروەها زەویوزاری ئەو گوندانە بە فەرمانی پاشا بە ئیلتیزام وەرگیراوە و لەو زەوییانە بووە کە قەدەغەنەکراو بووە، بە شێوەی شوێنگرەوە یاخود زیادکردن دراوەتە دانیشتووانەکەی، واتە بە گونجاو دانراوە کە بە وەرگرتنی داهاتی ساڵانە بدرێتە دانیشتووانەکەی، بۆ ئەمەش لە ساڵی ٨ی مایس، ١٨٩٤ (٣ی زیلقەعدە، ١٣١١)؛ ئەم بابەتە ڕاگەیەنراوە (BOA, ŞD., 2634/22).

6.1.2. زەویوزاری وەقف

لە دەوڵەتی عوسمانیدا جۆرێکی تر لە زەویوزاری دەوڵەت؛ زەویوزاری وەقف هەبووە، ئەم جۆرە زەویوزارەش بە "زەویوزاری دەستبەسەرکراو"یش ناو هێنراوە. باجی ئەو جۆرە زەویوزارە بۆ دەزگاکانی ئایینی، زانستی و کۆمەڵایەتی تەرخان کرابوو. ئەو زەوییانە لەلایەن جووتیارانەوە بەڕێوە دەبرا کە پێیان دەوترا بەندەی وەقف. ئەم

زەوییانە لەلایەن نەزارەتی وەقفەوە سەرپەرشتی دەکرا. خاوەن مولّکەکان کە حەزیان لە خێروخێرات بوو، مولّکی خۆیان لە زەویوزار کە بەردەستە؛ دەکرا، دەکرایە وەقف تا داهات و خەرجیی دەزگا کۆمەلّایەتییەکانی پێ دابین بکات، وەکوو: مەسجید، جامیع، مەدرەسە و زاویە. بەم شێوەیە مولّك دەکرایە وەقف. بەڕێوەبردنی ئەو زەویە و سوودوەرگرتن لە داهاتەکەشی، دەدرایە وەقف (Ünal, 2013: 148).

لە ئەیالەتی بەغداد، گوندی پیرداود لەناو هەولێر، بۆ زاویەی شێخ پیرداود کێڵگەیەك کراوەتە وەقف کە داهاتی ساڵانەی ٢٠٠٠٠ قوروشە، چواریەکی داهاتەکەی؛ بەرزنجی زادە ئەلشێخ ئەلسەید ئەلحاجی مەحموود ئەفەندییە، بەڵام هیچ داهاتێکی وەرنەگرتووە، بەڵکوو کێڵگەکە لەلایەن خەزێنەی وەقفی هومایۆنی دەستی بەسەردا گیراوە. مەحموود ئەفەندی لەم گوندە زاویەدار و توربەداری کردووە، لەو داواکارییەی کە پێشکەشی کردووە؛ تکای کردووە موچەیەکی گونجاوی بۆ ببڕێتەوە، چونکە هیچ داهاتێکی نییە. پێشووتر ئەو داواکارییەی کە لەلایەن ئەلشێخ ئەلسەید ئەلحاجی مەحموود ئەفەندی دراوە و پشتبەستن بەو نووسراوەی کە لە خۆجێیی هاتووە، بۆ لێکۆڵینەوە لە داهاتی ساڵانەی ئەو کێڵگەیە و ڕوونکردنەوەی بابەتەکە لەلایەن میری میران؛ ئیسماعیل پاشا نووسراو بۆ خۆجێیی ڕۆیشتووە، بەڵام هێشتا وەڵامەکەی نەهاتووە، دواتریش بڕیاری ئەنجوومەنی والّا و دەرچوونی فەرمانی پاشا و ناردنی نووسراو بۆ ئیسماعیل پاشا لە بارەی ئەو کێڵگەوە لە پایەی سەدارەت فەرمان دراوە تا لە خەزێنەی ئەوقافی هومایۆن داهاتەکە وەربگیرێت، ئەمەش لە داواکاریی میری میرانی ئەیالەتی بەغداد؛ ئیسماعیل پاشا لە مێژووی ٢٨ی تشرینی یەکەم، ١٨٥٢ (١٤ی موحەررەم، ١٢٦٩)، دەرکەوتووە (BOA,MVL., 124/80).

6.2. کشتوکاڵکردن و بەرهەمهێنان لە هەولێر

بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئاودانی بەروبووم زەویوزارەکان؛ سەرچاوەی ئاو و ئاوی باران بەکار هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەولێر سەرچاوەی ئاوی نییە؛ بە شێوەی ئاودان کشتوکاڵ کراوە، کشتوکاڵکردن بەستراباووەوە بە ئاوی باران. ئەو ساڵانەی کە باران نەباریوە، ئەوا قاتوقڕی دروست دەبوو. بەشێکی زەویەکان بە ئاوی کاریز و بیرەکان ئاو دەدرا، لەبەر ئەم هۆیەوە بە شێوەیەکی گشتی لە هەولێر کشتوکاڵی وشك کراوە. ئاوی خواردنەوە لە ئاوی بیرەکان دابین کراوە. خەڵك بۆ پێداویستیی ڕۆژانە و ئاودانی سەوزە و میوە لە بیرەکان و لە ئاوی کاریز کە سەرچاوەکەی لەژێر زەوی دەردەچوو، دابینی دەکرد (Hüseyin, 2013: 266). بەگوێرەی ئەوەی لە سەرچاوەکان

باسی دەکەن، لە هەولێر ئاوی خواردنەوە شیرین بووە، هەروەها لەگەڵ ئاوی دیجلە هیچ جیاوازییەکی نییە (Yakut el-Hamevi, 1995, I: 138).

تەنانەت ئاشەکانیش لەگەڵ ئاوی کارێزەکان کاری دەکرد، بۆ نموونە؛ لە ساڵانی ١٨٥٧-١٨٥٨ لە هەولێر لە گوندەکانی گرد عازەبان و دوغان کارێز هەبووە، ئاشەکانی ئەم گوندانە بە ئاوی ئەو کارێزانە کاری کردووە (BOA,MVL,751/10). جگە لەمە لە ساڵانی ١٨٦٣-١٨٦٤ لە گوندی عەنکاوە دوو ئاش کاری کردووە و هەردوو ئاشەکەش بە ئاوی ئەو کارێزە کاری کردووە کە لە گوندەکە بوونی هەبووە (BOA,A.MKT.MHM.,186/64).

لە دەوروبەری هەولێر ئەو ڕووبەرەی هەبووە؛ بۆ چاندنی دانەوێڵە تەرخان کرابوو، بەتایبەتی گەنم و جۆ و نیسك و برنج و گەنمەشامی دەچێنرا (el-Hasani, 1982: 235). زەویوزاری ئەو ناوچەیە زۆر بەپیت بووە، لەبەر ئەوەی ئەو بەروبوومەی دەست دەکەوت؛ لە پێداویستیی دانیشتووانی هەولێر زیاتر بوو، بۆیە دەنێردرایە دەرەوە. پێداویستیی دانەوێڵەی موسڵ و بەغدادیش بە شێوەیەکی فراوان لەم هەرێمەدا دابین دەکرا (el-Hasani, 1925: 146). بۆ نموونە؛ گوندی چاڵەگەردەلە کە سەر بە هەولێر بوو، لە ناوەڕاستی دووەمی سەدەی ١٩، گەنم و جۆی تێدا دەچێنرا. ساڵی ١٨٩٢ لە گوندی چاڵەگەردە لە ٢٠٠٠ ئۆقە (قیە)؛ دەیەکی گەنم و ١٠٠٠ ئۆقە؛ دەیەکی جۆ وەرگیراوە (BOA, ŞD., 2162/49).

هەر چی بەروبوومی میوەیە لە هەولێر کەم بووە و پێداویستیی میوەی لە دەرەوە دابین دەکرد، لەوانە گەریدە مونشی بەغدادی لە ساڵی ١٨٢٢ لە ئەنجامی ئەو گەشتەی لە عێراق ئەنجامی دا؛ ڕووی کردۆتە هەولێر، لێرە باسی کردووە کە باخچەی میوە نییە و میوە لە چیاکانی عەمادیە بۆ هەولێر هاتووە (المنشئ البغدادی، ١٩٤٥: ٧٦-٧٧)، بە هەمان شێوە مێژوونووسێکی تر یاقوتی حەمەوی لە کاتی گەشتەکەی بۆ هەولێر باسي کردووە کە هەولێر پێداویستیی میوەی لە دەشتایی و چیاکاندا دابین کردووە (یاقوت الحموی، ١٩٩٥، ١: ١٣٨).

6.3. ئاژەڵداری

6.3.1. مەڕومااڵت بەخێوکردن و باجی مەڕومااڵت

جگە لەوانەی کە باسمان کرد، لە دەوروبەری هەولێر بەخێوکردنی ئاژەڵ بە شێوەیەکی فراوان لەوە زیاتر مەڕ بەخێوکردن ئەنجام دراوە، لەم ڕووەوە ئاژەڵداری ببووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بژێویی ژیانی خەڵك. ئەو گوندانەی کە بە بەخێوکردنی

مەڕ خەریك بوون، بەشێکیان بەسترابوونەوە بە باجی مەڕومالّات و باجەکە دەدرایە هەولێر، هەر چی بەشەکەی تریشە لەبەر ئەوەی وەقف بوو؛ باجەکەی دەدرایە وەقفی تەکیەی فاتیمە خان. لە سالّی ١٨٩١-١٨٩٢، باجی ١٠٠٠ سەر مەڕ دەدرایە تەکیەی فاتیمە خان، چونکە ئەو ١٠٠٠ سەر مەڕە بۆ تەکیەی ناوهاتوو وەقف کرابوو (BOA, ŞD.,120/1).

لە دەولّەتی عوسمانی پارەی باج ڕاستەوخۆ بە پارەی کاش دەدرا، بۆیە ئەوەی پەیوەست بوو بە باجەکە؛ بەسترابووەوە بە جۆری بەروبووم و بارودۆخەوە، بەگوێرەی جۆری بەروبووم و بارودۆخەکە دەگۆڕا. باجی مەڕ، بە باجی ژمارەی مەڕ ناو نرابوو. هەروەها ٢ سەر مەڕ، ١ ئاقچەی لێ وەردەگیرا. جگە لەمە مەڕ بە بەرخەکەیەوە بەیەکەوە قەبوڵ دەکرا و بۆ هەردووکیان ١ ئاقچە وەردەگیرا، واتە باجی مەڕ بەجیا و بەرخەکە بەجیا وەرنەدەگیرا (Söylemez, 2007: 107). بۆ نموونە؛ لە سالّانی ١٨٥٩-١٨٦٠ هۆزە کۆچەرییەکانی ئەلعەبد، ئەبو مەفرەج و ئەلعەزیز کە لە دەوروبەری کۆی سانجەق، کەرکووك و هەولێر دەژیان؛ باجی ژمارەی سەر مەڕیان یەك یوك و ٧٩٠٠٠ قوروش بووە و داویانە (BOA, A.MKT.NZD., 379/39).

هەندێك جاریش لە شوێن ئەو باجە، یەك سەر مەڕ یاخود بەرخ دەدرا. لە ئەیالەتی شارەزوور لەنێوان قەزاکانی هەولێر و کۆی سانجەق لەگەڵ ناحیەی کۆپری؛ گوندی چالّەگەردەلە هەبووە، ئەوانەی لەم گوندە ژیاون، لە مێژووی ٢ی تەممووز، ١٨٩٢ (٦ زیلحیجە ١٣٠٩)، باجی سەر مەڕ لە ٤٦٧ سەر مەڕ پێك هاتبوو (BOA, ŞD., 2162/49). ئەم گوندە لە ڕووی کارگێڕییەوە لەم نێوەندە مابووەوە و سەر بە هیچ قەزا و ناحیەیەك نەبووە، بۆیە گوندی چالّەگەردەلە باجی داهاتەکەی پەرشوبلّاو بووە. گوندی چالّەگەردەلە کە لەنێوان قەزاکانی کۆی سانجەق و هەولێر و ناحیەی کۆپری بووە، باجی سالّانەی ٥٩٦ قوروش بووە، دراوەتە هەولێر، ٤٦٠ سەر مەڕیش وەکوو باجی ژمارەی سەر مەڕ دراوەتە قەزای کۆی سانجەق، ٢٠٠٠ ئۆقە گەنم و ١٠٠٠ ئۆقە جۆش دەیەکەکەی دراوەتە ناحیەی کۆپری. بە هۆی ئەم پەرشوبلّاوییەوە هەریەکە بەجیا لە دەفتەری جیاجیا دەنووسرایەوە، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی ناڕێکی و پەرشوبلّاوی دروست بکات، لەبەر ئەم هۆکارە بڕیار درابوو هەر لە سالّی ٢ی تەممووز، ١٨٩٢ (٦ی زیلحیجە، ١٣٠٩) ببەسترێتەوە بە هەولێر، چونکە لە قەزای هەولێر نزیکترە، بەم شێوەیەش باجی ئەم گوندە بەتەواوەتی بدرێتە قەزای هەولێر (BOA, ŞD.,2162 /49).

6.3.2. بەخێوکردنی ئەسپ

بەخێوکردنی ئەسپ و گرنگیدان بە ئەسپ لە دەوڵەتی عوسمانی؛ جێگەی بایەخ بووە، لەبەر ئەوەی ئەسپ ئاژەڵێك بووە لە شەڕ و جەنگدا بەکار هاتووە، بەتایبەتی لە خزمەتی چینی سوارەکان بەکار دەهات، لە هەمان کاتدا ئەسپ بەکار دەهات بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و ناردنی هەواڵ لەنێوان هەرێم و وڵاتاندا، هەر بۆیە بۆ ئامانجی گرنگ بەکار دەهات، لەبەر ئەم هۆکارە لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەخێوکردنی ئەسپ و بازرگانیکردن بە ئەسپ لە ئاستێکی گرنگ دابووە و بایەخی پێ دراوە. جگە لەمە ئەسپ لە دیاریبە بەنرخەکان بوو، وەکوو دیاری پێشکەش دەکرا، لەنێوان پیاوانی عوسمانی لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا وەکوو دیاری پێشکەش دەکرا و بە ئاژەڵێکی بایەخدار سەیر دەکرا (Ünal, 2012: 107). لە هەولێریش وەکوو هەرێمە جیاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانی؛ ئەسپ بەخێو دەکرا و بازرگانیی پێوە دەکرا، هەروەك لە سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، هەولێر ڕێگای کاروانچییەکان بووە، مەنزیل لەسەر ڕێگاکانی بوونی هەبووە، بارگیرەکانیش لە مەنزیلەکان بەکار دەهات و بەردەوام لەم شوێنانە بەخێو دەکرا، هەروەها بە پێویستیش زانراوە کە بایەخی پێ بدرێت و چاودێری بکرێت. هەر شوێنێکیش ئەسپی تێدا بەخێو کراوە، لە ڕووی ئابوورییەوە پێشوەچوونی بەخۆیەوە بینیوە. لە مێژووی ۱۷ی تەممووز، ۱۸۹۰ (۲۹ی زیلحیجە، ۱۳۰۷)، کەسێك بە ناوی حاجی حەسەن ئاغا بۆ کڕینی ئەسپێك چۆتە بەغداد و موسڵ، بەڵام ئەو ئەسپەی کە ئەو ویستوویەتی؛ نەیدۆزیوەتەوە، لەوێوە چۆتە هەولێر و لەوێ ئەسپی کڕیوە، ئەم باسەشی بۆ والیی موسڵ باس کردووە (BOA,Y.PRK.UM.,17/83).

6.4. بازرگانی و گەیاندن لە هەولێر

لە دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان شارەکان و هەرێمەکاندا بازرگانی تەنیا بۆ خۆشگوزەرانی نەبووە، بۆ دابینکردنی پێداویستیی ڕۆژانە لە خواردن و خواردنەوە و پێداویستیی ماددەی خامی شارە گەورەکاندا بازرگانی کراوە، بەڵام ئەو قەزایانەی کە لەسەر ڕێگای بازرگانیی ناوخۆ بووە؛ کەلوپەلەکانی تەنیا بەشی دەوڵەمەندەکانی دەکرد. گواستنەوەی دانەوێڵە و جۆرەها بابەتی خواردن وەکوو سەوزە و میوە بۆ شوێنە دوورەکان؛ زەحمەت و تێچووەکەی گران بوو، بۆیە کاتێك بەروبووم زیادی دەکرد؛ گواستنەوەیان بۆ بازاڕە دوورەکان و فرۆشتنیان بە نرخێکی گرانتر مەحاڵ بوو، بۆیە لەو قەزایانەی کە قازیی لێ بوو؛ بەگوێرەی وەرزەکان نرخی لەسەر ئەو کەلوپەلانە دادەنا کە لە بازاڕەکە دەفرۆشرا، جۆرەها بەروبووم و کەلوپەل بە نرخی دیاریکراوی خۆی دەکڕا و دەفرۆشرا،

لەم بارودۆخەدا ئەو ماددە خامانەی کە لە شوێنی دوور دەهاتن؛ نرخەکەیان گران دەبوو (Ünal, 2012: 171).

هەولێر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لەبەر ستراتیژیەتی شوێنەکەی؛ چالاکیی بازرگانیی تێدا کراوە و لە خاڵێکدا بوو کە هەمیشە بەردەوام بووە، بەتایبەتی لە مەرکەزێکدا بوو کەوتبووە نێوان تورکیا، عیراق و ئێران، کە ببووە مەرکەزی بازرگانیی ئەم سێ وڵاتە، ڕێگای بازرگانیی ئەم سێ وڵاتە بە هەولێر تێپەڕیوە (Es-Sakkar, 1995, II, 272). ئەم بەستنەوەیە چ لە کاتی تێپەڕبوونی کاروانی بازرگانی و چ تێپەڕبوونی لەشکر بووە، ڕێگایەك بووە بەکار هاتووە، وەکوو ڕێگای هەولێر-ئاڵتون کۆپری-کەرکووك-بەغداد و هەولێر-موسڵ و هەولێر-کۆی سانجەق-شارەزوور (Streck, tarihsiz, II: 521).

ئەوەی دەزانرێت لە کۆندا کەلوپەلی بازرگانی لە ڕێگەی کاروانەکانەوە دەگوازرایەوە، یەکێك لە گرنگترین ڕێگای کاروانەکانیش؛ ڕێگای هەولێر بۆ موسڵ بوو. تەنانەت هەولێر دەروازەی ئەیالەتی شارەزوور بوو، ئەو کاروانانەی کە لە وڵاتی عەجەم بۆ موسڵ دەهاتن، ئەوا ڕێگای هەولێر-موسڵیان بەکار دەهێنا، هەر بۆیەش ئەو کاروانانە کە بە هەولێر تێدەپەڕین، لەلایەن فەرمانبەرانی قەڵا؛ باجی تێپەڕبوون[٥٨] وەردەگیرا (Evliya Celebi, 2010, II/IV: 682). ئەم شارە تەنیا لە ڕووی بازرگانییەوە، لە ڕووی سەربازییشەوە شوێنێکی گرنگ بووە. لە ١١ی تشرینی دووەم، ١٨٩٥ (٢٣ی جەمادی یەکەم، ١٣١٣)، لە قەزای هەولێر پێداویستیی سەربازی بۆ سەربازی شاهانەی شارۆچکەی کەرکووك نێردراوە، خەرجیی گواستنەوەی ئەو پێداویستییەش؛ ١٨٧٥٠ قوروش بووە (BOA, ŞD., 363/64).

6.5. بازاڕ

لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە شوێنی دیاریکراودا مامەڵەی کڕین و فرۆشتن ئەنجام دەدرا، یەکێك لەوانە بازاڕ بوو. خانە، دوکان، بازاڕی داخراو، بازاڕ، بازاڕی کراوە، جگە لەم شوێنانە؛ فرۆشتنی کەلوپەل یاخود کڕین و فرۆشتن و هەڵگرتنی بار و دانانی؛

---

[٥٨] ئەم جۆرە باجە لە ئەنادۆڵی عوسمانییشدا وەرگیراوە، بۆ نموونە؛ لەم کاروانانەی کە لەنێوان کاهتا، مەڵاتیا هاتوچۆیان کردووە، لەسەر باری هەر حوشتر، ئەسپ و ئێستێك؛ ٢ ئاقچە وەردەگیرا، لە کەشتییش ١ ئاقچە، لە کۆچەرەوەکان باجی ڕێگا وەرگیراوە. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری (Söylemez, 2007, XVI. yüzyılda Pa ğnik Nahiyesi, Türk Dünyası Araştırmaları dergisi, 171 s., 201-240 ss) بکە.

قەدەغەکراو بوو (Ünal, 2012: 172). یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی بازرگانیی ناوخۆی شاری هەولێر؛ بازاڕە، یەکێك لەو بازاڕانەش کە لەسەر شێوازی عوسمانی دروست کراوە؛ دوکانەکانی لە ڕیزی یەکتر، یەك لەدوای یەك ڕیز بوونە و بنمیچی هەیە، کە بە بازاڕی داخراوە ناو دەبرێت.

لە زمانی فارسی ئەو شوێنانەی کە سەری داخراو بووە و کڕین و فرۆشتنی تێدا کراوە؛ پێی دەوترا بازاڕ، دواتریش لە زمانی ڕۆژئاوا وشەی چارشی بەکار هات. لە زمانی عەرەبی لەجیاتیی وشەی چارشی؛ زاراوەی چوار لا (الجوانب الاربعه) یاخود حەواڵە بەکار هاتووە، هەردوو وشەش بە مانای چارشی دەهات (Pakalın, 1993, I: 330). لە هەولێریش لەم سەردەمە ئەم جۆرە بازاڕە هەبووە، بەم بازاڕەش وتراوە بازاڕی قەیسەری.

لە سەردەمی موزەفەرەددین کوکبورو، بۆ بۆنەی مەولوودی پێغەمبەر کە بۆنە ساز دەکرا؛ ئەو بازاڕەی هەبوو، زۆر قەڵەبالغ و بەجۆشوخرۆش دەبوو، بەڵام لەبەر ئەو هۆکارە؛ بازاڕەکە بچووکییەکەی دەرکەوت و خەڵك زیاتر پێویستیان بە کەلوپەلی ڕۆژانە هەبوو، هەستیان کرد کە پێویستە بازاڕێکی گەورەتر دروست بکەن، لەبەر ئەمە بازاڕی قەیسەری بونیاد نرا (Musul Vilayet Salnamesi, 1330: 281. Hüseyin, 2013: 268). لە سەدەی ١٩، لەم بازاڕە ٦٣٧ دوکان هەبوو، زۆربەی خاوەن دوکانەکانیش بازرگان و پیشەگەر بوون (Musul VilayetSalnamesi, 1308: 143. Musul Vilayet Salnamesi, 1312: 319). یاقوت حەمەوی لە گەشتەکەیدا لە بارەی قەڵای هەولێر؛ زۆر زانیاریی تێروتەسەلی نەداوە، بەڵام ناوی بازاڕەکەی هێناوە (Yakut el-Hamevi, 1995, I: 138). لە باسی ئەو بازاڕەدا کە ناوی هاتووە، ئەگەر زۆرە مەبەستی بازاڕی قەیسەری بووبێت. یاقوت حەمەوی لە ساڵی ١٢٢٨ مردووە، بەڵام لە ساڵی ١٢٢٠ باسی دەکات و ئاماژەی پێ دەکات کە لەم ساڵەدا دروست کراوە. ئەم بازاڕە گەورە لەم ڕۆژگارەماندا بە هەمان شێوەی جاران چالاکیی گەورەی کڕین و فرۆشتنی تێدا دەکرێت و بازاڕێکی بەجۆشوخرۆشە، وەکوو دوکانی زێڕنگر، بەرگدوور، سەرپۆش فرۆش، قوماش فرۆش و بەهارات فرۆش و زۆر پیشەی جیاجیای تێدا بەرچاو دەکەوێت.

6.6. دامەزراوەی مەنزیل

لە دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزراوەی مەنزیل بە یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی گواستنەوە دادەنرا. لە سەردەمی عوسمانیدا زاراوەی مەنزیل بۆ لایەنی

کارگێڕی، دارایی، سەربازی بەکار هاتووە، لە زمانی عەرەبی "نزول" دەکات و لەم وشەیە وەرگیراوە، بۆ شوێنی هاتنەخوارەوە بەکار هاتووە، واتە ئەو شوێنەی یاخود ئەو خاڵەی کە کەسێك لێی دێتە خوارەوە و دەوەستێ، لە کاتی گەشتکردندا پۆستەچی و کاروانچی و تاتارەکان تێیدا دادەبەزن و پشوو دەدەن. مەنزیل شوێنی حەوانەوەی پۆستەچی و تاتارەکان و بارگیرەکانیان بووە، جگە لەمەش لەم شوێنە بارگیرەکانیان گۆڕیوەتەوە، چونکە لە ڕێگای دوور دەهاتن، بارگیرەکان ماندوو دەبوون، لەگەڵ بارگیری مەنزیلەکە دەگۆڕدرایەوە و یەکێکی تریان دەبرد. بە مانای قۆناغی تاتار و پۆستەش دێت. بۆ کارە گرنگەکانی دەوڵەت، لەوانە گواستنەوەی هەواڵ لەلایەن ئەوانەی ئەرکیان پێ سپێردرابوو؛ دەبووایە بە زووترین کات هەواڵەکە بگەیەنە شوێنی مەبەست، بەئامانجی گەیشتنی هەواڵەکانیش؛ ئەو شوێنانە لە شێوەی خاڵی میوانخانە دروست کرابوو. لە خاڵی ئەم میوانخانانەش بۆ کارئاسانیی تاتارەکان و زوو هێنان و بردنی هەواڵ، بارگیرێکی زۆر بۆ خزمەتی تاتارەکان تەرخان کرابوو. لە مەنزیلەکان بۆ هەر ئەسپێك؛ ١٤٧٥ قوروش (١٧،٧٠٠ ئاقچە) خەرج دەکرا، ئەم خەرجییەش لە کاتی گەشتدا بۆ دوو قات بەرز دەبووەوە (Halaçoğlu, 1995: 166). بەڵام لە هەولێر بۆ هەر ئەسپێك، ١٢٠ ئاقچە خەرج دەکرا (ABO, A.E.I. Abdülhamid., 340/23761). هەر چی ژمارەی ئەسپە، لەسەر کاروچالاکیی ئەو مەنزیلە وەستابوو، ئاخۆ مەنزیلەکە لەسەر ڕێگا بوو یاخود لەسەر ڕێگا نەبوو. لە هەر مەنزیلێك لەنێوان ٥-١٠، تەنانەت لە دەوروبەری ٣٠-٣٥ ژمارەی ئەسپ بەرز دەبووەوە (Halaçoğlu, 1995: 166). بۆ نموونە؛ لە سەدەی ١٨، نیوەی دووەم لە مەنزیلی هەولێر؛ ١٠ بارگیر بوونی هەبووە، ئەو بارگیرانەش نرخی ساڵانەیان ٧٢٥ قوروش دیاری کرابوو. ئەم بڕە پارەیەش هەموو ساڵێك لە شێوەی ئۆچاغ لە پارەوپوولی موقاتەعەی موسڵ دەدرایە مەنزیلچییەکان (BOA, A.E.III.Osman.,17/1133). بەڵام پشتبەستن بە بەڵگەنامەی تر، ئەوا لە مەنزیلی هەولێر زیاتر لە ١٠ بارگیر هەبووە، بەتایبەتی ئەوەی لە بەڵگەکان تێبگەیشتووین لە دەفتەری ئینعامات (دفتر انعامات)، لە یەك ئەسپ تا دەگاتە ٢٠ بارگیر دراوەتە تاتارەکان (BOA, C.NF., 42/2080).

بۆ ئەوەی کار و چالاکیی مەنزیلەکان بەردەوام بێت، "مەنزیلکەش" ئەو کەسە بوو کە کاری مەنزیلچییەتی دەکرد، کەسێك لەو شوێنەی کە مەنزیلەکەی لێ بوو یاخود لە دەوروبەری نزیك مەنزیلەکە کارەکەی دەگرتە ئەستۆ، خەرجیی مەنزیلەکانیش لەلایەن دەوڵەتەوە دابین دەکرا. ئەو تاتارەی کە دەهاتە مەنزیلەکە؛

لەبەرامبەر ئەو خزمەتەی کە لە مەنزیل بۆی دەکرا و جگە لەمەش بۆ کرێی بارگیر و پێداویستیی مەنزیلەکەش خەرجیی دەدرایە مەنزیلچی، جگە لەمە خەرجیی مەنزیل لە شێوەی ئۆچاغ بە دارایی موقاتەعەی شوێنەکە دەبەستراوە یاخود لە پارەی گومرگ بڕێکی بۆ تەرخان دەکرا (Halaçoğlu, 1995: 166). خەرج و کرێی مەنزیلەکانی هەولێر هەروەکوو لە دەفتەری ئینعام (دفتر الانعام) هاتووە، لە دارایی موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاغ دابین کراوە (BOA, A.E.III.Osman., 1133). بۆ نموونە؛ لە هەولێر لە مێژووی نیسان، ١٧٥٥ (رەجەب، ١١٦٨)، مەنزیلچییەکانی هەولێر بە ناوی ئۆراها کوڕی ئەسکەر، سورەیش کوڕی جومعە و سلیوە کوڕی ئەیاد چوونەتە ئەنجوومەنی شەرع، خەرجیی یەك ساڵ و کرێی ١٠ بارگیر لە ١١٦٨ تا ١١٦٩، لە دارایی موقاتەعەی موسڵ بە ئۆچاغ ٧٢٥ قوروشیان لە والیی موسڵ محەمەد ئەمین پاشا وەرگرتووە. بۆ ١٠ بارگیر، لە ١٤٧٥ ئاقچە ٧٥٠ قوروش دەرهاتووە و لیستی ٧٢٥ قوروش وەرگیراوە (BOA, A.E.III.Osman.,1133). هەروەها لە مێژووی ٢٦ی ئەیلوول، ١٧٦٩ (٢٥ی جەمادی یەکەم، ١١٨٣)، هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی موسڵ بووە، مەنزیلچی هەولێر حوسێن ئاغا لە ساڵی ١١٨٣ بۆ وەرگرتنی خەرجیی هاتن و چوونی تاتارەکان سەردانی لایەنی پەیوەندیداری کردووە، لەسەر ئەمە لە دانیشتووانی کەرکووك؛ عوسمان کە وەکیلی ئەو بووە، بە مەبەستی وەرگرتنی خەرجییەکە چۆتە ئەستەنبوڵ. خەرجیی ٥٩٨ بارگیر لە ٧١٧٦٠ ئاقچە؛ ٤٣٠٥ ئاقچە دەرهاتووە و ٦٧٤٥٥ ئاقچە ماوەتەوە، لە ئەویش ٧٤٥٥ هاتۆتە خوارەوە، لە ئەنجام لیستی ٦٠٠٠٠ ئاقچە دراوە (BOA, C.NF., 42/2080). مێژووی ٤ی تەممووز، ١٧٨١ (١٢ی رەجەب، ١١٩٥)، لە شاری موسڵ گوندێکی شاری هەولێر کە ناوی نەهاتووە، مەنزیلچی عەلی سەردانی ئەنجوومەنی شەرعیی کردووە، کرێی ساڵی ١١٩٣ لە دەوڵەت وەرگرتووە، لە ساڵی ١١٥٨ خەرجیی بارگیر ١٣٨٩٦٠ ئاقچە بووە، لەم ئاقچەیە ٨٣٣٧ ئاقچە دەرهاتووە و ١٣٠٦٢٣ ئاقچە ماوە، لەویش ١٥٦٢٣ هاتۆتە خوارەوە، لە ئەنجام لیستی ١١٥٠٠٠ ئاقچە کراوە (BOA, A.E.I. Abdülhamid., 340/23761). لە ویلایەتی موسڵ، عەبدوڵا مەنزیلچیی[٥٩] هەولێر، لە ساڵی ١١ی ئەیلوول، ١٧٧٥ (١٥ی رەجەب، ١١٨٩) کرێی یەك ساڵی وەرگرتووە، خەرجیی ٢٨٧ بارگیر؛ ٣٤٤٤٠ ئاقچە بووە، لەم ئاقچەیە

[٥٩] سەیری پاشکۆی (٤) بکە.

٢٠٦٦ ئاقچە دەرهاتووە، ٣٢٣٧٤ ئاقچە ماوەتەوە، دوای ئەوەی ٧٣٧٤ی لێی کەم کراوەتەوە، لیستی ٢٥٠٠٠ ئاقچە دراوە (BOA, C.NF., 11/537).

تابلۆی .6.1، خەرجیی مەنزیلی هەولێر

ساڵ	بارگیر	کۆی خەرجی	کەمکردنەوەی ئاقچە	ئاقچەی داواکراو
١١٦٨	١٠	١٤٧٥ قوروش	٧٥٠ قوروش	٧٢٥ قوروش[٦٠]
١١٨٤	٥٩٨	٦٧٤٥٥ ئاقچە	٧٤٥٠٠ ئاقچە	٦٠٠٠٠ ئاقچە[٦١]
١١٨٩	٢٨٧	٣٢٣٧٤ ئاقچە	٧٣٧٤ ئاقچە	٢٥٠٠٠ ئاقچە[٦٢]
١١٩٣	١١٥٨	١٣٠٦٢٣ ئاقچە	١٥٦٢٣ ئاقچە	١١٥٠٠٠ ئاقچە[٦٣]

لە مەنزیلی هەولێر وەکوو مەنزیلەکانی تر، جگە لە مەنزیلچی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری مەنزیل؛ ئەرکی تریش بوونی هەبووە، وەکوو ئۆلاکلك کە بۆ کاری مەنزیل ئەرکی هەبووە. لە هەولێر، نیسانی ١٧٥٥ (رەجەب، ١١٦٨)، ئەوانەی وەکوو مەنزیلچی لە مەنزیلی هەولێر ئەرکیان وەرگرتووە، ئەوانیش: ئۆرها کوڕی عەسکەر، سورەیش کوڕی جومعە و سلیوە کوڕی ئەیاد (BOA, A.E.III.Osman., 1133). لە مێژووی ٢٦ی ئەیلوول، ١٧٦٩ (٢٥ی جەمادی یەکەم، ١١٨٣)، هەولێر کە سەر بە ئەیالەتی موسڵ بوو، مەنزیلەکەی لەلایەن کەسێك بەڕێوە دەبرا بە ناوی حوسێن ئاغا (BOA, C.NF., 42/2080). لە مێژووی ١١ی ئەیلوول، ١٧٧٥ (١٥ی رەجەب، ١١٨٩)ش عەبدوڵا مەنزیلچی هەولێر بووە (BOA, C.NF.,11/537). هەر چی مێژووی ٤ی تەممووز، ١٧٨١ (١٢ی رەجەب، ١١٩٥)، لە گوندێکی هەولێر کە بێ ئەوەی ناوەکەی بنووسرێت، کەسێك بە ناوی عەلی وەکوو مەنزیلچی ئەرکی هەبووە (BOA, A.E.I. Abdulhamid.,340/23761). لە لایەکی تر دامەزراندنی مەنزیلچی، بە داواکردنی قازی یاخود نائیبی قەزایەکە یاخود ئەو شوێنەی کە مەنزیلەکەی لێ بووە؛ دەکرا، هەروەها دەوڵەتیش داواکەی پەسەند دەکرد، ئینجا دەیتوانی دەستبەکار بێت (Halaçoğlu,

---

[٦٠] BOA, A.E.III.Osman., 1133.
[٦١] BOA,C.NF., 42/2080.
[٦٢] BOA,C.NF., 11/537.
[٦٣] BOA,A.E.I.Abdulhamid., 340/23761.

177 :1995). مەنزیلچییەکانی مەنزیلی هەولێر لەلایەن قازیی موسڵ داوا دەکرا، ئەوانیش لە ساڵی وەرگرتنی ئەرکەکە تا ساڵی داهاتووی هەمان ڕۆژ لە ئەرکەکەیان بەردەوام دەبوون، بۆ نموونە؛ کەسێك بە ناوی عەلی لە ساڵی ١١٩٣ لە ڕۆژی هزر[٦٤] تا ساڵی ١١٩٤ ڕۆژی هزر لە مەنزیلی هەولێر کاری مەنزیلچیی کردووە (BOA, A.E.I. .(Abdülhamid., 340/23761

ئەوەی لە بەڵگەکاندا بەرچاومان دەکەوێت، یەکێك لەوانەی کە لە مەنزیلەکان ئەرکیان هەبووە و خزمەتیان کردووە؛ ئۆڵاکەکانن. ئەرکی ئەمانە، هەواڵ و فەرمان و نووسراوی دەوڵەتیان بۆ شوێنە جیاجیاکانی دەوڵەت بردووە. بەم مەرجە ئۆڵاکەکان خاوەنی کەسایەتییەکی بەرز و خوویەکی ئارام و بەناموس بوونە، جگە لەمەش دەبووایە کەسانێك بن سوارچاك بوونایە و بەرگەی هێلاکی و ماندووبوونی ڕێگایان بگرتبووایە، واتە کەسانێك بۆ ئەم ئەرکە هەڵدەبژێردران کە خاوەن ناموس و ڕەوشتبەرز بن و هێلاکیی ڕێگا نەزانن و بەرگەی ماندووبوون بگرن. لە لایەکی تر ئەو ئۆڵاکانە ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی سەدری ئەعزەم یاخود لە فەرمانگەکانی بریکار و وەزیرەکان کاریان کردووە، بەم شێوەیەش خاوەن ئەزموون بوون. لەم ڕوانگەوە کەسانێکی ڕەوشتبەرز و لە دابونەریتی دەوڵەت شارەزا بوون، بە جۆرێك لە ڕووی ڕەوشت و جموجۆڵەوە هەردەم لەژێر کۆنترۆڵدا بووە و بە کاروبارەوە سەرقاڵ بوونە. لە بارەی گۆڕینی شوێنی ئۆڵاکەکان، ئەوا بەگوێرەی حوکمی ئۆڵاك دیاری دەکرا، واتە کاتێك ئۆڵاکەکان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەڕۆیشتن، کە دەگەیشتنە شوێنەکە واتە مەنزیلەکە ناوی ئۆڵاکەکە، ئەو فەرمانگەی کە ناردوویەتی، لەبەر چ هۆکارێك گەشتی کردووە، بە فەرمانی کێ گەشتەکەی ئەنجام داوە، چوون و گەڕانەوەی هەیە یاخود نییە، یەکەم مەنزیل کە تێدا بەڕێ کەوتووە و ناوی ئەو مەنزیلەی بۆی دەچێت لەگەڵ ناوی گەشتیارەکە (سوریچیەکە)؛ گشت ئەم زانیارییانە لە دەفتەری ئینعامات (دفتر الانعامات) دەنووسرایەوە، بەم شێوەیەش ئەو ئۆڵاکانەی دەهاتن و دەڕۆیشتن؛ تۆماریان دەبوو. جگە لەم زانیارییانە، کرێی ئەو بارگیرانەش کە ئۆڵاکەکان لە مەنزیلەکان وەریاندەگرت؛ لە دەفتەرەکانی نائیب (نائیب دفترلەر) دەنووسرایەوە .(Halaçoğlu, 1995:170)

---

[٦٤] ڕۆژی هزر: ڕۆژی خدر لەز لە ٦ی مایس تا ٨ تشرینی دووەم دەگرێتەوە .(Parlatır, 2011: 1422)

بە شێوەیەکی گشتی هەواڵگەیاندن لەنێوان مەنزیلەکان بەم شێوەیە دەبوو: هەواڵێك یاخود فەرمانێك کە لە مەرکەزەوە دەردەچوو؛ بە ڕێگەی ئوڵاکێکەوە بۆ دوا مەرکەز دەنێردرا، کاتێك ئوڵاکەکە دەگەیشتە مەرکەزێك؛ لە مەرکەزەکە دەمایەوە، ئەم جارە هەواڵەکە یاخود فەرمانەکە بە ئوڵاکێکی تر بۆ مەرکەزەکەی دوای ئەو مەرکەزە دەچوو، بەم شێوەیە هەواڵەکە یاخود فەرمانەکە دەگەیەنرایە شوێنی مەبەست. لەم بارودۆخەدا لە یەکەم مەرکەز واتە مەنزیل؛ یەك ئوڵاك کەمی دەکرد، لە دوا مەرکەزیش یەك ئوڵاك زیادی دەکرد، بەڵام هەر کاتێك بە پێچەوانەوەی مەرکەزەکە هەواڵێك بنێردرابوویایە؛ ئەو کاتە بارودۆخەکە دەگۆڕا، هەواڵی زۆر گرنگ و نهێنیی یەك ئوڵاك بەکار دەهات. لە مەرکەز واتە مەنزیلەکانیش ئەسپەکانی دەگۆڕی و دەحەسایەوە، ئینجا ئەو هەواڵە گرنگ و نهێنییەی دەگەیاندە شوێنی مەبەست (Güneş, 2008:3).

لەنێوان ساڵانی ١٧٦٨-١٧٧٠، لە مەنزیلی هەولێر بە هەژماری جیاواز بارگیر دراوەتە ئوڵاکەکان. ئەو بارگیرانەی دراوەتە ئوڵاکەکان؛ ژمارەیان بەگوێرەی گرنگیی کارەکە گۆڕاوە، بۆ نموونەش؛ لەم ساڵانەدا ٨ بارگیر دراوەتە چاوشی ساڵیانەی یەنیچەری، دیسان لە هەمان ساڵ یەکێکی تر لە چاوشی ساڵیانەی یەنیچەری؛ ١٤ بارگیری وەرگرتووە، هەروەها ژمارەی ئەو بارگیرانەی دراوەتە سیلاحشۆری تایبەتی؛ لەنێوان ١٨-٢٠ گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، چونکە ئەرکەکە گرنگ بووە، بۆیە ژمارەی بارگیرەکانیش زیاتر بووە، ئەم ئەرکانە لەژێر دەسەڵاتی پاشا بوونە و ئەو کەسانەن کە لەلای پاشا وەکوو پارێزگار بەکار هاتوون (BOA, C.NF., 42/2080).

6.7. کانزاکان

لە دەوڵەتی عوسمانی، هەموو جۆرە کانزایەك سەر بە دەوڵەتە. دەوڵەت لە هەر شوێنێك سەرچاوەی کانزای لێ بێت، ئەوا بە موقاتەعە هەژماری دەکات. بە شێوەیەکی گشتی کانزاکان لەلایەن کەسانێکەوە بە ڕێگەی ئیلتیزام بەڕێوە دەبرا کە لێهاتوو و شارەزا بوون، ئەگەرچی لە هەندێك حاڵەتدا بە شێوازی ئەمانەت بەڕێوە دەبرا، بۆ نموونە؛ لە سەدەی ١٨ی نیوەی دووەم لە گوموشخانە کانزاکان بەم شێوەیە کاری پێ دەکرا، لە وڵات؛ ئاسن، مس، زێر، زیو، قورقوشم و خوێ زۆر کانزای تر خەواندنی هەبووە، بەڵام کانزاکانی زێڕ و زیو کانزایەك نەبوون کە پێداویستیی ئیمپراتۆریەت پڕ بکەنەوە (Ünal, 2012: 206-207).

سەرەتا کانزاکان بەگوێرەی ویست و خواستی پیشەکارانی دەوڵەتی عوسمانی پێشکەش دەکرا و کانزاکان بەگوێرەی کارپێکردنی پیشەکاران دابەش دەکرا. ئەوەی لە بەڵگەکان ئاماژەی پێ کراوە لە هەولێر، لە ڕووی کانزاوە شوێنێکی گرنگ و دەوڵەمەند بووە. لە دوو بەڵگەدا ئاماژە بەوە دەکات لە دەوروبەری هەولێر کانزای زێڕ دۆزراوەتەوە.

بەگزادەیەکی فەرەنسی- بۆ عێراق گەشتی کردووە، ئەو ڕاپۆرتەی کە بۆ وڵاتەکەی ناردوویەتی؛ باسی کردووە خودی خۆی سەرەتا بۆ بەغداد و موسڵ ڕۆیشتووە، دواتر ڕووی کردۆتە سەردانی کەرکووك و هەولێری کردووە، لەو کاتەدا لە ناوچەکە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی کردووە، لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی دەرکەوتووە لە هەولێر کانزای زێر هەیە، بە چاوی خۆی بینیویەتی و ئەو جۆرە کانزایە لە ئەمەریکاش دەردەهێنرێت و بە خەرجییەکی کەم دەردەهێنرێت، واتە تێچووی دەرهێنانی کەمە، بەمەش سوودێکی زۆری بۆ وڵات دەبێت. ئەوەی بەگزادە فەرەنسییەکە لە ڕاپۆرتەکە نووسیویەتی؛ لە ڕووبارەی قەزای هەولێر ناوە ناوە بە قەت تەنکی کاغەز پارچەی زێڕ دەردەکەوێت، بەتایبەتی کاتێك ئاوی ڕووبارەکە کەم دەکات، کە ئەم زێڕانە زۆر بەڕوونی دەبینرێن. زیاتر لەوەش ئەو قسەوباسانەی لەم بارەیەوە لە هەولێر دەکرێت و ڕیوایەتێکی بەهێز هەیە کە کانزایەکی زۆری زێڕ لێرە هەیە، لەبەر ئەوە بە ئاگاداریی نەزارەتی خەزێنەی تایبەتی جەلیلە، ئەندازیاری بەلجیکی؛ موسیو دۆیان، ئەگەر ئەو ئەندازیارەش نەبێت، ئەوا یەکێکی وەکوو ناوبراو لە بابەتی کانزا شارەزا بێت، ئەندازیارێك هەڵبژێردرێت و بڕێکی گونجاویش خەرجیی ڕێگای بۆ دابین بکرێت و بنێردرێتە شوێنەکە، تا توێژینەوە لەسەر کانزاکە بکات و ئەگەر کانزاکە بەبەها و بەنرخ هەژمار بکرێت؛ ئەوا کاری پێویست ئەنجام بدرێت. لەم بابەتەش والیی شارەزوور نووسراوێکی کردووە، هاوپێچ لەگەڵ بڕیارنامەی ئەنجوومەنی عالی تەنزیمات بە سەڵتەنەت ڕاگەیەنراوە (BOA, A.MKT.MVL.,80/70). لە بارەی ئەم بابەتەوە پایەی سەڵتەنەت لە مێژووی ٣ی تشرینی دووەم، ١٨٥٦، نووسراوێکی بۆ نەزارەتی خەزێنەی تایبەتی ناردووە، داوای کردووە لەم بارەیەوە کاری پێویست ئەنجام بدرێت (BOA, A.MKT.MHM., 101/16). لەم دوو بەڵگەیەدا دەردەکەوێت کە هەولێر لە کانزای زێڕ دەوڵەمەند بووە و دەوڵەتە بیانییەکانیش چاویان بڕیوەتە ئەو هەرێمە و جێگەی بایەخی ئەم وڵاتانە بووە.

ئەنجام:

هەولێر لە زۆر ڕووەوە لە شارستانیەت خاوەن ماڵە، بە درێژایی مێژوو بە هۆی ستراتیژیەتی هەڵکەوتەی شوێنەکەی لە ڕووی سیاسییەوە؛ شارێك بووە بۆتە جێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر لە هێزە سیاسییەکان، لە هەمان کاتدا لە خاڵێك بووە لە ڕێگەی هەولێرەوە بۆ موسڵ، کەرکووك و بەغداد ڕۆیشتوون، واتە لەسەر ڕێگای بەیەکگەیشتنی ئەو ناوچانە بووە، لەبەر ئەوەی کەوتبووە سەر ڕێگای ئەو شارانە و لە ڕووی بازرگانییشەوە خاڵی تێپەڕبوونی کاروانی بازرگانی بووە، ئەمەش وای کردبوو گرنگ بێت و هێزەکەی زیاتر بێت. هێزی گەیاندنی ئەو شارە وای کرد ئەگەر دەرەنگیش بێت شارستانیەت و لە پێشووەچوونەکان بێبەش نەبێت و بە ڕێگەی گەیاندنەوە پێی بگات. ئەم بارودۆخە وای کردووە لە لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری؛ پێشووەچوونی خێرای بەخۆوە بینیوە. بەردەوام لە پێشووەچوون بووە و گۆڕانکاریی بەسەر هاتووە، هەروەها ژمارەی دانیشتووان لە زیاد بوون بووە، هۆکاری بازرگانییش و کاروانی بازرگانییش بۆتە شوێنی مرۆڤ و گەشتیاران.

هەولێر کەوتۆتە ژێر فەرمانڕەوایی زۆر وڵاتی ئیسلامی، وەکوو دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی، بە هەمان شێوە کەوتۆتە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان، ئەم فەرمانڕەواییەش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بووە. لە سەدەی ١٦ هەرکە هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان لە لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کارگێڕی چۆتە بوارێکی نوێ و جیاواز. ئەو شارەی کە تەنیا خاوەن قەڵایەك بووە، لەگەڵ ئەوەی کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان؛ لە ڕووی ژمارە و سنوورەوە فراوان بووە، لە ڕووی کارگێڕییەوە هەولێر فراوانبوونێکی ئاوای بەخۆیەوە بینی، لە سەردەمی عوسمانی کرا بە قەزا، ئەمەش لەو بەڵگەنامانەی کە بەکار هاتوون، بەتایبەتی ئەو بەڵگەنامانەی کە کارگێڕین ئەو زانیارییانەی تێدا ڕوون دەبێتەوە، کە بەڵگەکانی سەر هەولێر زۆربەیان بابەتی کارگێڕین و کاروباری کارگێڕیی ئەو سەردەمە یاخود باس لە ئەرکی فەرمانبەران و وەرگرتنی پلە و گۆڕانکارییەکان دەکات و نووسراوەکان باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات.

ئەو کاتانەی یاخود سەردەمانەی کە هەولێر لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان دەرچووە و دوور بووە، بەڵام لە ڕووی کارگێڕییەوە پەیوەندیی نەپچڕاوە، بەتایبەتی لە بارەی ئەرکی فەرمانبەر دامەزراندن یاخود وەرگرتنی، داواکردنی مووچە، هەروەها گشت کاروباری کارگێڕیی ڕۆژانە بە ڕێگەی ئەیالەتەکانی موسڵ، بەغداد یاخود شارەزوور لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی کە مەرکەزەکەی لە ئەستەنبوڵ بووە، بە ناردنی

نووسراوێك ئەم كارانە جێبەجێ دەكرا. تەنانەت لەم سەردەمانەدا ئەو بابەتانەی كە هەستیار و بەپەلەش بوو، پەیوەندیی بە دادگا و بڕیاردان بوو؛ لە هەولێر وەرگیراوە، لە ئەیالەتی موسڵ یان بە بەغداد كۆمسیۆنی بۆ دامەزراوە، بە هەمان شێوە لە لایەنی ئابووریشەوە پەیوەندیی نەپچڕابوو، بۆ كاروبارەكان تا پرس بە مەركەز نەكرابووایە؛ ئەوا هیچ كارێك بەڕێوە نەدەچوو. هەر چی بابەتە بەپەلەكان بوو، ئەوا حەواڵەی ویلایەتی موسڵ دەبوو. مووچەی فەرمانبەر و سەربازان لە داهاتی موسڵ دابین دەكرا، هەر چی دواتر لە مەركەز حكومەت لە خەرجكردنی پارەكە ئاگادار دەكرایەوە. لەم بارودۆخەدا ئەو هۆكارەی دەبووە هۆی دروستبوونی گیروگرفت، ئەوا دووریی نێوان هەولێر و ئەستەنبوڵ بوو، ببووە هۆكارێك بۆ دڕەنگ جێبەجێكردنی ئەو فەرمان و بڕیارانەی دەردەكرا و وەردەگیرا، چونكە ئەو بڕیار و فەرمانانە دڕەنگ دەگەیشتنە شوێنەكە.

هەولێر لە ڕووی پەروەردە و فێركردنیشەوە لە سەردەمی عوسمانی لە ئاستێكی بەرز بوو، سەرەتا بۆ خوێندن جامیعەكان بەكار هاتبوون. لەو شوێنانە ئەو خوێندن و پەروەردە دینییەی دەدرایە خەڵك؛ گەیشتبووە ئاستی ویستی خەڵك و ژمارەی قوتابیان زیادی كردبوو، لەگەڵ ئەمەش خوێندنگەی ئازاد دامەزرا، ئەم خوێندنگایانە مامۆستایان لە هەولێر و دەوروبەری دابین دەكرد. زۆربەی كات شاری هەولێر خەرجیی پەروەردە و خوێندنی لە ناوخۆ دابین دەكرد، دروستكردنی خوێندنگە و نۆژەنكردنەوەی ئەوەی پێویست بوو لە پارەی ناوخۆ كۆ دەكرایەوە. ئەوانەی لە لایەنی پەروەردەوە كاریان دەكرد؛ بەگشتی مامۆستا و شێخ خاوەن كەسایەتییەكی بەرز بوون، لە ڕووی مادەی و مەعنەوییەوە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری دەكران. دەوڵەت زۆربەی كات ئەوانەی لە لایەنی پەروەردەوە خزمەتیان دەكرد، گەنم و جۆی پێ دەدان و هاوكاریی دەكردن.

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی تری شاری هەولێر؛ بوونی پێكهاتەی نەتەوەیی جیاواز بوو، كورد، توركمان و عەرەب لەم شارە ژیاون. جگە لە نەتەوە، لە ڕووی ئایینەوەش لە پێكهاتەی جیاواز پێك هاتبوون: مەسیحی، یەهوودی و ئیسلام، گشتی وەكو خاوەن ماڵ بەیەكەوە دەژیان، بەڵام هەر گرووپێكی بەرادار لە گەڕەكێك دەژیان، واتە گەڕەكی تایبەت بە خۆیان هەبوو، دابونەریت و كەلتووریان لەگەڵ مۆسڵمانان جیاواز بوو. لەم ڕۆژگارەماندا لە هەولێر یەهوودی بەرچاو ناكەوێت، بەڵام تا ئەمڕۆ گەڕەكی تەعجیل ماوە، كە پاشماوە و شوێنەواری یەهوودییەكانە و بەڵگەیە بۆ بوونی یەهوودییەكان. هەر چی مەسیحییەكانە؛ پێشووتر لە گوندێك دەژیان بە ناوی عەنكاوە، تێدا نیشتەجێ ببوون و عیبادەتی خۆیان لەم گوندە دەكرد، ئێستاش بۆتە ناحیە و هەر لەژێر ناوی

عەنکاوە لە ژیانیان بەردەوامن. ئەم پێکهاتە جیاوازە و ئایینە جیاوازانە وای کردووە لە ڕووی کەلتوورەوە سەرچاوەی دەوڵەمەندی بێت، ئەم بارودۆخە لە بەڵگەکاندا ناکۆکی و دووبەرەکی نیشان نادات و نەبۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی ناخۆشی. موسڵمانەکان کە ژمارەیان زۆرترە، خەڵکی هەولێر لەسەر مەزهەبی شافیعی بوونە، تا ئەمڕۆش لە ڕووی ئایینەوە دیندارن و خەڵکانێکن خۆیان دەپارێزن، وەکوو سەری ساڵی کۆچی و ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر بۆنە ساز دەکەن و مەلوود ئەنجام دەدەن، ئەو شوێنانەی مەرقەد و پیرۆزن بایەخی پێ دەدەن و سەرنجی خەڵکەکەی ڕادەکێشێت، تەنانەت لەم ڕۆژگارەشماندا ئافرەتان سەردانی ئەو مەرقەدانە دەکەن، بەڵام لەبەر زۆربوونی بیناکاری و فراوانبوونی شارەکە؛ ڕووبەری ئەم شوێنانە تەسك بۆتەوە، زۆربەی کراوەتە بینا و خانوو و باخچە.

لایەنی ئابووریی پێکهاتە؛ هۆکارێکی گرنگە بۆ مانەوەی هەر کۆمەڵگایەك و شارێك، بەتایبەتی ئەگەر کاروبارە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی و بە پڕۆگرام ئەنجام بدرێت، ئەوا بەهایەکی گەورەتر قازانج دەکات. کشتوکاڵ لەسەر سێ زەویی جیاواز لە جۆری دەوڵەت، مووڵك و وەقف ئەنجام دراوە. بە بەکارخستنی ئەو زەوییانە، مووچەی فەرمانبەر و سەربازیی دەوڵەتی پێ دابین دەکرا. ئەو زەویوزارە کشتوکاڵییانە بە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و سوودوەرگرتن لەو زەوییانە و بەکشتوکاڵکردنیان، بە سوودی دەوڵەت شکاوەتەوە. ئەم بارودۆخە وای کرد زەویوزارێکی زۆری کشتوکاڵی بەخاڵی نەمێنێتەوە و قازانجی لێ بکرێت. بە لێکۆڵینەوە لە بەڵگەکان و پشتبەستن بە بەڵگەکان لە سەدەی ١٨-١٩، قەزای هەولێریش کە سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە؛ زەویوزارەکەی سەر بە دەوڵەت بووە یاخود وەقف کراوە، لەگەڵ بەکارخستنی ئەو زەوییانە، مووچەی ئەو سەربازانەی کە لە هەولێر بوونە؛ دابین کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستیی تەکیە و زاویەکانیشی پێ دابین کراوە، بەڵام لە هەولێر لە هەندێك بارودۆخدا زەویوزاری کشتوکاڵی دەوڵەت کە مۆڵکی دەوڵەت بوو، بە ڕێگەی زیادکردن دەدرایە خەڵك و لەبەرامبەر ئەو زەویەش باج دەدرایە دەوڵەت.

ئەوەی لە بەڵگەکان ڕوون کراوەتەوە، هیچ سەرچاوەی ڕووبارێك یاخود ئاوێکی تر لەناو هەولێر نییە و تێناپەڕێت، بۆیە کشتوکاڵی ئەم ناوچەیە پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، ئەو کاتانەی ئاوی باران نابێت؛ پشت بە ئاوی بیر دەبەسترێت، بۆ نموونە؛ بۆ ئاودانی دەغڵودانی گەنم، پشت بە ئاوی جۆگەکان دەبەستن. ئەو کاتەی سەیری بەرهەمهێنان و بازرگانیی شارەکە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە خاڵێکی

گرنگی گەیاندنە، بەڵام جگە لە گەنم و جۆ؛ بەروبوومی تری نەناردۆتە دەرەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ئەو شارە زیاتر خاڵی تێپەڕبوون و گەیاندن بووە، نەك ناردنەدەرەوەی بەروبوومی ناوخۆ. بە هۆی ئەم خاڵەوە، هەولێر شوێنی ساغکردنەوەی بەروبوومەکانی دەرەوە بووە، واتە هەولێر بۆتە بازارێك بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومی هاوردە، بەم ڕێگایەوە پارێزگاریی لە ژیانی بازرگانیی خۆی کردبوو. لەگەڵ دەرخستنی بوونی ماددەی کانزایی؛ گرنگیی شارەکەی زیاتر کرد، چونکە کانزا هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی ئابووری. بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ کانزا لە هەولێر دۆزرایەوە، بەمەش سەرنجی هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپای بۆ خۆی ڕاکێشاوە، بە ڕێگەی شارەزایانی خۆیان ویستوویانە کانزاکە دەربهێنن، گەیشتبووە ڕادەیەك هەوڵیان دەدا جۆرەکەی دیاری بکەن و دەست بەسەر کانزاکەدا بگرن و بیخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان، بەڵام لە بارەی دەرهێنانی ئەو کانزایانە و ناردنە دەرەوە لە بەڵگەکان؛ شتێکی ئەوەتۆ باس نەکراوە ببێتە بەڵگە.

لەم تۆێژینەوە هەوڵ دراوە زانیاری لەسەر گوند و هۆزەکانی کورد لە بەڵگەکان بدۆزرێتەوە و زانیاریی تێروتەسەل لەو بارەیەوە بەدەست بهێنرێت، کە هەندێك لەم گوندانەی ناویان هاتووە؛ وشەی کوردی و تورکین، بۆ نموونە؛ گوندی دوزتەپە و یەدی کزلەر، هەر چی گوندی پیرداود و گردمەلا؛ وشەی کوردی بوونە، کە ئەم گوندانە ئێستاش بە هەمان ناوزەند دەکرێن. جگە لەمە لە ڕووی پێکهاتەوەش هەولێر تا ئێستا لە نەتەوەی جیاواز لە کورد و تورك و عەرەب، دانیشتووانی شارەکە پێك دەهێنن.

لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی سەدەی ١٨-١٩ بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر هەولێر، ئەم شارە لە ڕووی کارگێڕییەوە وەکوو قەزایەك جێگیر کراوە، لە لایەنی کۆمەڵایەتی-کەلتوورەوەش نموونەی شارێکی کلاسیکیی عوسمانییەکان بووە، زۆر دابونەریت و میراتی سەردەمی عوسمانییەکان لەم شارە ماوەتەوە، سەرچاوەی مێژووی ئەو سەردەمەش کاریگەریی لەسەر شارەکە دروست کردووە.

سەرچاوەکان

١. بەڵگەکانی ئەرشیف:

سەرۆکایەتیی ئەرشیفی عوسمانی

DH.MKT. No. 1902/71, 1897/119, 1889/33, 1800/36, 2120/87, 1774/91, 1933/121,1753/92, 316/6, 316/5, 208/57, 294/33, 287/26, 280/32, 285/7, 246/36, 2275/16,2262/71, 2251/21, 2161/78, 2260/12, 1753/92, 1375/64, 1983/23, 2437/32, 2471/65, 2332/21, 2194/78, 340/76, 241/67, 311/4, 2423/9, 184/29, 340/76, 1984/10, 306/7, 2180/16, 1841/78, 1926/66, 2014/4, 223/43, 314/24, 377/68, 1896/119, 1790/133.

Y.PRK.SH. No. 3/19.

İ.ML. No. 16/61.

A.MKT. No. 144/78.

Y.PRK.ASK. No. 62/7.

Y.PRK.UM. No. 17/83.

A.E.III.OSMAN. No. 1133.

İ.TAL. No. 104/33.

A.DVN. No. 95/85.

MVL. No. 751/10, 336/17, 759/91, 309/40, 773/63, 350/57, 124/80, 528/9, 346/37,771/28, 762/103.

A.MKT.MVL. No. 99/23, 95/77, 6/37, 83/23, 80/70.

MF.MKT. No. 160/83, 541/16, 344/6, 502/20, 363/48, 466/26, 387/49, 408/54, 129/81.

DH.ŞFR. No. 217/76, 173/38.

Ş.D. No. 933/83, 2461/20, 120/1, 2634/22, 2673/51, 363/64, 2162/49.

A.E.L.ABDÜLHAMİD. No. 340/23761.

C.NF. No. 42/2080, 11/537.

A.MKT.UM. No. 2/46, 296/47, 163/71, 1/46, 323/31.

A.MKT.MHM. No. 286/64, 493/53, 65/20, 141/71, 101/16.

A.MKT.MİTM. No. 440/16.

A.MKT.NZD. No. 168/11, 187/10, 83/5, 379/39, 135/33.
A.E.III.MUSTAFA. No. 106/8079.
Y.PRK.DH. No. 10/97.
DH.TMIK.M. No. 72/3.
İE.EV. No. 69/7507.
C.EV. No. 576/29093.
C.TZ. No. 86/4278, 139/6929, 138/6880.
A.E.III.AHMED. No. 4696/47.
İ.MMS. No. 121/5191.
İ.DH. No. 1375/6.
C.AS. No. 66/3132, 1149/51065.
İE.TCT. No. 23/2422.
HR.MKT. No. 147/69.
A.E.I.MAHMUD. No. 7991.
C.AS. No. 36713.

٢- سەرچاوە مێژووییەکان:

البلاذری، ٢٠٠٠. امام ابی الحسن احمد بن یحیی جابر، فتوحات البلدان، طبعه الاولی، بیروت، ص ٢٨٦.
الحمیری، ١٩٨٤. محمد بن المنیم الحمیری، الروض المعتار في خبر الاقطار، طبعه الثانیه، بیروت، ص ٧٤٥.
القزوینی، بدون سنه، زکریا بن محمد بن محمود القزوینی، اثار بلاد في اخبار العباد، بیروت، ص ٦٦٧.
ابن خلدون، ٢٠١٠. عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون، متوفي ٨٠٨ هیجری، تاریخ ابن خلدون، جزء ٥، طبعه الاولی، لبنان، ص ٥٧٦.
ابن خلکان، ١٩٩٨. ابوالعباس احمد بن محمد بن ابراهیم بن ابوبکر بن خلکان، وفیات الاعیان و انباء ابناء الزمان، جزء ١، دارالکتب العلمیه، بیروت-لبنان، طبعه الاولی، ص ٤٣١.

_____، ١٩٩٨. ابوالعباس احمد بن محمد بن ابراهیم بن ابوبکر بن خلکان، وفیات الاعیان و انباء ابناء الزمان، جزء ٢، دارالکتب العلمیه، بیروت-لبنان، طبعه الاولی، ص ٤٤٨.

_____، ١٩٩٨. ابوالعباس احمد بن محمد بن ابراهیم بن ابوبکر بن خلکان، وفیات الاعیان و انباء ابناء الزمان، جزء ٣، دارالکتب العلمیه، بیروت-لبنان، طبعه الاولی، ص ٥٥٢.

ابن کثیر، ٢٠٠٣. امام الحافظ ابوفداء اسماعیل ابن کثیر القریشی الدیمشقی، البدایه و النهایه، جزء ١٣، دارالفجر التراث، طبعه الاولی، القاهره، ص ٣٦٨.

ابن اثیر، ٢٠٠٩. عزالدین ابو الحسن علی بن محمد بن محمد بن عبدالکریم الجزری الشیبانی، الکامل في التاریخ، جزء ١١، لبنان، ص ١٤٢٥ -٢٨٣١.

_____، ٢٠٠٩. عزالدین ابو الحسن علی بن محمد بن محمد بن عبدالکریم الجزری الشیبانی، الکامل في التاریخ، جزء ١٢، لبنان، ص ١٤٢٥-٢٨٣١.

یاقوت الحموی، ١٩٩٥. شیخ امام شهاب الدین ابن عبدالله یاقوت بن الحموی الرومي البغدادی، جزء ١، مجامیع البلدان، بیروت، طبعه الثانیه، ص ٥٤٠.

MUSUL VİLAYET SALNAMESİ, 1308.

MUSUL VİLAYET SALNAMESİ, 1312.

MUSUL VİLAYET SALNAMESİ, 1330.

٣- سەرچاوە و توێژینەوەکان:

AKPINAR, M., 2002. “Reji Uygulamalarına Bir Tepki: Tütün Kaçakçılığı”, Türkler, C.14, Yeni Türkiye Yay., Ankara, ss.305-312.

ALTUN, M., 1995. Osmanlı Tütün Tekeli, Yüksek Lisans Tezi, Ankara Üniversitesi,Ankara, 88s.

ARTUK, İ., 2007. “Nişan”, Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 33, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul, ss.154-156.

ATAR, F., 1995. ”Fetva”, İslam Ansiklopedisi, C.12, İstanbul, ss.486-496.

AYDIN, M., 1994. “Osmanlıda Hukuk”, Osmanlı Devleti ve Medeniyeti Tarihi, C. 1,İstanbul, ss.375-438, 868s.

AYDIN, F., 2000. Tarikatta Rabıta ve Nakşibendilik, Süleymaniye Vakıfı yay., İstanbul, 326s.

AYDÜZ, S., 2012. "Tophane", Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 41, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul, ss.253-256.

BALTACI, C., 2004. "Mektep", Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 29, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul, ss.6-7

BEŞİRLİ, M., 2005, Orta Karadeniz Kentleri Tarihi I Tokat (1771-1853), 1. Baskı, Tokat, 464s.

BOZKURT, N., 2004. "Mektep", Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 29, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul ss.5-6.

_____, 2006. "Müderris", Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 31, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul, ss.467-468.

ÇADIRCI, M., 1991. Tanzimat Döneminde Anadolu Kentlerinin Sosyal ve Ekonomik apıları, Türk Tarih Kurumu Yay., Ankara, 410s.

DEVELLİOĞLU, F., 2008. Osmanlıca-Türkçe Ansiklopedik, Yay. Aydın Kitapevi, 25. Baskı, Ankara, 1218 s.

DOĞRU, H., 1995. 18. Yüzyıla Kadar Osmanlı Kentleri Sosyal ve Ekonomik Görüntüsü, Eskişehir, 279s.

E.ÜÇYİĞİT, "Müfti", 1977. Türk Ansiklopedisi, C. 25, Milli Eğitim Basımevi, Ankara, 506s.

الدميرجى، م.، ٢٠٠٩. هونەرە كەلتوریەكانی قەڵای هەولێر، ئەنسكلۆپیدیای هەولێر، بەشی ٢، چاپی یەكەم، لوبنان، لا ٨٣٢ -٨٣٦.

الدراجى، ح.، ٢٠٠٩. سیمای جوانی خانووی كەلەپوریەكانی قەڵای هەولێر، ئەنسكلۆپیدیای هەولێر، بەشی ٢، چاپی یەكەم، لوبنان ، لا ٨٣٩-٨٤٦.

العزاوى، ا.، ١٩٣٥. تاريخ العراق بين الاحتلالين، جزء ١، مطبعه بغداد، طبعه الاولى، بغداد، ص ٦٤٤.

_____، ا.، ١٩٤٩. تاريخ العراق بين الاحتلالين، جزء ٤، مطبعه بغداد، طبعه الاولى، بغداد، ص ٣٤٧.
_____، ا.، ١٩٥٥. تاريخ العراق بين الاحتلالين، جزء ٧، مطبعه بغداد، طبعه الاولى، بغداد، ص ٣٣٢.
الجنابي، ح.، ١٩٨٧. مدينه اربيل دراسه في جغرافيه الحضر، موصل ، ص ٢١٥.
الحسني، ا.، ١٩٢٥. رحله في العراق و خاطرات الحسني، مطبعه العصريه، طبعه الثالثه، بغداد، ص ١٥٦.
_____، ١٩٨٢. العراق قديمن و حديثين، طبعه السابعه، بغداد، ص ٣٢٦.
الحيدرى، ا.، ١٩٨٥. التخطيط الحضرى لقلعه الاربيل، بغداد، ٢٠٠ ص.
المنشى البغدادى، م.، ١٩٤٨. رحله المنشى البغدادى في ١٨٢٢، بغداد، ص ١٣٨.
اندلوسي، ب.، ١٩٤٥. رحله بنيامين، ترجمه ا.، حداد، طبعه الاولى، بغداد، ٢٣٤ ص.

ES-SAKKAR, S., 1995. “Erbil”, Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 11, İstanbul, ss.272-273.

EVLİYA ÇELEBİ, 2010. Evliya Çelebi Seyahatnamesi, C. 2, 4 kitap, Haz.: Ali Kahraman, Yücel Dağlı, İstanbul, Yapı Kredi Kültür Sanat Yayıncılık Ticaret ve Sanayi, 1. Baskı, İstanbul, ss.443-918.

GÜNDÜZ, A., 2009, XVI. Yüzyılda Antakya Kazası (1550-1584), Mustafa Kemal Üniversitesi Yay., Antakya, 267s.

_____, 2011. Sicil-i Ahval Defterlerine Göre Kayserili Müslim ve Gayrimüslim Memurların Aldıkları Madalya, Rütbe ve Nişanlar (M. 1879-1909), History Studies, 3/3, ss.123-145.

GÜNEŞ, A., 2008. 18. Yüzyılın İkinci Yarısında Osmanlı Menzil Teşkilatı Ve Karahisar-i Sahib Menzilleri, Afyon Kocatepe Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, C.10, S.(3), ss.35-64.

HALAÇOĞLU, Y., 1991. 18. Yüzyılda Osmanlı İmparatorluğu’nun İskan Siyaseti ve Aşiretlerin Yerleştirilmesi, Türk Tarih Kurumu Basımevı, 2. Baskı, Ankara,
179s.

_____, 1995. XIV-XVII. Yüzyıllarda Osmanlılarda Devlet Teşkilatı ve Sosyal yapı, Türk Tarih Kurumu Basımevi, 2. Baskı, Ankara, 258s.

_____, 2002. "Klasik Dönemde Osmanlı Devlet Teşkilatı", Türkler, C. 9, Yeni Türkiye Yay., Ankara, ss.795-838.

_____, 2012."Ulak", Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 42, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul, ss.77-79.

HAREKAT, İ., 1992. "Berid", Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 5, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul, ss.498-501.

حوسێن، م.، ٢٠١٣. هەولێر لە سەردەمی ئەتابگەکان، چاپخانەی تەفسیر، چاپی دووەم، هەولێر، لا ٤٤١.

İ.PARMAKSIZOĞLU, 1977. "Naib", Türk Ansiklopedisi, C. 25, Milli Eğitim Basımevi, Ankara, ss.78-79.

İPŞİRLİ, M., 1994. "Osmanlı Devlet Teşkilatı", Osmanlı Devleti ve Medeniyeti Tarihi, C. 1, İstanbul, ss.139-278, 868s.

_____, 2006. "Müderris", Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 31, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul, ss.468-470.

اسماعيل، ز.، ١٩٧٠. اربيل في ادوار التاريخيه، نجف، ص ٣٨٤.

_____، ١٩٨٤. علما و المدارس في اربيل، موصل، مطبعه زهره الحديث، ص ١٢٧.

KAFESOĞLU, İ., 1993. Kök-Böri, İslam Ansiklopedisi, C. 6, Mili Eğitim İstanbul, Basımevi, ss.885-892.

KAZICI, Z., 1991. İslam Müsseseleri Tarihi, Kayhan Yay., İstanbul, 336s.

KAYA, H., 2011. XVII. Yüzyılda Osmanlı Toplumunda Akşibendîlik (İstanbul, Diyarbakır, Bursa), yüksek lisans tezi, Ankara Üniversitesi, Ankara, 140s.

KILIÇ, R., 2011. Osmanlı Yönetiminde Irak ve Suriye Tarihi Coğrafyası XIX Yüzyılında İdari Yapısı, İstanbul, 200s.

KOCA, F., 1995. ”Fetvahane”, İslam Ansiklopedisi, C. 12, İstanbul, 549s.

KOCAR, H., 1974. Türkiye’de Moderen Eğitimin Doğuşu ve Gelişimi (1773-1923), 2. Baskı, İstanbul, 272s.

کوردە، م.، ٢٠٠٩. گەرماوی هەولێر، ئەنسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی ٢، چاپی ١، لوبنان، لا ٧٩٩-٨٠٠.

نصار، ا.، ٢٠٠٥. بلديات العراق في العهد العثمانی (١٥٣٤-١٩١٨)، طبعه ١، ص ٣٢٣.

ORTAYLI, İ., 1994. “Tanzimat Devri ve Sonrası İdari Teşkilat”, Osmanlı Devleti ve Medeniyeti Tarihi, C. 1, İstanbul, ss.283-333, 868s.

ÖZCAN, A., 1994. “Osmanlı Askeri Teşkilatı”, Osmanlı Devleti ve Medeniyeti Tarihi,C. 1, İstanbul, ss.337-370, 868s.

ÖZKAYA, Y., 1985. 18. Yüzyılda Osmanlı Kurumları ve Osmanlı Toplum Yaşantısı, Asılmlar Matbaası, 1. Baskı, Ankara, 460s.

ÖZKAYA, Y., 2002., “Kaymakam”, Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 25, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul, ss. 84-85.

PAKALIN, M., 1993. Osmanlı Tarih Deyimleri ve Terimleri Sözlüğü, C. 1, Milli Eğitim Basımevi, İstanbul, 870s.

_____, 1993. Osmanlı Tarih Deyimleri ve Terimleri Sözlüğü, C. 2, Milli Eğitim Basımevi, İstanbul, 784s.

_____, 1993. Osmanlı Tarih Deyimleri ve Terimleri Sözlüğü, C. 3, Milli Eğitim Basımevi, İstanbul, 670s.

PARLATIR, İ., 2011. Osmanlı Türkçesi Sözlüğü, Yargı Yay., Ankara, 2164s.

پەترۆس، ن.، ٢٠٠٩. عەنکاوە، ئەنسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی ١، چاپی ١، لوبنان، لا ٢٤٣-٢٥٠.

_____، ٢٠٠٩. یەزدان دۆخت... شەریفەی ئەربیلی، ئەنسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی ٣، چاپی ١، لوبنان، لا ١٠٤٧ -١٠٥١.

رسول، ا.، ٢٠٠٥. اربيـل دراسـه تـاريخيه في الفكـرى و السـياسي (١٩٣٩-١٩٥٨)، مطـبعه بينايي، سليمانيه، ص ٤١٣.

SAHİLLİOĞLU, H., 1991. Osmanlı Döneminde Irak'ın Idari Taksimatı, Çev: M., Öztürk, Belleten, Türk Tarih Kurumu Basımevi, Ankara, S.(211), ss.1233-1257.

SAYDAM, A., 2014. Osmanlı Medeniyeti Tarihi, 1. Baskı, İstanbul, 578s.

SERTOĞLU, M., 1986. Osmanlı Tarih Lüğatı, Enderun Kitabevi, İstanbul, 384s.

SÖYLEMEZ, F., 2007a. Osmanlı Devletinde Aşiret Yönetimi Rişvan Aşireti Örneği, Kitabevi, Bayrak Matbaası, 1. Baskı, İstanbul, 323s.

_____, 2007b. XVI. Yüzyılda Pağnik Nahiyesi, Türk dünyası araştırmaları, S.(171), ss.201-240.

_____, 2013. Rişvanzade Ömer Paşa'nın Besni'deki Vakfı, Vakıflar Dergisi, S.(40), ss.87-98, 247s.

ستريج، م.، اربيل، جزء ٢، دار المعارف الاسلاميه، قاهره، ص ٦١١.

ŞEMSEDDİN SAMİ, 1306. Kamusü'l-Alam, C. 2, Mihran Matbaası, İstanbul, ss.803-1600.

_____, 1989. Kamus-ı Türki, Enderun Kitabevi, İstanbul, 1574s.

TABAKOĞLU, A., 2009. Türkiye İktisat Tarihi, dergah Yay., 9. Baskı, İstanbul. 439s.

UZUNÇARŞILI, İ., 1984. Osmanlı Devleti Teşkilatından Kapukulu Ocakları, C. I, Türk Tarih Kurumu Basımevi, Ankara, 755s.

_____, 2011. Osmanlı Tarihi, Ankara, Türk Tarih Kurumu Basımevi, C. 4, 1.Bölüm, 7. Baskı, Ankara, 687s..

ÜNAL, M., 2011. Osmanlı Tarih Sözlüğü, İstanbul, Paradigma Yay., 1. Baskı, İstanbul, 758s.

_____, 2012. Osmanlı Sosyal ve Ekonomik Tarihi, Paradigma Yayıncılık, İstanbul, 248s.

_____, 2013. Osmanlı Müesseseleri Tarihi, Yay., Fakülte Kitabevi, 10. Baskı, İsparta, 262s.

Y.Ö., "Rütbe", 1978. Türk Ansiklopedisi, C. 27, Milli Eğitim Basımevi, Ankara, 504s.

YILMAZ, F., 2005. Osmanlı İmpratorluğunda Tütün: Sosyal, Siyasi ve İkonomik Tahlili (1600-1883), Doktora Tezi, Marmara Üniversitesi, İstanbul, 333s.

_____, 2012. "Tütün", Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, C. 42, Güzel Sanatlar Matbaası, İstanbul, ss.1-4

YÖRÜK, D., 2009, XVI. Yüzyılda Ereğli Kazası, 1. Baskı, Konya, 240s.

٤. سەرچاوەی ئینتەرنێت:

ÖZTÜRK, M., KESKİN, N., 2013. Tütün Sektöründe Yabancı Yatırım: Reji Deneyimi Işığında Bugünü Anlamak, Çalışma ve Toplama Yay., ss.91-118.
http://calismatoplum.org/sayi37/ozturk-keskin.pdf (Erişim Tarihi:10.12.2014 Saat:18:45)

YAZILCI, N., 1989. "Tanzimatta Haberleşme Ve Kara Taşımacılığı", 150'nci Yıldönümünde Tanzimat Ekonomisi Sempozyumu'nda Yayındı, Marmara
Üniversitesi, ss.333-377.
dergiler.ankara.edu.tr/dergiler/19/835/10579.pdf. (Erişim Tarihi:12.12.2014 Saat:21:00)



پاشکۆی ژمارە (١)

EK-1. BOA, C.AS., 36713



پاشکۆی ژمارە (٢)
BOA, AMKT. UM., 296/47: 1274



پاشکۆی ژمارە (٣)

BOA, A.E.III.MUSTAFA., 106/8079:1177



پاشکۆی ژمارە (٤)

BOA, C.NF, 11/537: 1189



پاشکۆی ژمارە (٥)

کتێبە چاپکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی

١. دڵشاد مەحموود عەبدوڵڕەحمان، بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوک (١٩٢٥-١٩٥٧)،چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠١٩.

٢. ئاشتی ڕەحمان بەکر، هەولێر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا(سەدەکانی ١٨-١٩)، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠١٩.

٣. هەورامان فەریق کەریم، یادەوەری و دادوەری، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠١٩.

٤. خانەقین لە بەڵگەنامەکانی ئێراندا، ئامادەکردن: کاروان عوسمان خەیات، وەرگێڕان: جووتیار عوسمان، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠١٩.

٥. ڕۆژنامەی باسەڕە ١٩٤٢، خاون و سەرنوسەر: شاکر فەتاح، لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن: هۆگر ستار قەمەری و بەختیار شەریف قوربانی،چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠١٩.

٦. سەیید عەبدوڵڕەحمان سەیادەت، ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سەیادەت لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستاندا، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠١٩.

٧. بیبلۆگرافیای نامەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن: عەدنان عەبدولقادر هەورامی، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠١٩.

٨. سۆران بەها ئەحمەد، کشتوکاڵ و خۆراک لە هەرێمی چیا لە سەدەی (چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی)دا، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠١٩.

٩. صالح أمير عزيز، أعلام علماء الكورد و مصنفاتهم فى السنة خلال القرون السادس و السابع و الثامن للهجرة، طبعة الاول سليمانية، ٢٠١٩.

١٠. ياسين طه محمد، الأديان و المذاهب و العقائد في كردستان خلال العصر ـ الوسيط الاسلامي، طبعة الاول سليمانية، ٢٠١٩.

١١. هَردی مهدی میکە، سیاست ایران در قبال کُردها١٢٩٩/١٣٢٠ش، چاپ اول سلیمانیه، ٢٠١٩.

سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی
ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی

ناوەندێکی بەڵگەنامەیی-دۆکیۆمێنتکردن و توێژینەوەی ئەکادیمیی سەر بە زانکۆی سلێمانییە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨ دامەزراوە و کار دەکات لە هەر چوار ئاستی ئەرشیفی: ١. دۆکیۆمێنتکردن (التوثیق) و دۆکیۆمێنتپارێزی، ٢. کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنتی ناوخۆ و دەرەوە و ئەرشیفی ڕۆژنامەوانیی کوردستان، ٣. دەستنووسەکانی کوردستان (کۆکردنەوە و پاراستن)، ٤. کۆکردنەوەی مێژووی زارەکی (لە پێناو پاراستنی مێژووی نەنووسراوەی هاوچەرخی کلتووری کوردستان)، هەروەها بنیاتنانی کتێبخانەیەکی دیجیتاڵی (نووسراو، وێنەیی و دەنگی) بۆ هەرسێ ئاستەکەی پێشوو و ئەنجامدانی توێژینەوە تیایاندا، سازکردنی کۆنفرانس، چالاکی و دەرکردنی گۆڤارێکی زانستیی تایبەت بەو بوارانە (لە داهاتوودا) و چاپ و بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە، دەستنووس و کتێب.

دیدگا و گرنگیدان

ئەم ناوەندە لە هەوڵدایە کە ئەرشیفێکی هاوچەرخ و دیجیتاڵ و کاغەزیی بۆ خزمەتی نیشتیمانسازیی کوردستان بخاتە بەر دەستی خوازیار و توێژەر و خوێندکاری کورد.

گرنگیی دەدات بە کۆکردنەوەی هەر جۆرە دەستنووس، بەڵگەنامە و وێنەیەک کە پەیوەندیی بە مێژوو و کەلتوور و کۆمەڵگای کوردستانەوە هەبێت.

لە پێناو بەشداریکردن لە زیادکردن و پاراستنی سەرچاوەکانی مێژووی کوردستان لە هەوڵدایە و لە چوارچێوەی بنیاتنانی "دیدگایەکی نیشتمانیی کوردستانیانە" کار دەکات بۆ گێڕانەوە و نووسینەوەی مێژوو و کلتووری کۆمەڵگەی کوردستان و دەیەوێت ئەم ئامانجانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدە زانستییەکان، میتۆدی فرەپسپۆڕیی و هاوبەش و هەروەها فرەڕەهەندیی زانستییەوە مسۆگەر بکات.

لە ئێستادا خاوەنی هەزاران بەڵگەنامە، دەستنووس و کاسێتی تۆمارکراوی ئەلکترۆنی و ئۆرجینااڵە و سەرقاڵی داخڵکردنی ئەو ئەرشیفەیە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دیجیتاڵی کە هەم ڕانیان بۆ دەکرێت و هەم گەڕان و پشکنینی ئەرشیفەکان ئاسانتر و هاوچەرختر دەکات.

ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە زانکۆی سلێمانی
ناونیشان: هەرێمی کوردستانی عێراق/سلێمانی/سەرەتای شەقامی مەولەوی - بەرامبەر سلێمانی پاڵاس و باخی گشتی - بینای پێشووی سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی - خوار قایمقامیەتی سلێمانی.

www.univsul.edu.iq/kurdistan-car Email:kcdr@univsul.edu.iq
www.facebook.com/kurdistanCDR/ @t.me/kcdar